هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی مێژوو

# سیستەمی کارگێڕی جێبەجێکاری دەوڵەتی مەروانی

وەرگیراوە لە نامەی ماستەر (سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی /٣٨٠-٤٨٩ك/ ٩٩٠-١٠٩٦ز)

ئامادەکردنی
**پ.ی.د. عطا عبدالرحمن محي الدين**
**ديمن حسيب أحمد**

١٤٣٨کۆچی ٢٠١٧زایینی ٢٧١٧کوردی

# پێڕست



| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| أ | پێڕست |
| ب | پێشکەش |
| ج | باسی یەکەم: سیستەمی کارگێڕییە تایبەتمەندەکان لەسەر ئاستی شارەکانی دەوڵەتی مەروانی |
| ١-١٠ | ١- فەرمانڕەوا (والي) |
| ١-٨ | یەکەم: فەرمانڕەوا لەسەر ئاستی کارگێڕی شار (فەرمانڕەوای شار) |
| ٨-١٠ | دووەم: فەرمانڕەوا لەسەر ئاستی کارگێڕی قەڵا (فەرمانڕەوای قەڵا) |
| ١١-٢٥ | ٢- دادوەری (قضاء) |
| ١١-١٣ | پۆستی دادوەری |
| ١٣-١٦ | أ- دەست نیشانکردنی دادوەر و بنەماکانی |
| ١٦-١٧ | ب- ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی دادوەر |
| ١٧-١٨ | ج- دادوەریکردن لەسەر ئاستی شارەکان |
| ١٨-٢٣ | د- پێگە و دەسەڵاتی دادوەر |
| ٢٣-٢٤ | هـ- لابردن و سزدانی دادوەر |
| ٢٥-٢٨ | ٣- شێخی بازاڕ |
| ٢٩-٣٢ | ٤- وتاردان (الخطابة) |
| ٣٢-٥٧ | باسی دووەم: سیستەمی کارگێڕی دەزگا گشتییەکانی دەوڵەتی مەروانی |
| ٣٤-٣٥ | ١- دەزگای (الطِراز) |
| ٣٥-٣٦ | ٢- کارگێڕی دراو (العملة) |
| ٣٦-٤١ | ٣- دیوان |
| ٤٢-٤٧ | ٤- ئەوقاف |
| ٤٨-٥٢ | ٥- پۆلیس (الشرطة) |
| ٥٣-٥٦ | ٦- بەڕێوەبەرایەتی شورە |
| ٥٧ | ئەنجام |
| ٥٨-٦٦ | لیستی سەرچاوە و ژێدەر |

## پێشەکی

جیاوازیەکانی مرۆڤ لە روانگەی بیروتێروانین و زمان و رەنگ و رەچەڵەك و چەندەها لایەنی تر, لە چوارچێوەی دەوڵەتێك دا رێکدەخرێن و بەرێوەدەبرێن ,کەبەسیستەمی کارگێری گشتی ناودەبرێت و بەشێوەیەکی گشتی لەسێ ئاستی سەرەکی کارگێری پێکهاتووە,کەبریتین لەئاستەکانی کارگێری بالآو ناوەندو جێبەجێکار.

دانیشتوانی هەرێمی جەزیرەش بەگشتی وەك بەشێك لەدانیشتوانی وڵاتی کوردان لە سەدەکانی ناوەراستدا لەچوارچێوەی دەوڵەتی مەروانی (٣٨٠-٤٨٩ك|٩٩٠-١٠٩٦ز ) بەرێوەبراون لەرێگەی سیستەمی کارگێریەوە ئەو جیاوازیە ئاینی و نەتەوەی و زمانیانە رێك خراون و بەرێوەبراون , و هەمان ئەو ئاستە کارگێریانەیانەی دەوڵەت بوونە کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە,ئەمانەش کۆڵەکەی سەرەکی دەوڵەتدارین و دابینکەری پێداویستی و خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسایشی ژیانی هاولآتیەکانن .

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بۆیە بە پێویستمان زانیوە باس لە یەکێك لەو ئاستە کارگێریانە بکەین , کە ئەوەش بریتیە لە ئاستی کارگێری جێبەجێکاری دەوڵەتی مەروانی , کە تەواوکاری دوو ئاستەکەی تری سیستەمی کارگێری دەوڵەتەکەن , بەدووباس تیشك دەخەینە سەر ئەم ئاستە,باسی یەکەمی بریتیە لە سیستەمی کارگێری تایبەتمەندەکان لەسەر ئاستی شارەکانی دەوڵەتی مەروانی پێکهاتووە لەپۆستەکانی (فەرمانرەوای شارو قەلآ ,دادوەر,شێخی بازار,ووتارخوێن) .

باسی دووەمیش بریتیە لە باسکردنی سیستەمی کارگێری دەزگاگشتیەکانی دەوڵەتی مەروانی , ئەمەش دەزگاکانی( الگراز-پۆشاکی نەخشێنراو) و کارگێری دراو و دیوان و ئەوقاف و پۆلیس و شورە) دەگرێتەوە.

بۆ ئەم توێژینەوەیەش سودمان لە سەرچاوەی جۆرارو جۆر وەرگرتووە ,کە لە لیستی سەرچاوە ناومان بردوون ,کە زانیاریەکانمان بە ئەستەم دەست کەوتووە تیاندا , چونکە ئەم باسە کەم بایەخ بەباسکردنی دراوەو کەمترین زانیاری تایبەتمەندی لە بارەوە تۆمارکراوە, ئەمەش بۆشای مێژووی سیستەمی کارگێری دروست کردووە ,بۆیە هەوڵمانداوە ئەو بۆشاییە پربکەینەوە.

# سیستەمی کارگێڕی جێبەجێکاری دەوڵەتی مەروانی

## باسی یەکەم: سیستەمی کارگێڕییە تایبەتمەندەکان لەسەر ئاستی شارەکانی دەوڵەتی مەروانی

١- فەرمانڕەوا (والي).

٢- دادوەری (قضاء).

٣- شێخی بازاڕ (حسبة).

٤- وتاردان (الخطابة).

## ١- فەرمانڕەوا (والي)

فەرمانڕەوا (والي) ئەو کەسە کارگێڕییە کە کاروباری شوێنێك بەڕێوە دەبات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، خاوەن فەرمانە لەو شوێنەی بەڕێوەی دەبات. هەندێك کات لە فەرمانڕەوای باڵای دەولەتەوە دادەنرێت و دەسەڵاتی پێ دەدرێت لەو شوێنەدا، کە دەتوانین بڵێین هاوشێوەی ویلایەتی (ڕێپێدراو – الأستکفاء) بە پێچەوانەی ئەمەش هەندێك کات لە لایەن فەرمانڕەوای باڵای دەوڵەت دانەنراوە و دەسەڵاتی پێنەدراوە، خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەو شوێنە بەڕێوە دەبات، لە هەندێك کاتدا فەرمانڕەوای باڵای دەوڵەت بە ناچاری دان بە دەسەڵاتیان دادەنێت، کە ئەمەش هاوشێوەی ویلایەتی (زاڵبوو – الأستیلاء)یە[1].

بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی دوو جۆر پۆستی فەرمانڕەوا (والي) بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمانەن:

### یەکەم: فەرمانڕەوا لەسەر ئاستی کارگێڕی شار (فەرمانڕەوای شار)

ئەم جۆرەی جێگری میرە بەشێوەیەکی دیار هەر لە سەرەتایی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی تا کۆتایی کارگێڕی دەوڵەتەکە بەشێك بووە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بە شێوەیەکی دانەبڕاو[2]، کە دەکرێت بووترێت ئەمەش سەرچاوەی گرتووە لە پێکهاتە و دیاریکردنی سنووری جوگرافیای دەوڵەتەکە، کە بەپێی ئەو شارانە بووە، کە کەوتووەتە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی مەروانی و لە ڕووی کارگێڕیشەوە دەوڵەتەکە دابەشکراوە بەسەر ئەو شارانەدا، کە سەر بە دەسەڵاتی کارگێڕی ناوەندبوون لە پایتەختی وڵاتەکە، کە شاری میافارقین بووە[3].

ئەم پۆستی فەرمانڕەوای شارە کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە کارگێڕی دەوڵەتی مەروانیدا، کە وا بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی ئاسان کردووە و زیاتر ئاسایشی دەوڵەتی بەرقەرار کردووە، چونکە فەرمانڕەوای شار لە هەر یەك لەو شارانەی دانراون و بەرپرس بوون لە سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکەو پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار و پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بە میری وڵات لە هەر کاتێکدا پێویستی پێبێت[4].

دانانی فەرمانڕەوای شار بە شێوەیەکی گشتی و زۆرینە لە لایەن میری وڵاتەوە دانراوە، کە لەم دەوڵەتەدا هیچ یاسایەکی فەرمی بەدیناکرێت، کە کرابێتە بنەما بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوای شار و دانانی لەو پۆستەدا، بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت لە دانانی ئەم فەرمانڕەوایە لە شارەکانیدا بریتی بوو لەوەی میر بنەمای (هاوخوێنی، نزیکایەتی، خزمایەتیو دڵنیابوون یاخود متمانەبوونی) کردووەتە پێوەر. بێگومان ئەمەش ئاشکرایە، کە (جێگری میر) زۆربەیان برا و کوڕ و زاوا و کەسی نزیکی میری وڵات بوون لە

---

[1] الماوردي: الأحکام السلطانية، ص ص٤٠-٤٥؛ ابن منظور: م.س، ج١٥، ص ص٤٠٥-٤١٥.

[2] شیلان ثامر عبدالله النهیلي: م.س، ص٥٨؛ پاشکۆی ژ.٧، ل ل١٨٥-١٨٦.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئومێد بەهرامی نیا: س.پ، ل٥١.

[4] محمود یاسین التکریتي: م.س، ص١٥٤.

شارەکانی ئەم دەوڵەتەدا[1]. وەك (ناصر خسرو)ی لە گەشتەکەیدا لە ساڵی (٤٣٨ك/ ١٠٤٦ز) چووەتە سنووری نێوان موسڵمانان و ئەرمەن بەدیکردووە و لەبارەی میری (نصر الدولة) دواوە و وتوویەتی: (هۆزێکی گەورەی لە کوڕەکانی والی بوون لە ویلایەتەکانی سەر بە خۆی)[2].

مەبەستی میرەکانی دەوڵەتی مەروانی لە پەیڕەوکردنی بنەمای هاوخوێنی و خزمایەتی لە دانانی فەرمانڕەوای شار، لەبەر سەرهەڵنەدانی ناکۆکی نێو بنەماڵەی بووە لەسەر دەسەلات و بەشداری پێکردنیان لە دەسەڵاتدا و سەرهەڵنەدانی هەڵگەڕانەوەی سەربازی دژی لەو شارانەدا خۆی لە پایتەخت بووە، کە جێگای متمانەبوون ئەمانە زیاتر و دڵسۆزبوون. هەروەها دەشکرێت لەژێر کاریگەری سیستەمی هۆزایەتی سروشتی کۆمەڵگای کورد لە وڵاتی کوردان بەگشتی و لە دەوڵەتی مەروانیدا بەتایبەتی بووبێت سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای هۆزایەتی بە شێوەیەکی سەرەکی پێك نەهاتووە، بەڵام پەیڕەوکردنی سیستەمی هۆزایەتی و پشکداری لە کارگێڕی دەوڵەتە کوردییەکاندا ئاشکرایە[3] هەریەك لەم بنەمایانەی دەستنیشان کردنی فەرمانڕەوای شار و مەبەست لەم بنەمایانە کاریگەری لەسەر سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی دەیخەینە ڕوو:

## ١- سعيد بن مروان (٣٨٠-٣٨٧ك/ ٩٩٠-٩٩٧ز)

(سعيد بن مروان) لەسەر بنەمای هاوخوێنی لە سەردەمی میر (أبو علي حسن بن مروان) دانراوە بە فەرمانڕەوای شار لە شاری جەزیرە[4] هەرچەندە ئەم بنەمایە لێرەدا ڕێگر نەبووە بە شێوازێکی تەواو لە تەماعکاری دەسەڵاتی میری لەنێو هەمان خانەوادەدا، چونکە فەرمانڕەوای شار (سعيد بن مروان) بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ هەوڵیداوە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی میری و بە لەناوبردنی میر (أبو علي) برای لە ڕێگەی هاوەڵە نزیکەکەی (شروة بن مم)[5]، کە ئەم هەوڵە پراکتیکە کرا لە ساڵی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ز) میر (أبو علي) کوژراو (سعيد بن مروان) لە (فەرمانڕەوای شار)ەوە لە شاری جەزیرە بووە میری دەوڵەتی مەروانی لە شاری میافارقین[6]. ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بە شێوەیەکی گشتی و سیستەمی میرایەتی بەتایبەتی[7].

---

(1) شيلان ثامر عبدالله النهيلي: م.س ، ص٥٧.

(2) سفرنامە، ص٣.

(3) ن لازاريف: س.پ، ل٨٥.

(4) ايليا برشنايا: م.س، ص٢٠٠.

(5) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەم توێژینەوەیە، ل ل ٤٤-٤٥.

(6) الفارقي: ن.م، ص٤٦٢.

(7) ئەمە ڕێگەی ئاسان کرد بۆ کوژرانی میر (ممهد الدولة بن مروان) لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز) بە دەستی (شروة بن مم) هاوەڵی (ابن فليوس)، هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی بوێری بەرامبەر میرەکانی بنەماڵەی مەروانی و کوژرانیان و داگیرکردنی کورسی دەسەڵاتیان و وڵاتیان لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز)، (ابن شداد: الأعلاق الخطيرة، ج٣، ق١، ص٣٣٦).

## ٢- شێخ عبدالبر (٣٨٠-٣٨٧ك/ ٩٩٠-٩٩٧ز)

**شێخ (عبدالبر) فەرمانڕەوای شار بووە لە شاری ئامەد لە سەردەمی میر (أبو علي حسن بن مروان)، هاوکات ئەوەی چاودێری (بازاڕی خۆراک)[١] بووە، چونکە الفارقي لە باسی میر (أبو علي)دا نووسیوێتی: ((.. پێشەواو پیاوماقوڵی ئامەد (عبدالبر) چووە لای میر، کە پیاوماقوڵی بازاڕی خۆراك بوو،..))[٢].**

**شێخ (عبدالبر) بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەروانی شاری ئامەدی بەڕێوە بردووە، چونکە شێخ (عبدالبر) لە وەڵامی پەردەدار (شروة) کە هانی دەدات دژی میر (أبو علی حسن)، دەڵێت: ((ئێمە بەندەی میرین و لەژێر فەرمانی ئەوداین و فەرمانی بەسەرماندا جێبەجێ دەکرێت))[٣]. بەڵام دەتوانین بڵێین بە ناچاری ڕێدراوە بە فەرمانڕەوایەتی شێخ (عبدالبر) لەو شارەدا لە لایەن میر (أبو علی حسن)، چونکە شاری ئامەد تا ساڵی (٤١٥ك/ ١٠٢٤ز) نەکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی میری[٤].**

**شێخ (عبدالبر) وەك فەرمانڕەوای شاری ئامەد خاوەن فەرمان بووە، چونکە کاتێك بیرۆکەی ڕێگری[٥] لە میر (أبو علي) بۆ ناو شاری ئامەد، بە خەڵکی شارەکەی ڕاگەیاند، خەڵکەکەش لە بەرامبەردا بە شێخ (عبدالبر)یان وتووە: ((فەرمان لە تۆیە و ئێمە گوێ لە مستی تۆین و ملکەچی فەرمانتین، ئەوەی دەتەوێت بیکە))[٦]. هەروەها شێخ (عبدالبر) لە دواتردا بە خەڵکی شاری ئامەد لە بارەی کوشتنی میر (أبو علي حسن) دەڵێت: ((ئەوەی بیکوژێت دەبێتە میری شار و من دەبمە بەردەستی))[٧].**

**شێخ (عبدالبر) بەردەوام دەبێت لە فەرمانڕەوای شاری ئامەد تا ساڵی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ز)، دەستبەرداری (فەرمانڕەوای شار) لەو شارەدا دەبێت بۆ بکوژی میر (أبو علي) بە ناوی (أبو طاهر یوسف بن دمنة)، کە بەڵێنیدا بوو[٨].**

---

**[١] بازاڕی خۆراك: وەك لە ناوەکەیدا ئاشکرایە یەکێکە لە بازاڕە تایبەتمەندییەکانی شاری ئامەد، کە چاودێری تایبەت بەڕێوەیبردووە، بە شێخی بازاڕ ناسراوە، (الفارقي: م.س ، ص٤٦٠؛ القلقشندي: م.س، ج٦، ص١٧).**

**[٢] تاریخ میافارقین، ص٤٦٠.**

**[٣] الفارقي: ن.م، ص٤٦٠.**

**[٤] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم توێژینەوەیە، ل ل ٧٥-٧٦.**

**[٥] ئەم بیرۆکەیە بریتیبوو لە باسکردنی نیەت ویستی میر (أبو علي) بۆ شاری ئامەد بە شێوەیەکی خراپ هاوشێوەی ویست و نیەتی بەرامبەر خەڵکی شاری میافارقین لە ساڵی (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز) پراکتیکەی کرد بە سەریاندا، کە (شروة بن مم) ئەمەی بە (عبدالبر) ڕاگەیاند، کە پێچەوانەی نیەت و ویستی ڕاستەقینەی میر (أبو علي) بوو، کە بووك گواستنەوە بوو لەو شارەدا، (الفارقي: ن.م، ص ص٤٦٠-٤٦٣).**

**[٦] الفارقي: ن.م، ص٤٦١.**

**[٧] الفارقي: ن.م، ص٤٦١.**

**[٨] ابن شداد: ن.م ، ج٣، ق١، ص٣٢٨.**

## ٣- أبو طاهر يوسف بن دمنة (٣٨٧-٤١٥ك/ ٩٩٧-١٠٢٥ن)

(أبو طاهر يوسف بن دمنة) لەسەر بنەمای پاداشتکردن لە بەرامبەر کوشتنی میری دەوڵەتی مەروانی میر (أبو علي حسن) لە ساڵی (٣٨٧ك/٩٩٧ن) لە لایەن فەرمانڕەوای پێشووی شاری ئامەد شێخ (عبدالبر) دانراوە بە فەرمانڕەوای شار لەو شارەدا بە جیاواز لە فەرمانڕەوای شار لە شارەکانی تری دەوڵەتی مەروانی، کە لە لایەن میری دەوڵەتەوە دانراون[١]. ئەم شێوازەی دانانی (أبو طاهر یوسف بن دمنة) بە فەرمانڕەوای شار لە شاری ئامەد، شێوازێکی نوێ و داهێنراوە لە لایەن شێخ (عبدالبر) لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی شار ، کە فەرمانڕەوای شار کراوە بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتی ناوەند واتە (لای میر)، کە نزیکە و هاوشێوەی (ویلایەتی زاڵبوو – امارة الأستیلاء)یەکە لە سیستەمی ویلایەتدا بەشێك بووە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی ئیسلام لە سەدەی (٤ك/ ١٠ن)دا[٢].

(ابن دمنة) بۆ ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی و هەژمارکردنی وەکو فەرمانڕەوای شار لە چوارچێوەی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانییدا نوێنەری ناردووەتە لای پەردەدار (شروة) تا لەگەڵ میر (ممهد الدولة) بدوێت و ڕازی بێت لە بەرامبەر پێدانی ساڵانەی دوو سەد هەزار درهەم و لێدانی دراو و خوێندنەوەی وتار بە ناوی میری دەوڵەتی مەروانی، میریش ڕازی بووە لە ساڵی (٣٨٨ك/ ٩٩٨ن)دا[٣]. (ابن دمنة) ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی جێگیرکردنی دەسەڵاتیداوە لە ناوخۆی شاری ئامەد و لە دەرەوەشدا بە شێوەیەکی سەربەخۆییانە لەو پێناوەشدا چی ویستووە کردوویەتی، وەك لە ناوخۆدا بەهێز و ترساندن خەڵکی ناچاری ملکەچی و ژێردەستەی خۆی کردوون، کە لە ساڵی (٣٨٨ك/ ٩٩٨ن) شێخ (عبدالبر) چاودێری بازاڕی خۆراکی لە شاری ئامەد کوشتووە لە پێناو حەزی تاکڕەوی و دەسەڵاتداریێتی خۆی و سەری لێکردووەتەوە و فڕێیداوەتە ناو خەڵك‌و پێیانی وتووە: ((ئەوەی گوێڕایەڵم بێت، منیش بۆی دەبم، ئەوەی گوێڕایەڵم نەبێ، فەرمانی خۆیەتی و بۆ خۆی دەزانێ))[٤].

(ابن دمنة) بە باشترین شێوە فەرمانڕەوای شاری ئامەدی کردووە لەگەڵ خزم و نزیکان و دەوروبەر و خەڵکی ئامەددا باش بووە و هەمووی گوێڕایەڵی بوون، کۆشکێکی گەورەی لەسەر ڕووباری دیجلە دروست کردووە و نامەی بۆ هەموو پاشاکانی وڵاتانی سەردەمی نووسیووە و دیاری بۆ خەلیفەی عەباسی (قادر بالله)و خەلیفەی فاتمی (حاكم بالله) ناردووە، هەروەها نوسراوی بۆ پادشای ڕۆم ڕەوانە کردووە. وەك میری گەورە پیاوانی لێهاتووە و دیاری و پۆشاك و کەلوپەلی ناوازەی لە هەموو لایەکەوە بۆ نێردراوە، ناوو ناوبانگی دەرکردووە و بووەتە پەناگەی پەناهەندەکان و لە دەوڵەمەندی و خاوەن سەروەت و سامان دەنگی داوەتەوە و شاعیران ستایشیان کردووە[٥].

---

[١] ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص٣٢٨.

[٢] بڕوانە: الماوردي: الأحكام السلطانية، ص٤٤.

[٣] الفارقي: م.س، ص ص٣٦٣، ٤٨٣.

[٤] الفارقي: ن.م، ص٤٦٣؛ ابن شداد: ن.م ، ج٣، ق١، ص٣٣١.

[٥]الأعلاق الخطيرة، ج٣، ق١، ص٣٣٢.

(ابن دمنة) له فەرمانڕەوای شاری ئامەد بەو شێوەیە بەردەوام بووە لە سەردەمی میر (احمد بن مروان) لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز) بە هەمان شێوەی سەردەمی میری پێشوو (مرتج)ی سەرلەشکری زاوای وەك نوێنەر ناردووەتە لای میر (احمد بن مروان)، ئەویش بە هەمان شێوە ڕازی بووە[1]. (ابن دمنة) فەرمانڕەوای شاری ئامەدی دەکرد و ساڵانەی دەنارد بۆ میری دەوڵەتی مەروانی تا ساڵی (٤١٥ك/ ١٠٢٥ز) کوژرا بە دەستی زاواکەی (مرتج)ی سەرلەشکر لە شاری ئامەد[2].

## ٤- احمد بن مروان (٣٨٧-٤٠١ك/ ٩٩٧-١٠١٠ز)

(احمد بن مروان) لە لایەن میر (ممهد الدولة)ی برای کراوە بە فەرمانڕەوای شاری (سعرت)[3] دوای ماوەیەك لە دەسپێکی میرایەتی، بە مەبەستی دوورکەوتنەوەی مەترسی لەسەر دەسەڵاتی میرایەتی، کە لەم برایەتیدا بەدیدەکرد[4]. بەم شێوەیەش (احمد بن مروان) لە فەرمانڕەوای شاری (سعرت) بەردەوام بوو لەم پۆستەدا تا ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز)، کە میر (ممهد الدولة)ی برای کوژراو لە پۆستی (فەرمانڕەوای شار)ەوە بۆتە میری دەوڵەتی مەروانی[5].

## ٥- خواجە ابا القاسم اصفهاني (٣٨٧-٤٠١ك/ ٩٩٧-١٠١٠ز)

(خواجه ابا القاسم) لە سەردەمی میر (أبو علي حسن بن مروان) و میر (ممهد الدولة بن مروان)، فەرمانڕەوای شار بووە لە شاری ئەرزن. دەتوانین بڵێین لەسەر بنەمای متمانەبوون و دڵنیای لێیکراوە بە فەرمانڕەوای شار لەو شارەدا، لەبەرئەوەی لە ناوەکەیدا ئاشکرایە، کە پێشەوا و مامۆستا و زانا و باش بووە، کە لە عەجەمەکانی ئەصفەهان بووە، هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی لەگەڵ مەروانییەکان نەبووە[6]، جگە لەمانەش لە کاتی پێویستی دەوڵەتی مەروانی بە ڕۆڵی فەرمانڕەوای شار، بەرپرسانە (خواجە ابا

---

[1] الفارقي: م.س، ص٤٧٤.

[2] (مرتج) خاوەن موڵك و ماڵێکی زۆر بووە لە شاری ئامەد لە خۆی ترساوە، کە دەست بگیرێت بەسەریدا لە لایەن (ابن دمنة) بۆیە لە گەڕانەوەی لە پێدانی ساڵانە لە شاری ئامەد هەندێك خەڵکی هانداوە بە داواکردنی هەندێ ماف خۆیان چوونەتە ژوورەوە بۆی لەوێشدا (مرتج) بە دەرفەتی زانیووە و (ابن دمنة)ی کوشتووە لەو ساڵەدا، (الفارقي: ن.م، ص٤٨٣).

[3]سعرد (سعرت): لە باکوری خۆرهەڵاتی ڕوباری دیجلەیە و لە باکوری شاری میافارقین بە ماوەی ڕۆژە ڕێیەك دوورە لێی، شوێنی کوردانی بوختیە، نزیکە لە (حیزان) لە ناوچەی دیاربکر، (یاقوت حموي: معجم بلدان، دار صادر بیروت، ١٩٧٧م، مجلد١، ص٣٣١).

[4] ئەم ترسە لە خەوبینینی (احمد بن مروان) سەرچاوە گرتبوو، کە ڕۆژێك بۆ میر (ممهد الدولة) گێڕابووە و وتبووی: ((لە خەومدا مانگ کەوتووەتە کۆشمەوە))، کە لێکدانەوەی خەونەکەش ئاماژە بووە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، چونکە میر (ممهد الدولة) بە براکەی وتووە: ((ئەم خەونەی تۆ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە دەبیتە دەسەڵاتدار))، هەروەها پێی وتووە: ((خۆت نیشانی من مەدە، دەنا دەتکوژم))، (ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص٣٤٠).

[5] الفارقي: ن.م، ص٤٦٢؛ کارزان محمد حسین رشید البامرني: م.س، ص٣٣.

[6] خواجە وشەیەکی فارسییە بە واتای مامۆستا و پێشەوا دێت، بە کەسانی زانا و باش دەوترێت، (ابن الأثیر: م.س، ج٧، ص٤٤٥؛ حسن باشا: م.س، ص٢٧٩؛ عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص١٥٣).

القاسم هەستاوە بە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانی بە پێشکەش کردنی یارمەتی ماددی و مەعنەوی و سەربازی بۆ دەوڵەتی مەروانی و لەناوچوون ڕزگاری کردووە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بە فەرمانڕەوای[1] شاری سعرت (احمد بن مروان) برای میری کوژراو میر (ممهد الدولة بن مروان)، کە مافی میرایەتی دەوڵەتی مەروانی هەبووە و بەم شێوەیەش فەرمانڕەوای شاری ئەرزن (خواجە ابا القاسم) کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر دەوڵەتی مەروانی و هۆکاری بەردەوامی دەوڵەتی مەروانی بووە و بەردەوام بووە لە جێگری میر لەو شارەدا تاکو ساڵی (٤٠١ك/١٠١٠ز)، کە بووەتە وەزیری دەوڵەتەکە[2].

## ٦- ابن عطير بن نمير (٤١٦-٤٢٢ك/ ١٠٢٦-١٠٣٠ز)

(ابن عطير) فەرمانڕەوای شار بووە لە شاری ڕوها، سەربەخۆیانە ئەو شارەی بەڕێوەبردووە و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەند (لای میر)ی دەوڵەتی مەروانی[3]، (ابن عطير) کەسایەتییەکی شەڕانگێز بووە و بە شێوەیەکی باش شاری ڕوهای بەڕێوەنەبردووە و کەسێکی خۆپەرست بووە بە ڕادەیەك، ئەگەر بینیبێتی فەرمانبەرێك لە خۆی باشتر شار بەڕێوە دەبات و دادپەروەرە، هەوڵی لەناوبردنیداوە[4]، وەك جێگرەکەی خۆی بە ناوی (احمد بن محمد) کوشتووە، کە کەسێکی دادپەروەر و باش بووە، بەڵام (عبدالبر) حەسودی پێبردووە و وتوویەتی: ((خەریکە تۆ دەبیت بە میر و من دەبمە جێگرت))[5].

پاشان شاری ڕوها لە لایەن میر (نصر الدولة) لەژێر دەستی (ابن عطير) دەردەهێنرێت لە ساڵی (٤١٦ك/ ١٠٢٦ز)، (ابا الحارث زنك بن اوان) دادەنرێت بە فەرمانڕەوای شار ، بەڵام زۆر نابات (ابن عطير) هانا بۆ لای میری حلب (صالح بن مرداس) دەبات بۆ ئەوەی شاری ڕوهای پێبدرێتەوە، (صالح بن مرداس) تکای لای میر (نصر الدولة) دەکات، نیوەی شاری ڕوها پێدەدرێتەوە[6].

بەم شێوەیە لە فەرمانڕەوای لەو بەشەی شاری ڕوها بەردەوام دەبێت تا ساڵی (٤٢٢ك/ ١٠٣٠ز)، کە (ابن عطير) شاری ڕوها دەفرۆشێت بە دە هەزار دینار بە ئیمپڕاتۆری بیزەنتی[7]. هەرچەندە (ابن الأثير) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٤١٦ك نووسیوێتی: ((ابن عطير دەکوژرێت لە لایەن کوڕی جێگری پێشوو (احمد بن محمد) بە هاوکاری جێگری میر (نصر الدولة) لە شارەکەدا))[8].

---

[1] الفارقي: م.س، ص٤٣.

[2] الفارقي: ن.م، ص٤٦٢.

[3] ابن الأثير: م.س، ج٨، ص١٥١؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٤، ص٤١٢.

[4] ابن الأثير: ن.م، ج٨، ص١٥٢.

[5] ن.م ، ج٨، ص١٥٢.

[6] الفارقي: ن.م، ص٤٨٤؛ ابن الأثير: ن.م، ج٨، ص١٥٣.

[7] الأنطاكي: م.س، ص٤٢٨؛ الذهبي: تاريخ الأسلام ووفيات المشاهر والأعلام، حوادث سنة (٤٢١-٤٤٠هـ)، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٩٣م، ج٢٩، ص٧.

[8] ابن الأثير: ، ن.م، ج٨، ص١٥٢.

## ٧- ابا الحارث زنك بن أوان (٤١٥-٤١٨ك/ ١٠٢٥-١٠٢٨ن)

(ابا الحارث زنك بن أوان) له لايەن مير (نصر الدولة) لەسەر بنەمای متمانەبوون له سالّی (٤١٥ك/ ١٠٢٥ن) دانراوە بە فەرمانڕەوای شار له شاری ئامەد[١]، چونکه سەرەڕای ئەوەی شاری ئامەد لەو کاتەدا میر نصر الدولة خستبوویەوە ژێر دەسەلاتی خۆی[٢]، وە الفارقي باس له جێگیربوونی میر (نصر الدولة) له شاری ئامەد لەو سالّەدا دەلّێت: ((بۆ کاروباری ئامەد یاوەرەکەی خۆی بە ناوی (ابا الحارث زنك بن أوان) که حەران[٣] و روهای لەبەردەستدا بوو دانا))[٤].

هەرچەندە (ابن الأثير) باس لەوە دەکات، که له سالّی (٤١٦ك/ ١٠٢٦ن) میر (نصر الدولة) بووەتەوە خاوەنی روها و لەژێر دەستی (ابن عطير) دەرهێناوە، میر فەرمانڕەوای خۆی له شاری ئامەد بە ناوی (زنك بن أوان) کردووە بە فەرمانڕەوا له شاری روها[٥].

لێرەشدا ئەمە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، که (ابا الحارث زنك بن أوان) لەسەر بنەمای متمانە له لایەن میر (نصر الدولة) کراوە بە جێگری میر لەو شارانەدا، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوای ئەو شارانە نەبووە، چونکه بەشێکی شاری روها هەرزوو بە تکای (صالح بن مرداس) میری حلب لای میر (نصر الدولة) دراوەتەوە بە (ابن عطير)[٦]. هەروەها (ابا الحارث زنك بن أوان) له فەرمانڕەوای شار له شاری ئامەد ماوەیەکی زۆرنەبووە تا سالّی (٤١٨ك/ ١٠٢٨ن) بووە، که کوژراوە له لایەن بنەمالّەی نمیرییەکانەوە[٧].

---

[١] الفارقي: م.س، ص٤٨٤.

[٢] میر (نصر الدولة) له دوای چاوەڕوانییەکی زۆری بۆ دەرفەتێك که ئامەد بخاتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی، که سەربەخۆیانە بەڕێوەبراوە له لایەن (ابن دمنة)، هاوکات ئەوەی ڕقی زۆری له (ابن دمنة) بووە، چونکه بکوژی میر (ابو علي) برای بووە له سالّی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ن)، که له سالّی (٤١٥ك/ ١٠٢٥ن) دەرفەت هاتە پێش بۆی، سەرەڕای ئامادەیی (مرتج) زاوای (ابن دمنة) ڕێکەوتبوو لەگەلّ میر (نصر الدولة) لەو سالّەدا که ئامەدیان ڕادەست بکات بەرامبەر بە پاراسستنی موڵكو سامانی له شاری ئامەد، بەلاّم نەگەیشتنە بەجێهێنانی ڕێکەوتنەکە (مرتج) و (ابن دمنة) بەشەڕهاتن و (مرتج)، (ابن دمنة)ی کوشت هەروەها خزمەتکاری (ابن دمنة)، (مرتج)ی کوشتووە پاشان خزمەتکارەکە هات بە دوای میر (نصر الدولة)، میر (نصر الدولة) ڕۆیشت بۆ ئامەد و چووە ناو شاری ئامەد له بەرامبەر بە دەستەوەدانی خزمەتکارەکەی (ابن دمنة) بە کوڕەکانی (مرتج)، که داوایان کردبوو، بەو شێوەیەش شاری ئامەد بە ئاسانی کەوتەوە ژێر دەسەلاتی میر (نصر الدولة)، (ابن شداد، م.س، ج٣، ق١، ص ص٣٥٦-٣٥٧).

[٣] حەران: شارێکه له هەرێمی جەزیرەدا، دەکەوێتە سەر ڕێگای موسلّ و شام و ڕۆم، بە لای کەناری ڕووباری فوراتدایە، ماوەی دووری لەگەلّ روها ڕۆژە ڕێیەکە، شارێگی گرنگی ستراتیجی بازرگانییە بەهۆی ئەم هەلّکەوتە جوگرافییەی، (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص ص٢٣٥-٢٣٦؛ کي لسترنج: م.س، ص١٣٤).

[٤] تاريخ ميافارقين، ص٤٨٤.

[٥] کامل في تأريخ، ج٨، ص ص١٥١-١٥٢.

[٦] ن.م، ج٨، ص١٥٣.

[٧] الفارقي: ن.م، ص٤٨٤؛ فرست مرعی اسماعيل: م.س، ص٢٢٥.

## ٨- ابا الحسن بن نصر الدولة (٤١٨-٤٥٨ك/ ١٠٢٨-١٠٦٦ز)

(ابا الحسن) ناسراو بە (سعد الدولة) کوڕی گەورەی میر (نصر الدولة) بووە، زۆری خۆشویستووە، دایناوە بە فەرمانڕەوای شار لە شاری ئامەد، نووسەرێکی بۆ داناوە بە ناوی (ابن الخمار)[1]، (سعد الدولة) بە شێوازی باش کاروباری شارەکەی بەڕێوەبردووە و گرنگی بە ئاوەدانی و بیناسازی شار دراوە، کە بە شێوەیەك بێوێنە بووە، وەك (ناصر خسرو) لە گەشتەکەیدا سەردانی شاری ئامەد کردووە لە ساڵی (٤٣٨ك/ ١٠٤٦ز) وتوویەتی: ((کوڕی (نصر الدولة) میری شارەکەیە و لە هەر چوار لای دنیا لە وڵاتی عەرەب و عەجمان هیند و تورکان، زۆر قەڵا و شارم بینیووە، بەڵام هەرگیز وەك شاری ئاوا، شاری ئامەدم لە هیچ جێگەیەك لەسەر ڕووی زەوی نەبینیووە، لە کەسیشم نەبیستووە شوێنێکی هاوتای ئەو هەبێت))[2]. (سعد الدولة) بەردەوام بووە لە فەرمانڕەوای شاری ئامەد تا ساڵی (٤٥٨ك/ ١٠٦٦ز) کوژرا لە لایەن سوپای سەلجوقییەکانەوە[3].

## ٩- أبو حرب سليمان بن نصر الدولة (٤٠١-٤٤٧ك/ ١٠١٠-١٠٥٥ز)

(أبو حرب بن سليمان بن نصر الدولة) لە لایەن میر (نصر الدولة) دانراوە بە فەرمانڕەوای شار لە شاری جەزیرە، هەرچەندە باس لە دەسپێکی کارگێڕی نەکراوە بە شێوەیەکی فەرمی. لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگەڵ ئەوەی ئەم فەرمانڕەوای شارە لەسەر بنەمای هاوخوێنی دانراوە لەو شارەدا، بە ڕۆڵی فەرمانڕەوای شار هەستاوە، لەوانەش وەك پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شارەکە بەتایبەتی و وڵات بەگشتی، کە (أبو حرب سليمان بن نصر الدولة) ڕۆڵی دیاری گێڕا لە دوورخستنەوەی مەترسی سەلجوقییەکان لەسەر جەزیرە و بەرەنگارییان بووەتەوە و پەرتەوازەیکردن[4]، بەڵام نەیتوانیووە سیاسەتێکی باش لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکە بەدەست بهێنێت وەك بوختی و بەشنەوی[5]. (أبو حرب)

---

[1] الفارقي: م.س، ص٤٨٤.

[2] سفرنامه، ص٤.

[3] الفارقي: ن.م، ص٥٠٨.

[4] ابن الأثير: م.س، ج٨، ص ص٣٢٠-٣٢١؛ ابن الوردي: م.س، ج١، ص٣٤٤؛ حوسێن حوزنی موکریانی: س.پ، بگ١، ل٣٧٩.

(٥) خراپی سیاسەتی (ابو حرب سليمان بن نصر الدولة) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ویستوویەتی دەست بگرێت بەسەر زەویوزاری فەرمانڕەوای چوپی (موسك بن المجلي)، کە بەم هۆیەشەوە پلانی بۆ داڕشت و داوای لێکرد کچی فەرمانڕەوای بەشنەوییەکان میر (ابي طاهر البشنوي) بێنێت، ئەویش ڕازی بوو، پاشان هاتن بۆ جەزیرەی بۆتان، بەڵام (ابو حرب سليمان) فێڵی لێکرد و (موسك بن المجلي) زیندانیکرد و کوشتی لە ساڵی (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز)، کاتێکیش میری بەشنەوی زانیوویەتی، زۆری پێناخۆش بوو ،کە زاواکەی (موسك بن المجلي) بوو، کوشتوویەتی، بۆیە نامەی نیگەرانی و هەڕەشەی بۆ میر (نصر الدولة) ناردووە لە (ابو حرب سليمان)، بەم هۆیەشەوە (ابو حرب سليمان) لە خۆی ترساوە لە ساڵی (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز) میر (ابي طاهر البشنوي) کوشت، دواتریش بەو شێوەیە (ابو حرب سليمان) کوژرایەوە و کاریگەری خراپی بەجێهێشت، کە بووە هۆی هاوپەیمانیەتی کوردی بەشنەوی بوختی و عەرەبی عقیلی لە دژی دەوڵەتی مەروانی. هێرشکردنە سەر شاری جەزیرەی بۆتان، کە لە لایەن کوڕێکی تری میر (نصر الدولة) بە ناوی (نظام الدين) تێکشکاندن، (ابن الأثير: ن.م، ج٨، ص٣٢٠).

بەردەوامبووە لە فەرمانڕەوایەتی شاری جەزیرە تا کوژرانی لە ساڵی (٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز) بە دەستی کوڕی فەرمانڕەوای هۆزی بوختی (موسك بن مجلي)، پاشان میر (نصر الدولة) کوڕێکی تری داناوە بە فەرمانڕەوای لە شاری جەزیرە، کە نازناوی (نظام الدین) بووە[1].

## ١٠- سعيد بن نصر الدولة

(سعيد) لە لایەن میر (نظام الدین بن نصر الدولة) کراوە بە فەرمانڕەوای شاری ئامەد لە ساڵی (٤٦٣ك/ ١٠٧١ز)، بە مەبەستی دوورکەوتنەوەی مەترسی لەسەر دەسەڵات و بۆ چارەسەری تەماعکاری (سعيد) برای، کە دەیویست جێگەی میر (نظام الدين)ی برای بگرێتەوە[2]، لە کاتێکدا لەو گەورەتربووە بە ماف خۆی زانیووە، چەندین جار هانای بۆ سەلجوقییەکان بردووە بە پاڵپشتی ئەوان هێرشی کردۆتە سەر میر (نظام الدين)، بەڵام میر (نظام الدين) بە ژیری و توانای سیاسی خۆی، بە پێدانی پارە ڕازیکردوون و بکشێنەوە لە وڵاتەکەی، کە دواجاریش سعیدی برای ئاشت کردووەتەوە و دایناوە بە فەرمانڕەوای شار لە شاری ئامەد، بەڵام ماوەیەکی زۆری نەخایەندووە، میر (نظام الدين) پلانی لەناوبردنی بۆ (سعيد)ی برای داناوە بە ناردنی کەنیزەیەکی جوان بە دیاری، کە کۆتایی بە ژیانی هێناوە لە ساڵی (٤٦٣ك/ ١٠٧٠ز)[3]، کە ئێمەش پێشمان وایە هەر بەم شێوەیە لەو ساڵەدا کوژرابێت، وەك لە سەرچاوە مێژووییەکانی نزیکی سەردەمەکە باسی لێوەکراوە جگە لەوەی بە تەنها (ابن جوزي) لە ڕووداوەکانی ساڵی (٤٥٥ك/ ١٠٦٣ز) باس دەکات کە (أبو فرج خازن) نێردراوە بۆ کوشتنی (سعيد) لە شاری ئامەد لە لایەن میر (نظام الدين) خاوەنی میافارقین[4].

هەروەها میرەکانی دەوڵەتی مەروانی هەر لەسەر بنەمای هاوخوێنی و خزمایەتی جگە لە کوڕ و براکانیان بۆ جێگرەوەی میر لە شار و شارۆچکەکاندا، کەسانی نزیکی خۆیان وەك (ئامۆزا و زاوا) داناوە بۆ بەڕێوەبردنی شارەکان بۆ نمونە بەڕێوەبردنی شاری ئەرزن دراوە بە (ابي الفوارس احمد بن شبل بن ابراهيم)و شارەکەی (پێ بەخشراو- قطاع) لە لایەن میر (نصر الدولة)[5].

---

[1] ابن الأثير: م.س، ج٧، ص٣٢٨.

[2] پێمان وایە بەشێکی دوژمنداری نێوان (سعيد) و میر (نظام الدين) بەهۆی ئەوەوە بێت، کە دایکیان جیا بێت، کە دایکی سعيد (فضلونة) کچی (فضلون بن منوچهر) خاوەنی تاران و ئەرمینیا، کە میر (نصر الدولة) پێشتر لەگەڵیاندا سیاسەتێکی باشی پەیڕەونەکردووە، هەر سەرقاڵی خۆشگوزەرانی خۆی بووە و بەو هۆیەوە کەنیزەکێکی زۆری هێناوە، کە (فضلونة) خێزانی فەرمی بووە و نیگەران بووە و دواتر (فضلونة) ڕۆیشتووە بۆ ماڵی باوکی و نەگەڕاوەتەوە تا مردنی، (سعيد) لای باوکی بووە، کە دواتر نیگەران بووە و باوکی توانیوویەتی بە پێدانی زەوی و موڵك و ماڵ ڕایبگرێت لە دژی خۆی، هەر چەندە (سعيد) کەسێکی دەست بڵاوبووە، بەڵام دواتر لە سەردەمی میر (نظام الدين) بەو شێوەیە بوو، (الفارقي: م.س، ص٥٠١؛ كارزان محمد حسين رشيد البامرني: م.س، ص٢٩).

[3] الفارقي: ن.م ، ص٥١٢؛ شەرەفخانی بەدلیسی: س.پ، ل٣٢.

[4] المنتظم، ج١٦، ص٨٤.

[5] شيلان ثامر عبدالله النهيلي: م.س، ص٦١.

**هەروەها میر (نظام الدین بن نصر الدولة) مێردی خاتوو فاتمەی کچی خۆی، کە ناوی (مجاهد أبو قاسم هیبة الله بن موسك) بووە و شاری بەدلیسی بۆ داناوە.**

**میر (ناصر الدولة منصور) بە هەمان شێوە کوڕی میر (نصر الدولة)ی مامی بە ناوی (حسیین بن نصر الدولة) داناوە بەسەر شاری جەزیرەوە لە ساڵی (٤٧٧ك/ ١٠٨٦ز)[1].**

## ١١- ابي حسن أحمد بن وصيف (٤٠١ك/ ١٠١٠ز)

**فەرمانڕەوا لە شوێنەکانی تریش دانراوە لەسەر بنەمای پاداشتدانەوەی چاکە و متمانەبوون. لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز) چاودێری بازاڕی قوماش لە میافارقین میر (نصر الدولة)، (ابي حسن احمد بن وصيف) کردی بە فەرمانڕەوا بەسەر شارۆچکەی تەنزێ و تەل فافان و دەوروبەری تا سنوری جەزیرە، چونکە پێشتر بە ڕۆڵی نێوەندگیری نێوان خەڵکی میافارقین و میر (نصر الدولة) هەستابوو و هاوکاری میر (نصر الدولة) بوو لە ڕادەستکردنی شاری میافارقین بە میر (نصر الدولة)، بەڵام دواتر میر (نصر الدولة)، (شروة)ی کوشت لە هەمان ساڵدا، (ابن وصيف) دڵگران بوو پێی و لە خۆی ترسا، بۆیە وازی لە فەرمانڕەوا هێناوە و ئەو ناوچانەی بەجێهێشتووە و هەڵهاتووە بۆ شاری بەغداو لەوێ ماوەتەوە[2].**

---

[1] **الفارقي: م.س، ص ص٥١٧، ٥١٩.**

[2] **الفارقي: ن.م، ص٤٧٤.**

## دووەم: فەرمانڕەوا لەسەر ئاستی کارگێڕی قەڵا (فەرمانڕەوای قەڵا)

هەندێك قەڵا و دەڤەری سەر بە هۆزەکانی سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی مەروانی، لە لایەن سەرداری هۆزەکان و میر و دەسەڵاتدارە کوردەکانی ناوچەکە فەرمانڕەوا کراون لە لایەن میرەکانی دەوڵەتی مەروانی بەتایبەتی میر (نصر الدولة)، کە خۆبەخۆ بەڕێوەیبەرن[1]، کە لەو بەڕێوەبەرانە خزمی میری تێدا بووە، وەکو میرانی بەشنەوی، کە خوشکەزای بوون دەسەڵاتداری قەڵای فێنك[2] و چەند قەڵایەکی تر بوون، کە خۆیان کارگێڕی بوون[3].

هەروەها میرانی بوختی- بۆتانیش[4] قەڵا گەلێکی وڵاتی زۆزانیان[5] بەدەستەوە بووە و بەڕێوەیانبردووە. هەردوو قەڵای شاتان و قەڵای طالب لە نزیك حصن کیفا بەدەست کوردە چوپییەکانەوە بووە و سەرپەرشتییان کردووە و بەڕێوەیانبردوون[6].

بێگومان پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە کارگێڕییە لەسەر بنەمای هاوخوێنی بۆ دانانی (گەورە و فەرمانڕەوای شار ، فەرمانڕەوای قەڵا) لە ناوچەکانی دەوڵەتی مەروانی، کاریگەری باشی هەبووە لەسەر کارگێڕی شارەکان بەتایبەتی، کە هەریەکەیان بە دڵسۆزی شارەکانیان بەڕێوەبردووە و ئاوەدانیان کردووەتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە و پارێزگارییان لێکردوون لە نەیاران و مەترسیان لێدوورخستووەتەوە، هەروەها کاریگەری باشیان هەبووە بە شێوەیەکی گشتی، چونکە دەوڵەتی مەروانی بە دوورگرتووە لە لێکترازان و سەرقاڵ بوون بە کێشە و ململانێکان لەسەر دەسەڵات لەنێو بنەماڵەی میرایەتیدا، کە دیاردەیەکی باوبووە لە سەدەی (٤ك/ ١٠ز)دا لە لایەن دەوڵەت و میرنشینە کوردیەکان لە وڵاتی کوردان وەك میرنشینی حەسنەوی و بنی عنازی سەرقاڵ کردبوو[7] ، کە بە ڕادەیەك ئاسایش و ئارامی بۆ ناوخۆی دەوڵەتی مەروانی دابینکردبوو، کە تەمەنی دەوڵەت و سەربەخۆی درێژتر و بەردەوام کردبووەوە،

---

[1] زرار صدیق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا، ل٢٣٠.

[2]قەڵای فێنك دەکەوێتە باکوری جەزیرەی بۆتان بە دووری (٢ فەرسخ/ ١٢کم)، قەڵایەکی بەرزو تۆکمە و سەختە، کە لە بەردی گەورە دروستکراوە، زۆر بەرزە، دەوترێت بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ بە دەستی کوردە بەشنەوییەکان بووە، (یاقوت حموي: معجم بلدان، ج٤، ص ص٣١٥-٣١٦؛ القزويني: م.س، ص ص٤٣١-٤٣٢؛ الصفدي: م.س، ج١٢، ص٦).

[3] ياقوت الحموي: كتاب المشترك وضعا المفترق ضقعاياقوت حموي، ص ص٣٥، ٥٧؛ بدليسی: شرفنامه، ل٢٠٩؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەم توێژینەوە، ل٢٠.

[4] ابن الأثير: م.س، ج٨، ص٣٦٨؛ عباس العزاوي: موسوعة عشائر العراق الكردية، ص ص٣٣-٣٤؛ فرست مرعي: القبائل الكردية في العصر العباسي... انتشارها وتوزيعها جغرافياً، ٢٠١٦/١١/٧م، الساعة ١١:٤٠ مساء http:// www.bahzani.net/services/porum/showthread.php؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەم توێژینەوەیە، ل٣٥.

[5] زۆزان: دەکەوێتە نێوان چیاکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و دیاربکر و موسڵ، سەرەڕای ئەوەی ئەرمەنیەکانی لێبووە، چەندین هۆزی کوردی لێژیاوە، بە ناوبانگترین قەڵای (ئەردۆمش)، کە دوو ناوی تری هەبووە وەك زەعفەران و کەواشی، کە دوو ڕۆژە ڕێ لە موسڵ دوورە لە سنوری (خلاط)دایە، (یاقوت حموي: معجم بلدان، ج٣، ص١١٨٤؛ البغدادي: مراصد الأطلاع على اسماء الأمكنة البقاع، دار المعرفة، بيروت، ١٩٥٤م، ص٦٧٦).

[6] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئەم توێژینەوەیە، ل٢٥.

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسام الدين نەقشبەندی: شارەزوور و لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ل ل٢٧٤، ٣٩٥؛ کامران عزيز: س.پ، ل ل١١١-١١٦.

بێگومان ئەمەش ببووە مایەی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی دانیشتووانەکەی، کە بە ڕادەیەك ناو و ناوبانگی دەنگیدابووەوە لەنێو دەوڵەتانی تری هاوسەردەمی خۆی لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)[١].

## ٢- پۆستی دادوەری

دادوەری یەکێکە لە پۆستە کارگێڕییە دیار و بەرچاوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەگشتی و بەتایبەتیش دەوڵەتی مەروانی[٢]. ئەم پۆستە لە پۆستە گرنگەکانی کارگێڕی ناوخۆییەکانی دەوڵەتە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا لەژێر دەستی کارگێڕی باڵای دەوڵەتە، چونکە بەڕێوەبردنی ناوخۆی دەوڵەت بەبێ پۆستی دادوەری کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە، هاوکات پۆستی دادوەری کاری سەرەکی چارەسەری کێشەکان و کۆتایی پێهێنانی ئاڵۆزییەکانە[٣] وەك لە واتای زماوانیشەوە دەردەکەوێت دادوەری واتای بڕانەوە و تەواوبوونی شتێك یاخود یەکلاکردنەوەی شتێك دەگەیەنێت[٤]، زیاتر ئاشکرایە لەم پێناسەیەی (ابن خلدون) کردوویەتی بۆ پۆستی دادوەری و ووتویەتی: ((بریتییە لەو پلە و پۆستە، کە کێشەکان لەناو خەڵکدا چارەسەر دەکات و کێشەکان بنبڕ دەکات))[٥].

(القلقشندي) پۆستی دادوەری لە پۆستە کارگێڕییە بەرزەکانی بواری ئاینی هەژمار کردووە[٦]. پێشمان وایە ئەم تێڕوانینەی (القلقشندي) سەرچاوەی گرتووە لە پەیوەستبوون و کارگێڕی پۆستی دادوەری لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی و دیاریکردنی مەزهەبێکی ئیسلام و کردنە بنەما بۆ دادوەریکردن لە لایەن کارگێڕی پۆستی دادوەری، کە پێی دەوترێت (دادوەر – قاضي)[٧].

سەرەڕای ئەوەی دادوەر دەبێت شارەزای تەواوی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام و ئەو مەزهەبە بێت، کە دادوەری پێدەکات[٨]، (القلقشندي) ووتویەتی: ((دادوەریکردن ئەوپەڕی توانای زۆری دەوێت))[٩]. بێگومان ئەمانەش پێگەیەکی گەورە و گرنگییان بە پۆستی دادوەری داوە و هۆکاربوون بۆ ئەوەی پۆستی دادوەری کارگێڕی بەشێکی دانەبڕاوی سەرەکی بێت لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتان لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامدا گرنگی پێدراوە بۆ ڕێگرتن لە زوڵم و زۆرداری و گەڕانەوەی ماف بۆ

---

[١] ابن خلدون: تأريخ ابن خلدون، ج٤، ص٤١٠؛ ابن نباتة مصر: كتاب المختار ومن كتاب تدبير الدول، دار الكتب والوثائق العراق، بغداد، ٢٠٠٩م، ص٢٤٣.

[٢] عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٨٤.

[٣] محمد احمد درنيقة: م.س، ص٥٤؛ جرجي زيدان: تاريخ التمدن الاسلامي، ج١، ص٢٣٥.

[٤] القلقشندي: صبح الاعشى، ج٥، ص٤٥١؛ الفيروز ابادي: م.س، ص١٣٥؛ محمد فريد وجدي: م.س، ج٧، ص٨٣٧.

[٥] المقدمة، ج١، ص٤٠٧.

[٦] صبح الأعشى، ج٩، ص٢٥٥.

[٧] الماوردي: الأحكام السلطانية، ص٨٨؛ الزبيدي: تاج العروس، مط/ الخيرية المنشأة عالية مصر، القاهرة، ١٨٩٧م، ج٥، ص ص٧٣-٧٩.

[٨] اليوزبكي: م.س، ص١٩٢.

[٩] صبح الأعشى، ج٩، ص٢٧٢.

خاوەن مافەکان[١]، هەر لە سەرەتای ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەر بوونی هەبووە، یەکەم دادوەریش پێغەمبەر محمد (د.خ) بووە، پاشان لە سەردەمی ڕاشیدەینەکاندا هاوشێوەی سەردەمی پێغەمبەر بەردەوامی هەبووە، دواتریش لە سەردەمی ئومەوی بەردەوامی هەبووە ئەم پۆستە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و بە درێژایی سەردەمە جیاجیاکانی خیلافەتی عەباسی بە شێوازێکی سیستماتیکانە بەردەوامی هەبووە لەگەڵ بوونی تایبەتمەندی خۆی بەپێی بارودۆخە جیاجیاکانی خیلافەتی عەباسی[٢].

دەوڵەتی مەروانیش وەك دەوڵەتێکی سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) جیهانی ئیسلام بەگشتی، پۆستی دادوەری هەر لە سەرەتای کارگێڕی دەوڵەتەکە بەشێك بووە لێی و بە شێوەیەکی دانەبڕاو بەردەوامی هەبووە تا سەردەمی لاوازی و کۆتایی هاتنی دەوڵەتەکە[٣]، وەك الفارقي ناوی ژمارەیەکی بەرچاو و دیاری دادوەری بردووە لە شارە جیاجیاکانی سنووری دەوڵەتی مەروانی[٤]. لەگەڵ ئەوەی ئاشکرایە، کە ئەم پۆستە پۆستێکی وەرگیراوە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی عەباسی، بەڵام سیستەمی دادوەری لە دەوڵەتی مەروانیدا تایبەتمەندی خۆی هەیە[٥].

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بڕوانینە ئەو تایبەتمەندییانە دەبینین لە سیستەمی ئەم دەوڵەتەدا پۆستی (دادوەری دادوەران – قاضي قضاة)[٦] نییە، کە لە کاتێکدا لە هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی عەباسی و فاتمی‌دا هەبووە، کە سەرپەرشتی گشت دادوەرانی کردووە لە شوێنە جیاجیاکانی دەوڵەتدا، کە ڕۆڵی وەزیری دادی ئەمڕۆی بینیووە[٧].

---

[١] ابن عبد ربه: م.س، ج١، ص٧٨؛ طرطوشي: م.س، ص ص٣٩-٤٣.

[٢] حسين الحاج حسن: حضارة العرب في صدر الأسلام، ص ص١٧٥-١٨٢.

[٣] محمود ياسين التكريتي: م.س، ص ص١٥٠-١٥٤.

[٤] تاريخ ميافارقين، ص٤٦٢؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خشتەی دادوەران، پاشکۆی ژ.٨، ل ل ١٨٧-١٨٨.

[٥] هەرچەندە (محمود ياسين التكريتي) پێی وایە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی بەشێکە لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی عەباسی، (ن.م، ص١٥٣).

[٦] پۆستی قاضي قضاة: پۆستێکی باڵای دادوەرییە لە ساڵی (١٧١ك/ ٧٨١ز) لەسەر دەستی خەلیفەی عەباسی خەلیفە (هارون رشيد) دانرا، بە هۆی فراوانی دەوڵەتی عەباسی، یەکەم کەسیش ئەم پۆستەی وەرگرتووە (يعقوب بن ابراهيم الانصاري) خوێندکاری (ابي حنيفة) و نوسەری کتێبی (الخراج) بووە، کە دەسەڵاتی باڵای هەبووە، (دادوەری دادوەران – قاضي قضاة) سەرپەرشتی تەواوی دادوەرانی کردووە لە هەرێم و ویلایەتەکان، کە خۆی لە پایتەختی دەوڵەتی عەباسی دانیشتووە، هەندێك جار دادوەرانی دیاریکردووە و دایناوە، لە خەلیفە نزیك بووە و هەندێکجار ناسراوە بە (دادوەری خەلیفە)، (حسن باشا: م.س، ص٧٤؛ محمد احمد درنيقة: م.س، ص٥٩؛ محمد الزحيلي: تاريخ القضاء في الأسلام، دار الفكر، دمشق، ١٩٩٥م، ص٢٤٢).

[٧] القلقشندي: م.س، ج٣، ص٤٨٦؛ المقريزي: الخطط، مكتبة المدبولي، ١٩٩٧م، ج٢، ص١٥٢؛ محمد الزحيلي: تاريخ القضاة، دار الفكر، دمشق، ١٩٩٥، ص ص٢٤٦-٢٤٨؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٧٨.

دادوەرەکان لە سەرەتای دەوڵەتی مەروانی تا ساڵی (٤٢٨-٤٢٩ك/ ١٠٣٦-١٠٣٧ز) پێدەچێت دادوەرەکان ئازاد بووبێتن لە هەڵبژاردنی مەزهەبێك لەو چوار مەزهەبەی ئیسلام[١] بۆ دادوەریکردن لە سەری، چونکە تا ئەو کاتە باس لە هیچ مەزهەبێك نەکراوە، کە نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی کردبێت لەو ناوچەیانەدا و بەتایبەتیش دەوڵەتی مەروانی لەو بەشەی وڵاتی کورداندا، بەڵام لەو مێژووە بە دواوەوە وەك ئاماژەی پێکراوە، پەیڕەوی مەزهەبی شافیعییان کردبێت بە هۆی بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شافیعی لە هەرێمی جەزیرەدا، کە بە کوردستانی ناوەڕاست ناوبراوە لە خوێندنگەی فارقین و دیاربکر لە لایەن (ابا عبدالله الکارزوني)[٢]، کە هاوشێوەی پەیڕەوی مەزهەبی شافیعی بووە لە مصر[٣]. لە کاتێکدا دادوەرەکانی هەردوو دەوڵەتی عەباسی و فاتمی هەر یەکەیان پەیڕەوی مەزهەبێکیان کردووە وەك مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و پەیوەست بوون پێوەی، کە لەو شوێنەی دادوەریان تێداکردووە و جێی باوەڕبوون واتە هیچ کات ئازاد نەبوون لە هەڵبژاردنی مەزهەبێك، کە بیکەنە بنەمای دادوەریان[٤].

هەروەها لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانیدا یەك جۆر دادوەر هەبووە، کە دەتوانین بڵێین دادوەری گشتی بووە، دادوەری تایبەتمەندییان نەبووە وەك (دادوەری سەربازی – قاضي عسکري)[٥]. دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی هیچ نازناوێکیان نەبووە و پێنەدراوە وەك دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی بووەیهییەکاندا جگەلە نازناوی دادوەری دادوەران (قاضي قضاة) نازناوی (أقضی القضاة) دەرکەوت لەسەر دادوەرەکان، کە شکۆ و پایەی کەمترە لە نازناوی (قاضي القضاة)[٦].

لەگەڵ ئەمانەشدا سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی وەك ئاماژەمان پێکردووە، هاوشێوەی سیستەمی دادوەری دەوڵەتی عەباسییە بەتایبەتی، هاوکاتی ئەمەش هەڵگری تایبەتمەندی سروشتی ژینگەی دەوڵەتی مەروانییە، وەك زیاتر دەردەکەوێت لەم پێکهاتانەی سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی:

---

[١] کە بریتیین لە مەزهەبەکانی (شافعی و حەنەفی و مالکی و حەنبەلی) بە شێوەیەکی سەرەکی، (محمد أبو زهرة: تأریخ المذهب الأسلامیة، دار الفکر العربي، د.ت، ص ص(٣٢٩،٢٨٦)؛ عبدالقادر محمد البکار: المدخل إلی دراسة المذاهب الفقهیة، ط٤، دار السلام، ٢٠١٢م، ص ص٩٥، ١١٣.

[٢] (ابا عبدالله الکارزوني): ناوی (محمد بیان محمد الاحدي)یە کە بەناوبانگترین فەقیهەکانی دیاربکر، کە لە سەردەمی میر (نصر الدولة) لە ئامەد نیشتەجێبووە، وانە و فیقهی خوێندووە، کتێبی (الکارزوني) هەیە، لە ساڵی (٤٥٥ك/ ١٠٦٣ز) مردووە، (الأسنوي: طبقات الشافعیة، ١٩٨٧م، ص؛ ابن الأثیر: م.س، ج٧، ص٤٤٦؛ عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص١٨٦؛ بابە شێخ مەردۆخ روحانی: مێژووی ناودارانی کورد، چخ/ ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١ز، بگ١، ل٣٥).

[٣] جرج زیدان: م.س، ج١ن ص٢٣٨.

[٤] الماوردي: الأحکام السلطانیة، ص٩١.

[٥] دادوەری سەربازی: ئەمە دادوەرێکی تایبەتمەندی کاروباری سەربازی بووە، کە لە سەردەمی (عمری کوڕی خطاب) (ر.خ)دا هاتووە، کە بۆ دابەشکردنی موچەی سەربازان و دابەشکردنی دەسکەوتی شەڕ زۆر بووە و کێشە سەربازییەکانی چارەسەر کردووە، (الیوزبکي: م.س، ص١٩٥.)

[٦] القلقشندي: مأثر الأناقة، ج١، ص٣٣٥؛ محمد الزحیلي: م.س، ص٢٤٢.

### أ- دەست نیشانكردنی دادوەر و بنەماكانی

شێواز و بنەماكانی دەست نیشانكردنی دادوەر بە شێوەیەكی فەرمی دیارینەكراوە و باسنەكراوە لە دەوڵەتی مەروانی، بەڵام پێمان وایە دوو شێواز دەست نیشانكردنی دادوەر هەبووە، كە شێوازی یەكەمی ڕاستەوخۆ میری وڵات كەسێكی دەست نیشانكردووە بە بێئەوەی ئەو كەسە پێشتر خۆی كاندید كردبێت بۆ پۆستی دادوەری، بێگومان ئەم دەست نیشانكردنەی داوەرەش دەبینرێت لە هەڵبژاردنی دادوەر لە دەوڵەتی عەباسی لە بەغدا هەبووە، بۆ ماوەی دوو سەدە لە خێزانی (ابي شوارد) بووە [1].

شێوازی دووەمی دەست نیشانكردنی دادوەر بریتییە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شایستەبوونی پۆستی دادوەری بووە، خاوەن زانست و زانیاری و شارەزایی تەواوی لە شەریعەتی ئاینی ئیسلام بووە، كە ئەمەش بەشێكە لەو مەرجانەی (ماوردي) بۆ بوون بە دادوەری لە سیستەمی كارگێڕی ئیسلامدا دەست نیشانیكردووە[2].مەرجەكانی تری دادوەریشیان تا ڕادەیەك تێدا بووە[3]، چونكە زۆربەی دادوەرەكانی دەوڵەتی مەروانی شەرعزانی بەتوانابوون و بەناوبانگ و ناسراوبوون وەك هەر لە سەرەتای كارگێڕی دەوڵەتدا پەیڕەوییان كردووە، ئاشكرایە لە بوونی دادوەر (أبو علي المحسن التنوخي)[4] لە شاری جەزیرەی (ابن عمر) لە سنووری دەوڵەتی مەروانیدا، كە كەسێكی خاوەن ئەزموون و ناسراو بووە، لە بنەماڵەیەك بووە، كە باووباپیرانی دادوەر بوون لە ناوچە جیاجیاكانی دەوڵەتی عەباسی هەروەها دادوەر (أبو علي المحسن التنوخي) پێش ئەوەی دادوەر بێت لە شاری جەزیرەدا، دادوەر بووە لە (واسط) لە ساڵی (٣٦٣ك/ ٩٧٤ز) و لە دوای ساڵی (٣٦٧ك/ ٩٧٧ز)دا بووەتە دادوەر لە شاری جەزیرە[5].

هەروەها بە هەمان شێوە ئەو بنەمایانە پەیڕەوكراون لە هەڵبژاردنی داوەرەكانی تریشدا وەك میر (نصر الدولة) لە ساڵی (٤٢٩ك/ ١٠٣٨ز) (أبو المرجا سعادة حسين بن بكر) كردووەتە دادوەری میافارقین، لە كەسە شارەزاكانی بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام بووە و خاوەن زانست بووە لەو بوارەدا وەك الفارقي دەڵێت: ((شەرعزانێكی لێهاتوو بووە))[6]، هەروەها (أبو المرجاسعدة حسين بن بكر) هەر لە سەردەمی میر (نصر الدولة) كراوە بە دادوری میافارقین تا ساڵی (٤٣٥ یان ٤٣٦ك/ ١٠٤٤ یان ١٠٤٥ز) بەردەوام بووە لە دادوەری، كەسێكی شارەزا و زانستخواز بووە، كە لە ڕۆژانی دادوەرێتیدا نامەی بە (ابن الفطير)

---

(١) جاك ريسلي: الحضارة الاسلامية، ص٨٣.

(٢) الأحكام السلطانية، ص٨٤.

(٣) ئەو مەرجانەش بریتیین لە ژیری، تەمەنی گونجاو (باڵغ بوون)، دادپەروەر، موسڵمان، سەلامەتی هەستەكان وەك (بیستن و بینین و قسەكردن)، شەرەفمەندی و نەرمونیان و لەسەرخۆ بێت، (ماوردي: م.س، ص٨٤).

(٤) ناوی (المحسن بن ابي القاسم علي بن محمد بن ابي الفهد داود بن ابراهيم بن تميم التنوخي)یە و نازناوی (ابو علي التنوخي)، لە ساڵی (٣٢٧ك/ ٩٣٩ز) لە شاری بصره لەدایكبووە، كەسێكی شاعیر، ڕۆشنبیر، ئەدیب بووە و لە بنەماڵەیەكی ناسراو و دیار بووە، لە ساڵی (٣٤٦ك/ ٩٥٨ز) (العيار) بووە لە (دار الضرب) لە بازاڕی (اهواز)، پاشان هەر لە اهواز دەبێتە جێگری دادوەر، لە ساڵی (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز)، لە شاری بەغدا كۆچی دوایی دەكات، (ابن الجوزي: المنتظم، ج١٤، ص٣٧٣؛ الصفدي: م.س، ج٢٥، ص٩٠).

(٥) ياقوت الحموي: معجم الأدباء، ج٤، ص٢٢٨٠؛ ابن خلكان، وفيات الأعيان، ج٤، ص١٥٩.

(٦) تأريخ ميافارقين، ص٤٩١.

نووسەریدا ناردووە بۆ موسڵ بۆ لای دۆستێکی، کە هەندێك کتێبی شەرعزانی بۆ بنێرێت، کە لە میافارقین دەست نەکەوتوون[١]. لە دوای ئەم دادوەرەش دادوەر (أبو منصور بن طوسي) بووەتە دادوەری میافارقین تا ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) فەقیهزانێکی زانا بووە[٢].

سەرەڕای ئەوەی شارەزایی و زانینی زانستی شەرعی بنەمای سەرەکی هەڵبژاردنی دادوەر بووە، بەڵام ڕەچاوی ڕێزداری و ناوداری دەوڵەمەندی و ناسراوی کراوە لە هەڵبژاردنی دادوەردا، وەك لە سەردەمی میر (نصر الدولة)دا (أبو علي حسن بن علي الأمدي) ناسراو بە (البغل) کراوە بە دادوەری ئامەد، کە دیارترین گەورە پیاوی ئامەد بووە و ئەوەندە موڵك و پارە و زەوی لە ناوەوەو دەرەوەی شار هەبووە، کە کەس وەك ئەو نەیبووە، تا ساڵی (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز) بەردەوام بووە لە دادوەرێتی، هەروەها خاوەن بۆچوون و ژیری و سیاسەت بووە[٣].

لە دانانی دادوەریدا لە دەوڵەتی مەروانی ڕەچاوی ئەزموونداریو بنەمای میراتگری کراوە، سەرەڕای ناسراوی و ناوداری و دەوڵەمەندی (چاوتێری) وەك ئاشکرایە لە ساڵی (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز) (أبو حسن بن أبو علي بن بغل) کراوە بە دادوەری ئامەد، سەرەڕای ئەوەی کوڕێکی تری بە ناوی (أبو القاسم علي) لە ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) کرابوو بە دادوەری میافارقین، وەك الفارقي ووتویەتی: ((لە ساڵی (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز) (نصر الدولة) دەستی بە سەر دادوەر (ابي علي بن بغل) گرت، کوڕەکانی ئازاد کرد، دادوەر (أبو حسن)ی کوڕی گەڕایەوە ئامەد، دادوەر (أبو قاسم)ی کوڕی لە دادوەرێتی میافارقین مایەوە))[٤]. بە هەمان شێوە کە باس لە دادوەر (أبو حسن الأمدي)[٥] دەکرێت کە دادوەری میافارقین بووە لە ساڵی (٤٥٥ك/ ١٠٦٣ز) لادراوە لەسەر بنەمای ناوداری و دەوڵەمەندی و ناسراوی و لێهاتوویی کرابێت بە دادوەر، چونکە الفارقي ووتویەتی: ((لە ماڵە گەورە و پێشەواکان بوو، پیاوێکی مەزن و دڵاوا بوو، پارەیەکی زۆر و موڵکێکی زۆریشی هەبوو))[٦].

بێگومان ڕەچاوکردنی ئەم سیفەتانەش بۆ دادوەریکردن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە نابێت کەسانی چاوبرسیو تەماعکارو چاولەدەستی خەڵك بکرێتە دادوەر تاکو لەو پێناوەدا دیاری و بەرتیل

---

[١] الفارقي: ن.م، ص٤٨٩.

[٢] الفارقي: ن.م، ص٤٩٨؛ کارزان محمد حسين: الأمير نصر الدولة (المرواني ٤٠١-٤٥٣هـ/ ١٠١٠-١٠٦١م)، ص٧٧.

[٣] ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص٣٦٤؛ شيلان ثامر عبدالله النهيلي: النظم الأدارية والعسكرية في الأمارات الكردية (٣٤٠-٤٧٨هـ/ ٩٥١-١٠٨٥ز)، ص٧٤.

[٤] ئەمەش هاوشێوەی سیستەمی دادوەری خیلافەتی عەباسییە لە بەغدا، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم توێژینەوەیە، ل١١٢.

[٥] تاريخ ميافارقين، ص٥٠٤.

[٦] هاوکات (ابو حسن الأمدي) (علي بن محمد بن عبدالرحمن)، کە ناسراوە بە (أبو حسن البغدادي الأمدي)، کە لە بەغدا لەدایك بووە و خەڵکی ئەوێیە، لە ساڵی (٤٥٠ك/ ١٠٥٨ز) هاتووەتە (ئامەد)، لەوێ خوێندوویەتی بۆ فەقیەتی و پێشتریش خوێندوویەتی لەو بوارەدا، یەکێك بووە لە فەقێ زیرەکەکان، لە ساڵی (٤٦٧ك/ ١٠٧٥ز) لە شاری ئامەد مردووە، لە زۆرێك لە سەرچاوەکاندا (ابو حسن الأمدي) بەو نازناوە ناسێنراوە و بەو شێوەیە پێناسەی کراوە و باسکراوە، دەکرێت هەمان ئەم دادوەرەی دەوڵەتی مەروانی بێت، (الحنبلي: م.س، ج٥، ص ص٢٨٠-٢٨١؛ الزركلي: الأعلام، ج٤، ص٣٢٨).

وەرگرێت و بەو هۆیەوە دادوەریکردنەکەی لاسەنگ بێت. لە سیستەمی دادوەری وەك بەشێك لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا دووپات کراوەتەوە و بە گرنگەوە باسی لێوەکراوە و ڕەچاوکراوە[1].

هەروەها لە هەڵبژاردنی دادوەردا لە دەوڵەتی مەروانیدا ڕەچاوی چاکە و پیاوەتی لەسەر ئاستی تاکە کەس و ویستخوازی و بەرژەوەندی تاکە کەس کراوە، کە وەزیری وڵات ڕۆڵی سەرەکی تیابینیووە و ویستوویەتی و پاڵنەری سەرەکی بووە لەم کارەدا و بە هەر شێوەیەك خۆی ویست بێتی و ڕێکیخستووە تا میری وڵات ڕازیکردووە بە دانانی ئەو کەسەی ویستی لەسەر بووە و دەست نیشانیکردووە بۆ بوون بە دادوەری وەك (أبو قاسم علي) کوڕی دادوەر (ابي علي بن علي) ئامەدی کراوە بە دادوەری میافارقین لە لایەن میر (نصر الدولة) لە ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) بە هەوڵدانی وەزیر (ابن جهیر)، کە ڕەچاوی چاکەی دادوەر (أبو علي) باوکی کردبوو، کە هەیبووە بە سەرییەوە، کە وەزیر (ابن جهیر)ی هێنابوو بۆ ناوچەی دیاربکر و پێشتریش هەوڵی بۆدا لای میر (نصر الدولة)[2]. هەرچەندە ئەم دادوەرە لە بنەماڵەیەکی ئەزمزونداری دادوەریدا بووە، کە باوکی دادوەر بووە، بەڵام ڕەچاوکردنی چاکە و پیاوەتی و ویستخوازی تاکە کەسی یەکناگرێتەوە لەگەڵ پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی وڵات بەگشتی و بەتایبەتی پۆستی دادوەری و بوون بە دادوەری و سیفەت و مەرجەکانی دادوەر[3]، کاریگەری مەترسیداری دەبێت لەسەر دادوەریکردن، چونکە دادوەری کارێکی تایبەتمەندە و ئەوپەڕی بەرپرسیارێتی وەرگرتنە بەرامبەر خودا و خەڵك، کە پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی مافەکانی خەڵك لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام[4]. کە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی دادوەرری خستووەتەڕوو، دەڵێت: ((دادوەری هەستانە بە جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەت و فەرمانەکانی شەریعەت و نەهێشتنی ناکۆکی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان))[5].

شێوازی سێیەمی هەڵبژاردنی دادوەر لە سیستەمی دادوەری لە کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بریتییە لەوەی، کە چەند کەسانێك کە خۆیان بە شایستەی پۆستی دادوەری زانیووە خۆیان هەڵبژاردووە بۆ ئەم پۆستە، کە لەناویاندا کامیان بەتواناتر و لێهاتووتر بووە بۆ دادوەریکردن کراوە بە دادوەر لە لایەن وەزیری وڵاتەوە. وەك لە ساڵی (٤٦٨ك/ ١٠٧٦ز) کۆمەڵێك لە خەڵکی میافارقین بۆ دادوەرێتیکردن کاندید کراون لەوانە: (ابن عامر، ابن زیدان، کوڕانی دادوەر علي بن بغل و ابي بكر محمد بن صدقة). لێرەدا وەزیر (أبو طاهر بن انباري) گرنگی بە (ابي بكر محمد بن صدقة)[6] داوە لە نێوانیاندا و ڕێزیلێناوە و

---

[1] الأشبهي المحلي: المستطرق، ج١، ص٩٨.

[2] الفارقي: م.س، ص٥٠٤؛ السيوطي: بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، ط٢، دار الفكر، د.م، ١٩٧٩م، ج٢، ص١٦٢.

[3] الماوردي: م.س، ص٩١؛ محمد بن شاكر الشريف: م.س، مجلد٢، ص٧٠.

[4] حسن علي حسن وآخرون: الحضارة العربية الاسلامية، ص١٠٣.

[5] ماثر الاناقة، ج١، ص٧٧.

[6] ئەم دادوەرە ماوەیەکی زۆر دادوەری شاری میافارقین بوو، کە لە ساڵی (٤٦٨ك/ ١٠٧٦ز) دادوەری ئەم شارەی کردووە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەروانی تا ڕووخانی دەوڵەتی مەروانی (٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز) بۆ یەکەم جار، کە لە دوای ئەو ماوەیە بەردەوام بووە لە دادوەری شاری میافارقین لەژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، دەورێکی خراپی بینی لە بەرامبەر دەوڵەتی مەروانی، کە هاوکار و یارمەتیدەری میری مەروانی میر (ناصر الدولة) نەبوو، بەڵکو دژایەتی کردوون و لە بەرامبەردا یاریدەدەری دەوڵەتی سەلجوقی بووە، کە دووبارە دەوڵەتی مەروانی بڕوخێنن لە ساڵی (٤٨٦ك/ ١٠٩٣ز) دەوڵەتی

کردوویەتی بە دادوەری میافارقین[1]. دەتوانین بڵێین لەسەر هەمان بنەمای شارەزایی و خاوەن زانست و زانیاری بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بووە، کە بەتواناتر و زاناتر بووە لەو بوارەدا لەوانەی تر، کە لەگەڵیاندا خۆیان هەڵبژاردبوو، چونکە فەقیهزانێکی زانا بووە و یەکێك بووە لە هاوەڵانی کارزۆنی فیقهزان، لە لای دادوەر (ابي منصور بن شاذاني طوسي) خوێندوویەتی و خاوەن ئەزموون بووە لە بواری دادوەریدا، کە جێگرایەتی بۆ دادوەر (ابي نصر بن جرجور) کردووە، خەڵکی حەزی بە دادوەری کردووە، تا ڕووخانی دەوڵەتی مەروانی هەر بەردەوامبووە لە دادوەری[2].

## ب- ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی دادوەر

ڕێوڕەسمی دانان و دامەزراندنی دادوەر باسی لێوەنەکراوە بە شێوەیەکی فەرمی و دیارینەکراوە لە دەوڵەتی مەروانیدا، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕێوڕەسمی تایبەتمەند بە دامەزراندنی دادوەر لەم دەوڵەتەدا بوونی هەبووە و سازکراوە بە ئامادەبوونی میر، وەزیر، کەسانی ناسراوی وڵات، ناوچەکە، پیاوماقوڵان، دادوەری ناوچەکانی تر و وتارخوێن، کەسی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی دادوەری دانراوە بە دادوەر، پاشان وتاربێژ لە ڕۆژی هەینیدا لەسەر مینبەری مزگەوت، بەڵێندان بە دادوەری خوێندووەتەوە و لە هەمان ئەو ناوچەی، کە تیایدا کراوە بە دادوەر. بەو شێوەیەش دادوەر بە شێوەیەکی فەرمی بووە بە دادوەر و ڕەوایەتی پێدراوە[3]، وەك لە ڕێوڕەسمی جێگیرکردنی (أبو القاسم علي بن قاضي ابي علي بن البغلي الأمدي) لە پۆستی دادوەریدا لە میافارقین لە ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) ئاشکرایە، کە بە ئامادەبوونی میر (نصر الدولة) و وەزیر (ابن جهير) و دادوەر (أبو علي) باوکی و (أبو حسن) برای و (ابن ابي ايوب و ابن بکرون)، کە لە گەورە پیاوانی ئامەد بوون و (ابن عقيل)ی وتاربێژ بەڕێوەچووە، لە لایەن میرەوە کراوە بە دادوەر، کە ابن عقيل بەڵێنەکەی لە ڕۆژی هەینیدا لەسەر مینبەری مزگەوت خوێندووەتەوە، کە (أبو القاسم علي) بە فەرمی بووەتە دادوەری میافارقین و شەرعیەتی پێدراوە بەو شێوەیە[4].

دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی لە یەك کاتدا تەنها دادوەری یەك شاریان گرتووەتەدەست بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی ئەگەر بڕوانینە دادوەرەکان دەبینین دادوەر هەبووە لە دەوڵەتی مەروانیدا لە یەك کاتدا دادوەری دوو شار گرتووەتەدەست و هەر مانگە و لە شارێك کاری

---

مەروانییان دامەزراندبوو لە میافارقین، لەو ماوەیەدا دووجار سەردانی (سلطان ملکشا)ی کردووە لە اصفهان، جاری یەکەم داوای لابردنی (ابي علي الحنبلي)یان داوە بە یاوەری وەفدەکەی لە دیاربکر، ئەویشش لایبردووە و جاری دووەم لەگەڵ چەند کەسانی میافارقین چوون بانگهێشتی سوڵتانیان کرد بۆ میافارقین، کە هات بەدەم داواکەیان و کۆتایی بە دەوڵەتی مەروانی هێناوە، سەرەنجام سوڵتان پاداشتی دادوەری کرد بە پێدانی لادێی (قلونح) و چەندین پارچە زەوی بەردەوام بووە تا ساڵی (٤٩٠ك/ ١٠٩٧ز) مردووە و ژنی نەهێناوە، (الفارقي: م.س، ص٥١٥؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص ص١٩٣-١٩٤).

(١) الفارقي: م.س، ص٥١٥؛ محمود ياسين التكريتي: م.س، ص١٥٣.

(٢) الفارقي: ن.م ، ص٥١٥.

(٣) عەلی خەزنەداری: س.پ، ب٢، ل٣٣٩.

(٤) الفارقي: ن.م، ص٥٠٤؛ عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص١٨٥.

دادوەری کردووە و بە ڕێوڕەسمی تایبەتمەند هاتوچۆی کردووە لە نێوان ئەو دوو شارەدا و پێشوازی لێکراوە[1]. وەك دادوەریکردنی شاری میافارقین و ئامەد لە لایەن دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمة المالكي) لە یەك کاتدا، کە پێشتر (أبو عبدالله حسين بن سلمة المالكي) دادوەری شاری میافارقین بووە لە ساڵی (٤٠٩ك/ ١٠١٨ز) هاوکات بووەتە داوەری شاری ئامەدیش لە ساڵی (٤١٥ك/ ١٠٢٤ز)، هەرچەندە وەك دەردەکەوێت لە بارودۆخێکی ئاسایی بووە، چونکە شاری ئامەد لەو ساڵەدا تازە کەوتبووە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی مەروانی[2].

## ج- دادوەریکردن لەسەر ئاستی شارەکان

پێمان وایە دادوەریکردن لە دەوڵەتی مەروانیدا لەسەر ئاستی شارەکان بووە و پۆلێنکراوە بەپێی شارەکان، کە بە شێوەیەکی گشتی هەر شارە و دادوەری خۆی هەبووە[3]، وەك باس لە دادوەری شاری ئەرزن کراوە، کە هەرچەندە نەناسراو بووە، بەڵام باس دەکرێت کە ئامادەی هەبووە لە ڕێوڕەسمی دانان و ڕاگەیاندنی (احمد بن مروان) بە میری وڵات لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز)[4]دا، هەروەها ناوی ژمارەیەك دادوەری شاری ئامەد و شاری میافارقینی بردووە هەروەها لە شاری نصيبين بە هەمان شێوە دادوەری بۆ دانراوە[5]، کە ئەمەش جیاوازبووە تا ڕادەیەك لە دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی دەوڵەتی عەباسی، کە لە ناحیەکانیشدا دادوەریان دانابوو یاخود چەند دادوەرێك لە شارێکدا ئەگەر شارەکە گەورە بووبێت[6]، هەروەها هەر شارێکی دەوڵەتی مەروانی بە شێوەیەکی گشتی یەك دادوەری هەبووە و دادوەرەکانیش لەژێر دەسەڵاتی تەواوی میر (نصر الدولة) بوون.

لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی دادوەر هەبووە لە یەك کاتدا دادوەری دوو شاری کردووە بە شێوەیەکی سیستماتیکی، بۆ نموونە دادوەر (أبو عدالله حسين بن سلمة المالكي) لە ساڵی (٤١٥ك/ ١٠٢٤ز) مانگێك لە میافارقین دادوەرێتی کردووە و مانگێکیش لە شاری ئامەد، کە بەپێی ڕێکخستنی کاتێکی دیاریکراو لە هەموو مانگێکدا، کە ئەو کاتە دیاریکراوەش چواردەی مانگ بووە لە هەموو مانگێکدا دەرچووە، لەو کاتەدا لە میافارقین بەڕێدەکەوت بەرەو ئامەد بۆ کاری دادوەری ئەوێ، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتمەند، کە هەموو ئامادەکارییەکی لە خواردن و شتومەك و بەز بۆ داگیرساندن و ڕووناك کردنەوەو بۆن و شتی دیکەی بۆ کرابوو لەگەڵ خۆیان و هەڵیانگرتبوو لەگەڵ گۆرانیبێژان بەڕێکەوتبوون تا گەیشتووەتە (قاسمية)، کە لە ناوەڕاستی ڕێگای نێوان میافارقین و ئامەدە، لەم شوێنەدا دەگەیشتن بەوانەی لە ئامەدەوە هاتبوون بۆ پێشوازی، کە دادکار و گۆرانیبێژان بوون و پێداویستییان

---

[1] محمود ياسين التكريتي: م.س، ص١٥٢.

[2] الفارقي: م.س، ص٤٨٤.

[3] عبدالرقيب يوسف: ن.م ، ج٢، ص١٨٥.

[4] الفارقي: ن.م ، ص٤٧٠؛ ابن شداد: الأعلاق الخطيرة، ج٣، ق١، ص٣٤٣.

[5] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خشتەی دادوەران، پاشکۆی ژ.٨، ل ل١٨٧-١٨٨.

[6] اليوزبكي: م.س، ص١٩٥؛ جرج زيدان: م.س، ج١، ص٢٣٦.

پێبووه، لەوێدا شەویان بەسەربردووه، کە بەیانی داهاتووه، دادوەر لەگەڵ دادکاری ئامەد و ئەوانەی هاتبوونە پێشوازی ڕۆیشتبوون بەرەو ئامەد، ئەوانەی میافارقینیش گەڕاونەتەوە میافارقین[1]. بەم شێوەیەش دادوەر تا چواردەی مانگ لە ئامەد ماوەتەوە و بە هەمان شێوە کەوتووەتەڕێ بۆ دادوەریکردن بۆ میافارقین، کە بەردەوامیش ئەم شێوازە پەیڕەوکراوە تا ساڵی (٤٢٨ك/ ١٠٣٧ز) دادوەر کۆچی دوایی کردووە[2].

دەکرێت بڵێین ئەم تایبەتمەندی سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانییە، چونکە لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتانی هاوسەردەمی وەك دەوڵەتی عەباسی پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە بەرچاوناکەوێت لەو سەرچاوە مێژووییانەی باسیان دەکەن[3]. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم شێوازی دادوەرییە شێوازێکی خراپی دادوەرییە چونکە بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ شارێك بێ دادوەر دەبێت و هیچ زانیارییەکیش لە سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێت، کە ئەو شارە چۆن ئەو ماوەیە دادوەری تێدا کراوە.

## د- پێگە و دەسەڵاتی دادوەر

دادوەر لە دەوڵەتی مەروانیدا خاوەن پێگە و ڕێز و دەسەڵاتی تایبەت بووە، کە بەدەر نەبووە لەو پێگە و ڕێز و دەسەڵاتەی دادوەر هەیبووە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، کە بە بەشێکی تایبەتی کۆمەڵگا[4]، وەك ئاشکرایە میرەکانی دەوڵەتی مەروانی ڕێزی زۆریان لە دادوەرەکان گرتووە و دەسەڵاتی تەواویشیان پێداوە، وەك میر (نصر الدولة) ڕێزی زۆری لە دادوەری ئامەد، دادوەر (أبو علي حسن بن علي الامدي) ناسراوە بە (البغل) ناوە، الفارقي دەڵێت: ((ئەوەندە حورمەت و پلەوپایەی لە لای میر و گەورەپیاوانی دەوڵەت هەبوو، کە هەر باس ناکرێت))[5].

هەروەها دادوەری میافارقین و ئامەد، دادوەر (أبو عبدالله حسین بن سلمة المالکي) بە هەمان شێوە خاوەن پێگە و دەسەڵات و بڕیاری تەواوی خۆی بووە[6]، بەتایبەتیش لە سەرچاوەیەکی مێژووییدا نابینرێت و باس نەکراوە، کە میر یاخود وەزیر یان پەردەدار یاخود جێگری میر لە دەوڵەتی مەروانییدا دەست بخەنە کاروباری دادوەریکردنی دادوەر لەم دەوڵەتەدا، لە کاتێکدا دادوەرەکانی دەوڵەتی عەباسی هاوسەردەمی دەستخرایە ناو کاروباری دادوەرەکان، هەندێك جار بڕیارەکانیان لە لایەن والی ویلایەتەکان یان کەسە کارگێڕییە باڵاکان ڕەتدەکرایەوە، کاتێك دادوەر لەسەر بابەتێك کە دادوەری کردبوو، بڕیاری

---

(1) الفارقي: م.س، ص٤٨٤.

(2) الفارقي: م.س، ص٢٨٤؛ شیلان ثامر عبدالله النهیلي: م.س، ص٧١.

(3) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شوقي أبو خلیل: الحضارة العربیة الاسلامیة، ص ص٢٧٦-٢٨٠.

(4) الصابي: رسوم دار الخلافة، دار الرائد العربي، بیروت، ١٩٨٦م، ص٢٠؛ الخطط: م.س، ج٢، ص١٥٢؛ سرکار سرهنگ غلامحسین وفا: سازمان اداری حکومت اسلام، نشریه دانشکده ادبیات تبیریز، شماره (١، ٢)، چخ/ اختر شمال، تبریز، ١٣٢٩ش، ص٥٥.

(5) تاریخ میافارقین، ص ص٤٩١-٤٩٢.

(6) الفارقي: ن.م، ص٤٨٤.

**دەردەکرد. لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلام جەخت کراوەتەوە لە سەربەستی دادوەرەکان و خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی تەواو لە بواری دادوەریکردنیاندا[(١)]، کە (ماوردي) بە مەرجی سێیەمی ناوبردووە[(٢)].**

**لە تایبەتمەندی پێگە و ڕێز و دەسەڵاتی دادوەر و گرنگی دادوەری، دادوەر کۆڕبەندی تایبەتییان هەبووە بە شێوازێکی سیستماتیکی بۆ کاری دادوەریکردن، هەرچەندە لە دەوڵەتی مەروانی باس نەکراوە لەو شوێنەی کە کۆڕبەندەکە یاخود دادگاییەکە، کە کاری دادوەری تێداکراوە وەك دەوڵەتی عەباسی و دەوڵەتانی تری ئیسلام، کە سەرەتا لە مزگەوت و دواتریش گواستراوەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان و لەوێدا کاری دادوەرییان کردووە[(٣)].**

**هەروەها تایبەتمەندییەکی تری دادوەر پەیوەستە بە پێگە و ڕێزی دادوەر بریتییەلە پۆشاکی تایبەتی دادوەر، کە دەکرێت دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی پۆشاکی تایبەتی دادوەرییان لەبەرکردبێت هاوشێوەی دادوەرەکانی دەوڵەتی عەباسی، کە عەبایەکی ڕەش بووە چونکە دەبینین سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی هیچی کەمتر نەبووە لە دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی دەوڵەتی عەباسی و فاتمی[(٤)]، بۆیە دەکرێت لە کۆی ڕێوڕەسمی تایبەتی هەڵبژاردن و کۆڕبەندی دادگا، جلی تایبەتی دادوەریشیان لەبەرکردبێت، هەرچەندە باس نەکراوە و ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە باسی جلوبەرگی کۆمەڵگای کوردیدا دەوترێت دادوەرەکان هاوشێوەی میرەکان و وەزیرەکان جلی تایبەتیان لەبەربووە، بەتایبەتی باس دەکرێت، کە دادوەرەکان سەربەستی تایبەت (عمامة) بە ناوی (بقيار) بەستوویانە، یاخود پۆشاکێکی یەك پارچە بەسەر جلەکانی تریاندا پۆشیوویانە بە ناوی طيلسيان[(٥)].**

**هاوکات دادوەرەکان یاریدەدەریان هەبووە لە دادوەریکردندا، کە ئەویش بریتی بووە لەدەستەی دادوەران، کە هاوشانی دادوەر ئامادەی دادگای کۆڕبەند بوون، کە پێکهاتوون لە (دادناس – عدول) و (نوسەر – کاتب) و شروطی و شاهیدەکان پێکهاتوون[(٦)]، ئەمەش هاوشێوەی دەستەی دادوەری دەوڵەتی فاتمی و عەباسی بووە[(٧)]. ئەم دەستەی دادوەرییە لە دەوڵەتی مەروانیدا هاوشانی دادوەر، گەورەی پێگە و فراوانی دەسەڵات و ڕێزداری دادوەر و جێگیرکردنی کاری دادوەریان دەرخستووە لە دەوڵەتی**

---

(١) محمد الزحيلي: م.س، ص ص١٦٣، ٢٣١؛ عبدالكريم زيدان: نظام القضاء في الشريعة الأسلامية، ط٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٩م، ص ص٧١-٧٦.

(٢) الأحكام السلطانية، ص٨٨.

(٣) رحيم كاظم محمد الهاشمي واخرون: م.س، ص٦٢؛ عبدالكريم زيدان: م.س، ص ص٥٥-٦١.

(٤) اليوزبكي: م.س، ص١٩٦.

(٥) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤، ص ص٤١-٤٢؛ فائزة محمد عزت: م.س، ص ص١١٦، ١٢٤.

(٦) عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٨٤.

(٧) المقريزي: الخطط، ج٢، ص ص١٥٢-١٥٣.

مەروانییدا هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی هاوسەردەمی[1]. کە هەریەك لە ئەندامانی ئەم دەستە دادوەرییە کارێکی تایبەتمەندی پێسپێردراوە و مەرجی تایبەتمەندی هەبووە، وەك:

**١- دادکار(عدول)**

بریتیین لە کارگێڕی پۆستی دادپەروەری، کە پەیوەستە بە پۆستی دادوەریکردنەوە، لە لایەن دادوەرەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە لەو پۆستەدا، کە دەبووایە خاوەنی ئەمانەت و دادپەروەری بوونایە و شارەزایی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بوونایە و توانای ڕێکخستنی تۆماریشیان هەبووایە و خەڵکانی دیار و ناسراوی کۆمەڵگە بن، چونکە لەگەڵ دادوەردا سەیری سکاڵانامە و داوانامەی خەڵکیان کردووە، کە زانیاری پێویستیشی دەدات بە دادوەر تەنانەت دەربارەی ڕەوشت و ڕەفتاری ئەو خەڵکانە، هەروەها دادکار چاودێری بڕیاری دادوەری کردووە، بۆ ئەوەی بزانرێت پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی نین و کاری تری دادکار شایەتیدانە لە نێوان خەڵکیدا هەر بۆیە تۆماری تایبەت بە خۆی هەیە دادکار، کە موڵك و ماڵ و قەرز و مامەڵەی خەڵکیان بە گوێرەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام تۆمارکردووە. دادکار شوێنی تایبەتی هەبووە و ئەو کەسانەی مامەڵەی گرێبەستیان هەبووە، کە سەردانیان کردووە لە کۆڕبەندی دادگاشدا، دادکارەکان لە لای ڕاست و چەپی دادوەر دانیشتوون، وەك ئەوەی ناسراوە[2]. دەتوانین بڵێین دادکار ڕۆڵی پارێزەری ئێستای بینیووە، کە زۆرکات بریکاری داوانامەکە بوون یاخود داواکاربوون[3].

دادکار لە سیستەمی دادوەری لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) لە لای دەوڵەتانی ئیسلام وەك عەباسی و ئەخشدی و فاتمی و سەلجوقی هەبووە[4]، هاوکاتی ئەمانەش لای دەوڵەتی مەروانی دادکار هەبووە وەك (ابن البهات) دادناس بووە لە میافارقین، کە لە پیاوە ناسراو و گەورە و دەوڵەمەندەکانی شاری میافارقین بووە[5].

هەر دادوەرێك لە دەوڵەتی مەروانی دادناسێك زیاتری لەگەڵ بووە لە شارێکدا، وەك الفارقي لە باسی دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمة مالكي) کاتێك لە میافارقین بەرەو ئامەد ڕۆیشتووە لە ساڵی (٤١٥ك/ ١٠٢٥ز) دەڵێت: ((.. لەگەڵ دادکارانی ئامەد دەگەڕێتەوە شارەکە..))[6]. ئەرکی دادکاری لە سیستەمی دادوەریدا بەڵگەیە لەسەر فراوانبوونی شارەکان و پێشکەوتنی شارستانیەت و ئاوەدانی لە دەوڵەتی مەروانییدا[7].

---

[1] محمد عبدالله عودة واخرون: مختصر التاريخ الاسلامي، ص١٠٣؛ سرکار سرهنگ غلامحسين وفا: م.پ، ص ص ٥٥-٥٦.

[2] جاك ريسلر: م.س، ص٨٤؛ محمد الزحيلي: م.س، ص٢٤٧.

[3] عەلی خەزنەداری: س.پ، ل٣٤٠.

[4] عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٩٨.

[5] الفارقي: م.س، ص٥٠٠؛ عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص١٩٩.

[6] تاريخ ميافارقين، ص٤٨٤.

[7] عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص١٩٨؛ عەلی خەزنەداری: هـ.س، ل٣٤١.

## ٢- نوسەر (كاتب)

یاریدەدەرێكی تری دادوەر بووە، كە لە (خەڵكی دیوان – أهل دیوان)ن، كە داڕشتن دروست دەكەن و دەنوسن، كە ئەو كەسانەش پێویستە موسڵمان، خاوەن متمانە، ژیر، (پێگەیشتوو – سن الرشد)، ئازاد، دادپەروەر، زانا بە بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام، نەفس بەرز، خاوەن شەرەف و پیاو بێت[١]. كە ئەمانە هەڵساون بە نووسینەوەی بڕیارەكانی دادوەر لە تۆماری تایبەتیدا، جارجار شوێنی دادوەریشیان گرتووەتەوە[٢]، لەوانەش شاعیر (الفطیر) نووسەری دادوەر (ابي المرجي) بووەو یەكێك بووە لە شاعیرە بەناوبانگەكانی دەوڵەتی مەروانی[٣].

## ٣- شروطییەكان

ئەمانەش لە هاوكارەكانی دادوەربوون، كە كەسانی تایبەتمەندبوون و هەڵگری تۆمار و بەڵگەكان بوون و ڕێكخەری دانیشتنەكانی دادوەر بوون[٤]، وەك شروطی (أبو الحسن علي بن السند)، كە لە دەوڵەتی مەروانییدا ئەم كارەی كردووە[٥].

## ٤- جێگری دادوەر

ئەمەش كەسێكی شارەزا و بە توانابوون هاوشێوەی دادوەر، لە كاتی ئامادەنەبوونی دادوەر بە هەر هۆكارێك، ئەم كاری دادوەری بەجێهێناوە[٦]. كە دادوەرەكانی دەوڵەتی مەروانی جێگریشیان هەبووە لەوانەش (علي بن حامد)، كە جێگری دادوەر (علي بن احمد السنوي) لە سەردەمی میر (أبو علي حسن) (٣٨١-٣٨٧ك/ ٩٩١-٩٩٧ز)، كە دواتر بووەتە دادوەری میافارقین لە ساڵی (٤٠٠-٤٠٩ك/ ١٠٠٩-١٠١٨ز) لەبەر پەیداكردنی یاخود ئەزموونداری و شارەزایی دادوەری، هەروەها جێگری دادوەر (أبو علي حسن بن حسن) بووە. هەروەها (ابي بكر محمد بن صدقة)، كە جێگری دادوەر (ابي نصر بن هیبة الله جرجور) بووە لە میافارقین لە ساڵی (٤٦١ك/١٠٦٩ز) باس لە دادوەرێتی كراوە و دواتریش بۆتە دادوەر[٧].

---

[١] القلقشندي: صبح الأعشى، ج١، ص ص٦٥-٦٧.

[٢] محمد الزحیلي: م.س، ص ص٢٤٤-٢٤٨.

[٣] الفارقي: م.س، ص٤٩٨.

[٤] القلقشندي: صبح الأعشى، ج٥، ص٤٥٠؛ ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٣٥.

[٥] عبدالرقیب یوسف: ن.م، ج٢، ص١٨٥.

[٦] أحمد اسماعیل عبدالله الجبوري: نبذة عن تراجم قضاة الموصل واطرافها في العصر العباسي (١٣٢-٦٥٦هـ/ ٧٤٩-١٢٥٨م)، دراسات موصلیة، العدد الثاني عشر، نیسان-٢٠٠٦م، ص٢٤٧.

[٧] الفارقي: ن.م، ص ص٤٦٢، ٤٧٦.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەندین هاوكاری تری دادوەر بكەین، كە لە دەوڵەتی مەروانییدا زانیاری نییە لەسەریان، كە هاوكات لەو سەردەمەدا و دەوڵەتانی دەوروبەری بەتایبەتی دەوڵەتی عەباسی هەبوون، وەك (پەردەدار – حاجب) و (خوێنەری بڕیارەكان – عارض الأحكام) و (خازن دیوان) و (بانگدەر – منادي) و (وەرگێڕ – ترجمان) و (پیاوی متمانەپێكراوی تایبەت – الأمناء)، (أحمد اسماعیل عبدالله الجبوري: م.س، ص ص٢٤٧-٢٤٩).

دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی جگە لە کاری دادوەری پلە و پۆستی تریان پێدراوە، هاوکاتی کاری دادوەری کردنیشیان وەك پێدانی چاودێریکردنی ئەوقاف، کە دادوەر (أبو منصور بن شاذاني طوسي) لەگەڵ دادوەریکردندا چاودێری ئەوقافیش بووە لە ساڵی (٤٣٥ك/ ١٠٤٤ن) یان (٤٣٦ك/ ١٠٤٥ن) پێیسپێردراوە[1]. کە (ماوردی) بە بەشێك لە کارەکانی دادوەر ژماردوویەتی[2]، هەروەها دادوەرەکان هەندێکجار بەسەر کاروباری وەقف و شورە دانراون، لەوانە دادوەر (أبو حسن بن بغل) بەسەر کاروباری وەقفو شورە دانراوە، دادوەری دەوڵەتی مەروانی سەرپەرشتیکردنی کاروباری بیناسازیشیان پێسپێردراوە، وەك دادوەر (ابي نصر هيبة الله بن جرجور شاذي مشرقي) سەرپەرشتی بیناکردنی چینی چوارەمی تاوەری پادشای (برج الملك)ی کردووە لە ساڵی (٤٦١ك/ ١٠٦٩ن)[3] و دادوەر کاری سەفیریشی کردووە واتە نوێنەرایەتیکردنی وڵاتی کردووە لە دەرەوەی دەوڵەتەکە لەوانەش دادوەر (أبو الحسن الامدي)، کە میر (نصر الدولة) بۆ مصر ناردوویەتی لە ساڵ (٤٤٨ك/ ١٠٥٦ن) بۆ پەیوەندیکردن بە وەزیر و خەلیفەی فاتمی لە کاتی بزووتنەوەی بەساسیریدا[4].

لە ڕووی داراییەوە دەتوانین بڵێین پۆستی دادوەری لە دەوڵەتی مەروانییدا سەرچاوەیەکی باشی دارایی بووە بۆ دادوەرەکان هاوشێوەی دادوەرەکانی دەوڵەتی عەباسی، کە موچەی بەرزیان بۆ دابینکرابوو لە لایەن دەوڵەتەوە پێیاندراوە، تاکو دووربن لە پێویستییان بە هاوڵاتیان لە ڕووی داراییەوە دووربن لە بەرتیل وەرگرتن. بۆ نموونە دادوەرەکانی موسڵ لە سەدەی (٤ك/ ١٠ن) موچەیان لە نێوان (٢٠٠–٥٠٠) درهەم بووە[5]، هەروەها (القلقشندي) لە باسی موچەی دادوەردا نووسیوێتی: (دادوەری دادوەران– قاضي قضاة) موچەی مانگانەیان بە بڕی (١٠٠) دینار وەرگرتووە[6]. هەرچەندە لە دەوڵەتی مەروانییدا باس لە موچەی دادوەران نەکراوە، بەڵام ئاماژە بە دەوڵەمەندی دادوەر کراوە وەك دادوەری میافارقین دادوەر (أبو حسن الامدي) کاتێك لە ساڵی (٤٥٥ك/ ١٠٦٣ن) لە دادوەرێتی میافارقین لابراوە، الفارقي ووتویەتی: ((.. پیاوێکی مەزن و دڵاوا بوو، پارەیەکی زۆر و موڵك و ماڵێکی زۆریشی هەبووە))[7].

---

(1) الفارقي: م.س، ص٤٩٢.

(2) الأحكام السلطانية، ص١١٢.

(3) الفارقي: ن.م، ص ٥١٥.

(4) عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٩٠.

(5) الماوردي: الأحكام السلطانية، ص١١٢؛ اليوزبكي: م.س، ص١٩٦؛ احمد اسماعيل عبدالله الجبوري: ن.م، ص٩٩.

(6) دینار یەکێکە لە دراوەکانی مامەڵەکردن هاوشێوەی درهەم لە دەوڵەتانی ئیسلامدا، کە دینار لە ئاڵتون دروستکراوە، هەر دینارێك یەکسانە بە دوانزە درهەم، کە درهەم لە زیو دروستکراوە، (صبح الاعشى، ج٣، ص٥٢٦؛ محمد عبدالرؤوف بن تاج العارفين بن علي المناوي: النقود والمكاييل والموازين، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١م، ص٢٠؛ ن. عمران حسين: الدينار الذهبي والدرهم الفضي الأسلام ومستقبل النقود، ترجمة: تمام عدي، www.imranhosein.org؛ كفاح عيسى: ماالدينار وماالدرهم، مقولة ٢٣/١/٢٠١٧م، الساعة ١١:٠٠ صباح .maqo/a.org).

(7) تاريخ ميافارقين، ص٥٠٧.

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا دەردەکەوێت دادوەر خاوەنی دارایی باش بوبێت، لە ساڵی (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز)، کە میر (نصر الدولة) دەستی بەسەر دادوەر (ابي علي بن البغل)دا گرت لە میافارقین، هەر لە هەمان کاتدا وەك الفارقي دەڵێت: ((پارەیەکی زۆری لێسەندووە))[١].

## هـ- لابردن و سزادانی دادوەر

لابردن و سزادانی دادوەر ڕێپێدراوە لە سیستەمی دادوەری وەك بەشێك لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، ئەگەر هاتوو دادوەرەکە تاوانێك چەسپا لەسەری، یاخود نادادپەروەری کردبوو لە بڕیاردانی دادوەریکردنیدا، یان لایدا بوو لە بنەما و یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بۆ دادوەریکردن، یاخود نەخۆشییەك، کە کاریگەری هەبوو لەسەر دادوەریکردنی، یان خوێندنی هەبوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و خۆنوێکردنەوە لەو بوارەدا. لەسەر هەریەك لەمانە ڕێدراوە بە کارگێڕی باڵا وەك (خەلیفە، سوڵتان، میر) لایبەرێت و دادوەرێکی تر لە جێگەی دابنێت، وەك دەوڵەتی عەباسی و فاتمی دیارە لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)دا.

دەوڵەتی مەروانییش هاوشانی ئەو دەوڵەتانە بەدەرنەبووە لە سزادان و لابردنی دادوەر سەرەڕای ئەوەی ماوەی دادوەریکردن لە دەوڵەتی مەروانییدا دیاریکراو نەبووە، بە شێوەیەکی گشتی دادوەر بەردەوام بووە لە دادوەری کردن تا کۆچی دوایی کردووە، وەك هەریەك لە دادوەران (علي بن احمد السنوي و أبو القاسم حسن بن حسن بن المنذير)، کە دادوەری میافارقین بوو تا کۆچی دواییان کردووە لە دادوەریکردن لەوێدا بەردەوامبوون. هەروەها دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمة المالكي)، کە دادوەری میافارقین و ئامەد بووە تا کۆچی دوایی کردووە، بەردەوامبووە لە دادوەریکردنی هەردوو شارەکە[٢]. دادوەر (أبو نصر بن جرجور)، کە دادوەری میافارقین بووە تا کۆچی دوایی کردووە، هەرچەندە گوماناوی بە مردنەکەیەوە دیارە، چونکە الفارقي نووسیوێتی: ((لەناکاو کۆچی دوایی کردووە))[٣].

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك لە دادوەرەکان بە هۆکاری جیاجیا لابراون، لەوانە بە گومان کردنی خیانەت لە دەوڵەت، لە لایەن دەزگای کارگێڕی باڵای دەوڵەتی مەروانی، کە میری وڵات کارگێڕی باڵایە تیایدا بانگکراوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە و پاشانیش سزای بەندکردنی بە شێوەیەکی مەترسیدار لەسەر ژیانی بەسەریدا سەپاندووە، کە دەرئەنجامەکەی کۆتایی بە ژیانی دادوەر هێناوە، کە ئەم جۆرە سزایە هاوشێوەی سزای دادوەر بووە لە دەوڵەتی عەباسیدا[٤]، وەك میر (نصر الدولة) گومانی[٥]

---

[١] تاريخ ميافارقين، ص٥٠٤.

[٢] الفارقي: ن.م، ص ص(٤٦٢، ٤٧٦، ٤٩١).

[٣] الفارقي: ن.م، ص٥١٥.

[٤] ادم متز: م.س، ج١، ص٤٠٠.

[٥] ئەم گومانبردنە سەرچاوەی گرتووە لەوەی دادوەر( المرجا ابوبکر) نامەیەکی لە ڕێگەی نووسەرەکەی (ابن الفطير) ناردبوو بۆ دۆستێکی لە موسڵ کەوا ئەو کتێبانەی فیقهی بۆ بنێرێت، کە نەبووە لە موسڵ، کاتێکیش نوسەر (ابن الفطير) نامەکەی بردووە و ڕۆیشتووە و پیاوێکی بینیووە، کە دەچووە میافارقین، نامەکەی پێداوە و پێی وتووە ئەم نامەیە بدە فلان کەس و وەڵامی هەرچیەك بوو بیهێنەوە و پێنج دیناری پێداوە، لەو کاتەشدا یەك لە سەربازانی میر گوێی لەمە بووە، پاشان بە میری ڕاگەیاندووە و وتوویەتی: ئەی میر، دادوەر نامەیەکی بۆ موسڵ نوسیووە و ئەوەی گوێی لێبووە بۆ میری

خیانەتکردن لە دەوڵەت بە دادوەر (المرجا ابوبکر) بردووە و بانگیکردووە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کردووە لەسەر ئەو بابەتەی جێی گومان بووە بۆی و پرسیاری لێکردووە، بەڵام دادوەر هەر ئەو بابەتەی ڕەتی کردووەتەوە و پاشان میر سوێندیداوە و دواتریش نوسەر (ابن الفطیر)یان هێناوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردووە و پرسیاریان لێکردووە، ئەویش پێیانی ڕاگەیاندووە ئەوەی ئەنجامیداوە، بەڵام بڕوایان پێنەکردووە و لە نەسەلماندنی دادوەر و سوێندخواردنی جێگەی گومان بووە، بۆیە دادوەریان بردووەتە کۆشك و لە تاوەرێکدا دایاننیشاندووە و دەروازەکەیان بە قوڕ هەڵچنیووە و دادوەر لەوێدا بووە تا گیانی لە دەستداوە[1]، کە ئەمەش دەتوانین بڵێین جۆرێکی سزای ترسناك بووە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بۆ سەر خیانەتکارانی دەوڵەت و بەتایبەتیش کارگێڕێکی وەك دادوەر، کە تۆمەتبار دەکرێت بەو تاوانە.

هەروەها میر (نصر الدولة) لە ساڵی (٤٥١ك/ ١٠٥٩ز) دەستی بەسەر دادوەر (ابي علي بن البغل)دا گرتووە لە میافارقین کە دادوەری ئەوێ بووە، سزایداوە بە سزادانی دارایی، کە بڕێك پارەی زۆری لێسەندووە و پاشان سزای زیندانی بەسەردا سەپاندووە تا کۆچی دوایی کردووە تیایدا[2]، واتە دەتوانین بڵێین زیندانی هەتا هەتایی دەکات بە زمانی رۆژگاری ئێستا، کە بەسەریدا سەپاندوویەتی، کە پێمان وایە میر (نصر الدولة) لەبەر ترسان لە دەسەڵات و دەستڕۆیشتووی دادوەر (ابي علي بن البغل) بووە لە ئامەد و گوێڕایەڵی خەڵکی ئامەد بووە بۆ دادوەر، چونکە وەزیر (ابن جهیر) بە میری وتووە، وەك الفارقي نووسیویێتی: ((ئەی سەردار! بزانە، کە دادوەر لە ئامەد بە پارە و گفت و لفت و کردارەکانی بە جۆرێك خۆی وەپێش کردووە، کە هەموو خەڵکێك سەری بۆ دادەنەوێنن، خەڵکیش تێکڕا گوێڕایەڵی فەرمان و داواکاری ئەون..))[3]. لێرەدا میر (نصر الدولة) تەنها بە سزادان و زیندانیکردنی دادوەر وازی نەهێناوە، بەڵکو کوڕەکانیشی زیندانی کردبوو، بەڵام کە باوکیان لە زینداندا مردووە، کوڕەکانی دادوەر ئازادکراون.

هەروەها لە ساڵی (٤٥٥ك/ ١٠٦٣ز) دادوەر (أبو حسن الامدي) لە دادوەرێتی میافارقین لادراوە، هەرچەندە باس ناکرێت لە لایەن کێیەوە لادراوە، بەڵام هۆکاری لابردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوژمنداری نێوان دادوەر و (ابن جرا)، کە دەردەکەوێت بەهۆی دەوڵەمەندیو ناوداری دادوەرەوە دوژمنداری و ناحەزی هەبووبێت لە نێوانیاندا، کە دادوەر چووەتە مصر، نەگەڕاوەتەوە تا (ابن جرا) کۆچی دوایی کردووە، کە هاتووەتەوە پاشان بووەتەوە دادوەر لە میافارقین[4]

---

گێڕاوەتەوە، کە ئەمە هاوکاتی تێکچوونی پەیوەندی نێوان میر (نصر الدولة) و (شرف الدولة قرواش) بووە لە موسڵدا لە ساڵی (٤١٧-٤٢٠ك/ ز)، بۆیە زیاتر جێی نیگەرانی و گومانی میر (نصر الدولة) بووە، (الفارقي: م.س، ج١، ص٤٩٨).

[1] الفارقي: ن.م، ص٤٩٨.

[2] الفارقي: ن.م، ص٥٠٤؛ ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص٣٦٥.

[3] تاريخ ميافارقين، ص٥٠٤.

[4] الفارقي: ن.م ، ص٥٠٣.

## ٣- شێخی بازاڕ (الحسبة)

شێخی بازاڕ پۆستێکە لە پۆستە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی مەروانی[١]، هاوشێوەی دەزگای (چاودێری کردن – الرقابة – حسبة)یە، حسبة زاراوەیەکی کارگێڕی داهێنراوی سیستەمی کارگێڕی ئیسلامە. لە ڕووی زمانەوانییەوە واتای باشترین ڕێکخستنی کار دەگەیەنێت کە لە (بژاردن یاخود ئەژمارکردن- الاحتساب)ـەوە هاتووە[٢]. بۆیە زاراوەی (الحسبة) لەسەر چاودێری بازاڕ دەرکەوتووە بە شێوەیەکی گشتی، چونکە بازاڕ شوێنی مامەڵەی کارە جۆربەجۆرەکانە[٣]. کەواتە دەتوانین بڵێین شێخی بازاڕ هاوشێوەی (الحسبة)یە و کە پۆستێکە، فەرمانبەرێك دەیگرێتەدەست و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی چاودێری کاروباری موسڵمانان دەکات بە مەبەستی فەرمان بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە. بەو فەرمانبەرەی پۆستی حسبة پێدەسپێرێت، دەوترێت موحتەسیب (مُحتَسِب)[٤].

مێژووی دەرکەوتنی حسبة دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (٢ك/ ٨ز)و سەرەتای سەدەی (٣ك/ ٩ز)، کە لە سەردەمی عەباسیەکاندا بەو شێوە فەرمی و تایبەتمەند و تەرخانکراوە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)دا جێگەی بایەخ و گرنگی سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتانی ئیسلام بووە، لەوانەش دەوڵەتی عەباسی و فاتمی بەتایبەتی[٥].

بێگومان بوونی دەزگای حسبة لە دەوڵەتێکدا دەرئەنجامی جێگیری سیاسی، ئابوری، بازرگانی، پێشکەوتن و گەشاوەیی ئەو بوارانەیە، کە لێوەی دیاردە شارستانییەکان سەرچاوە دەگرێت، بۆیە (الحسبة) بە زاراوەیەکی شەرعی شارستانیەتی موسڵمانان ناوبراوەو بە بەشێك لە کارگێڕی ئابوری ئیسلام پەیوەست بە جێبەجێ کردنی یاساکانی شەریعەتی ئیسلام لە کاروبارەکاندا دانراوە[٦].

پۆستی (شێخی بازاڕ) لە دەوڵەتی مەروانییشدا هاوشێوەی (الحسبة)ی دەوڵەتانی عەباسی و فاتمی بەشێك بووە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتەکە بەهۆی ئەو جێگیرە سیاسیە، سەقامگیری ئاشتی، گەشەکردنی ئابوری و بازرگانیەی ،کە پێیناسراوە[٧]. هەروەها دەتوانین بڵێین بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگاش بووە، کە تەواو ڕێکخستنێکی سیستماتیکی کاروباری ئابوری و شوێنی مامەڵەی ئابوری بە شێوازی جیاکاری و تایبەتمەند لە دەوڵەتی مەروانیدا بەدیدەکرێت وەك جیاکاری کاروبارەکان و

---

[١] عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٦١.

[٢] ابن منظور: م.س، ج١، ص ص٢١٣-٢١٤؛ فيروز ابادي: م.س، ج١، ص٧٤.

[٣] الصحاح حمد محمد حمد: الحسبة في الدولة الفاطمية (٢٩٧-٥٦٧هـ/ ٩٠٩-١١٧١م)ن رسالة ماجستر، كلية الاداب، قسم تاريخ، جامعة النيل، مصر، ٢٠٠٠م، ص٨.

[٤] الماوردي: م.س، ص٣١٥؛ ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ج١، ص٤٠٧.

[٥] القلقشندي: صبح الأعشى، ج ج(٣، ٥)، ص ص٤٨٧، ٤٥٣؛ رحيم كاظم محمد الهاشمي: م.س، ص٦١٨؛ الصحاح حمد محمد حمد: ن.م، ص٦٢.

[٦] احمد حجي منصور: الحسبة دراسة اصولية تاريخية، المركز العربي المصري، قاهرة، ١٩٩٥م، ص١٠؛ محمد احمد عبادات: الرقابة في سوق العمل في الفكر الاقتصادي الاسلامي، رسالة دكتورا، كلية الاقتصاد، جامعة ام درمان الأسلامية، خرطوم، ١٩٩٦م، ص ص٧٢-٧٤.

[٧] الفارقي: م.س، ص٥٠٠؛ ئاراس فەریق: س.پ، ل ل٢٠١، ٢٣٨.

بازاڕەكان بەپێی تایبەتمەندییان لەوانەش بازاڕی (خۆراك، قوماش، قوبە، ڕستن‌وچنین، عطارییەكان، بازاڕی ڕمبازان و بازاڕی پیشەوەران...)[1]، كە دەرئەنجام شێخی بازاڕی لێبەرهەم هاتووە، كە بەشێك بێت لە كارگێڕی دەوڵەتەكە، چونكە هەر لە سەرەتای دەوڵەتی مەروانی لە سەردەمی میر (أبو علي) (٣٨٠-٣٨٧ك/ ٩٩٠-٩٩٧ز) لەگەڵ بوونی جیاكاری بازاڕ، دابونەریتی پیرۆزی، جۆرایەتی بازاڕ و پارێزگاركردنی لە بازاڕ بەشێك بووە لە كلتوری كۆمەڵگەی دەوڵەتی مەروانی، وەك لە لای هاوڵاتیانی بازاڕی قوماش لە شاری میافارقین ئاشكرایە، كە ڕێگری لە سوارە دەكەن، كە بێتە ناو بازاڕی قوماش، كە دەبێت هەموو كەس پیادەبن، ئەگەر چی خزم و كەسوكاری نزیكی میری وڵاتیش بن، وەك ڕێگری لە ئامۆزای میر دەكرێت، كە بە سواری هاتووەتە ناو بازاڕ، چەند جارێك ـ ئەسپەكەی پێهەڵگێراوەتەوە ،كە كردوویەتییە ناو بازاڕی قوماش. ئەمەش نیگەرانی میر (أبو علي) لێكەوتەوە لە ساڵی (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز)[2] بۆیە كلتوری كۆمەڵگە هۆكارێك بووە بۆ بوونی دەزگای شێخی بازاڕ[3]. لە چەندین گێڕانەوەدا وەك الفارقي باسی لە شێخ (عبدالبر) كردووە لە ساڵی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ز)، كە گەورەی بازاڕی خۆراك بووە لە شاری ئامەد[4]، هەروەها الفارقي لە گێڕانەوەیەكی تردا لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز) باس لە شێخی بازاڕی قوماش (أبو حسن احمد بن وصيف البزان) لە شاری میافارقین كردووە[5]. لێرەدا وشەی (شێخ) بە واتای محتسب دێت، بەتایبەتیش چەمكی شێخی بازاڕ بەكارهاتووە، كە واتای چاودێری بازاڕ دەگەیەنێت[6].

(شێخی بازاڕ) لە دەوڵەتی مەروانیدا دەكرێت هەمان ئەو كارانەی كردبێت، كە ( شێخی بازاڕ – محتسب) لە دەوڵەتی عەباسیدا كردوویەتی، چونكە سیستەمی كارگێڕی دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسییە، هەرچەندە بە شێوەیەكی فەرمی باس لە كارەكانی (شێخی بازاڕ) نەكراوە لە دەوڵەتی مەروانییدا، بەڵام ئاماژە بە هەندێك لە كارەكان كراوە وەك چاودێریكردنی بازاڕی تایبەتیان كردووە، وەك چاودێریكردنی كڕین و فرۆشتن و پاراستنی مافی هەریەك لە كڕیار و فرۆشیار لە بازاڕی خۆراك و بازاڕی قوماش لە شارە جیاجیاكانی دەوڵەتی مەروانی، چونكە الفارقي ناوی شێخ (عبدالبر)، شێخی بازاڕی خۆراك لە ئامەد و شێخ (أبو حسن احمد بن وصيف)، شێخی بازاڕی قوماش لە میافارقین دەبات[7]. یاخود شێخی بازاڕ لە دەوڵەتی مەروانی هەستاوە بە كاری دادوەریكردن لە هەندێك كێشەی تایبەتمەندی بازاڕ لەوانەش شێخی بازاڕی خۆراك لە شاری ئامەد (شێخ عبدالبر) هەستاوە بەو كارە وەك الفارقي دەڵێت: ((عبدالبر هەموو ڕۆژێك بۆ دادوەرێتی و گەواهیدەرەكان و خاوەن دیوانەكان و ماقوڵانی شار دادەنیشت،

---

[1] الفارقي: م.س، ص ص٤٦٠، ٤٧٢؛ ابن شداد: الأعلاق الخطيرة، ج٣، ق١، ص ص٣٢٩-٣٤٧؛ كارزان محمد حسين رشيد البامرني: م.س، ص٨٦.

[2] الفارقي: ن.م، ص٤٥٦؛ ابي الفداء: كتاب المختصر في اخبار البشر، ج١، ص١٢٧.

[3] الفارقي: ن.م، ص٤٥٦؛ ابي الفداء: ن.م، ج١، ص١٢٧.

[4] تاريخ ميافارقين، ص٤٦٠.

[5] ن.م، ص٤٧٢.

[6] حسن باشا: م.س، ص٣٦٤.

[7] تأريخ ميافارقين، ص ص٤٦٠-٤٧٢.

کار و بەرژەوەندی ئەوانی جێبەجێ دەکرد))[1]. ئەم کارانەی (شێخی بازاڕ) لە دەوڵەتی مەروانی هاوشێوە و بەشێکن لە کارەکانی ( شێخی بازاڕ – محتسب) لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، کە باسکراون بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە پارێزگاری لە مافی خودا و پارێزگاری لە مافی خەڵکی، کە پارێزگاری لە مافی خودا واتە جێبەجێکردنی پەرستشەکان و پەیڕەوکردن و بەجێهێنانی یاسا شەرعییەکان. هەروەها پارێزگاریکردن لە مافی خەڵك واتە چاودێریکردنی بازاڕ، مامەڵەکانی کڕین، فرۆشتن، کێشانە، پێوانە، پاراستنی ماڵی بازرگانان و چاودێری خاوەن پیشە جیاجیاکان وەك (پزیشکان، قەسابەکان، پیشەوەران و چاودێریکردنی تەواوی شار وەك بینا کەوتووەکان و ڕێگاوبان و گەرماو)، هەروەها هەندێك کات هەڵدەستن بە دادوەری لە هەندێك کێشەدا وەك سکاڵای فێڵ لە کێشانەو پێوانەو فرۆشتن لە نرخدا...... هتد[2].

دانانو هەڵبژاردنی (شێخی بازاڕ) لە دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دانانی (محتسب) بووە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا بەتایبەتی وەك دەوڵەتی عەباسی و فاتمی هاوسەردەمی لەگەڵ بوونی تایبەتمەندی سیستەمی ( چاودێری بازاڕ) لە دەوڵەتەکەدا، هەرچەندە بە شێوەیەکی فەرمی باسنەکراوە، کە شێخەکانی بازاڕ لە لایەن کێیەوە دانراون، تەنها لە یەك گێڕانەوەدا باس دەکرێت لە لایەن دادوەرەوە کارگێڕی دەزگای حسبة دانراوە، وەك الفارقي دەڵێت: ((دادوەری میافارقین (أبوبکر بن صدقة ابا الحسن علي بن محمد بن حافي) دانا لە حسبة))[3]. لەمەشدا زانیاری تەواو نیە لەسەری، کە بە تەواوی دڵنیامان بکاتەوە لە سەردەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بووە یاخود سەردەمی کارگێڕی دەوڵەتی سەلجوقی بووە لە شاری میافارقین، چونکە (أبوبکر صدقة) لە ماوەی ساڵی (٤٦٨-٤٩٠ك/ ١٠٧٦-١٠٩٧ز) دادوەر بووە لە شاری میافارقین[4].

هاوکاتی ئەمانەش دانانی (محتسب) لە لایەن دادوەر دەبینرێت لە دەوڵەتانی ئیسلام لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) وەك لە مەغریب و ئەندەلوس دادوەر هەستاوە بە دامەزراندنی محتسب[5].

شایەنی باسە دانان و هەڵبژاردنی (شێخی بازاڕ) لەسەر بنەمای میراتگری نەبووە لە دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دەوڵەتانی ئیسلامی هاوسەردەمی[6]، هەرچەندە باس نەکراوە لە دەوڵەتەکەدا، بەڵام دەردەکەوێت لەو کەسانەی ( شێخی بازاڕ) بوون لە شارەکانی دەوڵەتی مەروانی خزم و نزیکی یەك نەبوون[7]، بەڵکو لەسەر هەمان ئەو مەرجانە دانراون، کە بۆ هەڵبژاردنی (محتسب) دەستنیشان کراون لە

---

[1] الفارقي: م.س، ص٤٦٣.

[2] الماوردي: الأحكام السلطانية، ص ص٣١٨-٣٢٢؛ ماوردي: قوانين الوزارة، ص ص٣١-٣٣؛ احمد حجي منصور: م.س، ص٩.

[3] الفارقي: ن.م، ص ص٥١٤-٥١٥.

[4] عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٦٦.

[5] الصحاح حمد محمد حمد: م.س، ص١٨.

[6] حسن علي حسن: الحضارة العربية الأسلامية، ص١١٤.

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژ.٩، ل١٨٩.

دەزگای (الحسبة) لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، کە دەبێت کەسانی موسڵمان و شارەزا بە یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بەتوانا و بە شان‌وشکۆ و ڕێکپۆش و پاك و خاوێن و بوێر و ئازابن.....هتد[1]. چونکە لە بوونی شێخی بازاڕی خۆراك لە شاری ئامەد، شێخ (عبدالبر) ئەو مەرجانە بەدیدەکرێت، کە کەسێکی ناسراو و پیاماقوڵی شاری ئامەد بووە و خەڵکی گوێڕایەڵی کردووە و پێشەوای خەڵکی ئامەد بوو، وەك دەردەکەوێت لە هاتنی شێخ (عبدالبر) بۆ پێشوازی لە میری دەوڵەتی مەروانی میر (أبو علي)، هەروەها دواتریش بڕیاردان لەسەر ڕێگریکردن لە میری وڵات بۆ ناو شاری ئامەد و کوشتنی میر و گوێڕایەڵی خەڵك بۆی لە ساڵی (٣٨٧ك/ ٩٩٧ز)دا، هەرچەندە شێخ (عبدالبر) سەرئەنجام ڕۆڵێکی خراپی گێڕا و میری وڵاتی کوشت[2]. هەروەها بوونی شێخی بازاڕی قوماش (أبو حسن احمد بن وصیف البزاز) هەمان مەرجەکانی تێدا بەدیدەکرێت، کە کەسێکی بەتەمەن و پیاوماقوڵ و ڕیش سپی شاری میافارقین بووە و خەڵك متمانەیان پێبووە بە پێشەوای خۆیان دایانناوە، وەك داوایان لێکرد بە کاری نێوەندگیری خەڵکی شاری میافارقین و میر (نصر الدولة) هەستێت و شارەکە بپارێزێت لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز)دا، کە بە هەمان کار هەستاوە بە لێهاتوویی[3].

---

[1] الماوردي: الأحكام السلطانية، ص ص٣١٥-٣١٧؛ ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٠٧.

[2] الفارقي: م.س، ص٤٦١.

[3] سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان حدث السنة (٣٩٥-٤١١هـ/ ١٠٠٤-١٠٢١م)، ص٧٦؛ خالد رسول هورامي: م.س، ص٨٦.

## ٤- وتار خوێندن (الخطابة)

وتاردان یەکێکە لە پۆستە کارگێڕییە ئاینی و هزرییەکانی دەوڵەتی مەروانی[١]. بە بەڕێوەبەری ئەم پۆستە دەوترێت (وتاربێژ - خَطُب)، کە لە (وتاردان - الخطابة) سەرچاوەی گرتووە[٢] ، کە ئەو کەسەیە لە ڕێگەی دەربڕینی وشە و ڕستەوە پەیامەکەی دەگەیەنێتە بەرامبەر و تێیدەگەیەنێت[٣].

پۆستی وتاردان هەر لە سەرەتای کارگێڕی دەوڵەتی ئیسلامدا هەبووە و بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکانی سیستەمی کارگێڕی ئیسلام، یەکەم وتاربێژیش لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا پێغەمبەر محمد (د.خ) بووە[٤].

پۆستی وتاردان، بەشێکی گرنگی سیستەمی کارگێڕی ئیسلام، کە تایبەتمەندییەکی پێویستی بەڕێوەچوونی بۆنە و یاد و ڕێوڕەسمە تایبەتمەندەکانی و شەرعیەتەکانی دەوڵەتە، وەك ڕێوڕەسمی نوێژکردن بە کۆمەڵ لە ڕۆژانی هەینیدا بەتایبەتی و ڕێوڕەسمی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی سەرۆکی وڵات (خەلیفە، سوڵتان، میر،....) و کەسانی کارگێڕی تری وڵات هەروەها لە بۆنە خۆشی و ناخۆشەکاندا وەك بۆنەی پرسەگێڕان یاخود دەسپێکی شەڕ لە کاتی شەڕکردن بەرامبەر نەیارانی وڵات، کە لە سەرەتای ئیسلامدا لە شەڕی (فتوحات) ڕۆڵی گرنگی هەبووە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی شارستانی و بەرەوپێشچوونی ئاوەدانی و ڕۆشنبیری و سیستماتیك کردنی دامەزراوەی دەوڵەتە[٥]. بۆیە بە شێوەیەکی دانەبڕاو و فەرمی بەشێك بووە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلام بە درێژایی مێژوو، بەتایبەتیش سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتانی ئیسلام لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) لەوانەش دەوڵەتی عەباسی و فاتمی[٦] و هاوشانی ئەمانەش دەوڵەتی مەروانی، هەرچەندە زانیاری تەواومان نییە لەسەر ئەم پۆستە لەم دەوڵەتەدا و ناوی هەموو وتاربێژەکانی نەبراوە و باسی لێوەنەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین پۆستی وتارخوێن لە شارەکانی دەوڵەتی مەروانییدا هەبووە هەر لە سەرەتای کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بەشێك بووە لە سیستەمی کارگێڕییەکەی، هەر شارە و وتارخوێنی خۆی هەبووە[٧]. وەك وتارخوێن (ابي طاهر محمد بن عبدالرحیم بن نباتة) لە سەردەمی میر (أبو علي بن مروان) (٣٨٠-٣٨٧ك/ ٩٩١-٩٩٧ز) وتارخوێنی میافارقین بووە، لە گێڕانەوەی الفارقي بۆ ڕووداوەکانی ساڵی (٣٨٦-٣٨٧ك/ ٩٩٦-٩٩٧ز)، ئاماژەی پێکردووە لە خوازبێنی (ست الناس) بۆ میر (أبو علي)، کە ووتویەتی: ((.. لەوانە کچی وتارزان ابي طاهر

---

[١] عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص٢٠١.

[٢] محمد فرید وجدي: دائرة معارف الأسلامي، ج٣، ص٧٠٧؛ فیروز ابادي: م.س، ص٨١.

[٣] محمد علي التهانوي: موسوعة کشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، ص٧٥٠.

[٤] ابن جوزي: عیون التاریخ والسیر، النموذجیة، مصر، د.ت، ص٤٥؛ صفي الرحمن الکفوري: سیرة رسول الله، ط٢، دار الخیر، بیروت، ١٩٩٠م،ص٤٦٣؛ حسن الحاج حسن: م.س، ص٣٤٦.

[٥] القلقشندي: صبح الأعشی، ج٥، ص٤٦٣؛ ابن خلدون: مقدمة، ج٢، ص٨١؛ جرج زیدان: تاریخ التمدن الاسلامي، ج١، ص١١٨؛ ابراهیم السامرائي: السید محمود شکري الالوسي وبلوغ الارب، الارب، المؤسسة الجامعة الدراسات والنشر، مصر، ١٩٩٢م، ص١٦.

[٦] جرج زیدان: م.س، ج١، ص١٣٣.

[٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژ.١٠، ل١٩٠.

**محمد بن عبدالرحيم بن نباتة..))[1]، کە بەردەوامبووە لە وتاردان تا کۆچی دوایی وەزیر (أبو القاسم المغربي) لە ٢٣ی ڕەمەزانی ساڵی (٤١٨ك/ ١٠٢٧ز)، چونکە وتاربێژ (ابي طاهر محمد بن عبدالرحيم بن نباتة) لە ناشتنی تەرمی وەزیر (أبو القاسم المغربي) ئامادەبووە[2]. هەروەها لە ڕووداوەکانی ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) باس لە وتاربێژی شاری ئامەد دەکرێت، کە وتاربێژ (ابن عقيل) بووە[3].**

**لە دەوڵەتی مەروانییدا (خطيب خطباء) نەبووە، کە گەورەترین وتارخوێن بووە وەك نازناوێکی باڵای وتارخوێن بەکارهاتووە بە واتای وتارخوێنی وتارخوێنەکان دێت، ئەم پۆستە باڵایە لە پۆستی وتارخوێنیدا لە مصر و دمشق هەبووە[4].**

**هەڵبژاردن و دانانی وتاربێژ لە پۆستی وتار خوێندن لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانییدا لەسەر بنەمای بنەماڵەیی و میراتی بووە هاوکاتی شارەزایی و ئەزموونداری لە بواری وتارداندا، تا ڕادەیەك بەدیدەکرێت، بەتایبەتی لە پۆستی وتار خوێندندا لە پایتەختی دەوڵەتەکە شاری میافارقین، چونکە وەك باسمان (ابي طاهر محمد بن عبدالرحيم بن نباتة) کرد جگە لەوەی لە بنەماڵەیکی ئەزموونداربووە واتە وتاربێژبوون بە بنەماڵە، چونکە (عبدالرحيم) [5] باوکی پێشتر وتاربێژ بووە لە حلب لە سەردەمی (سيف الدولة حمداني)، دواتریش وتاربێژی شاری میافارقینی کردووە لە سەرەتای بنیاتنانی دەوڵەتی مەروانی تا کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی (٣٧٤ك/ ٩٨٤ز)[6]. وەك ئاشکرایە لەسەر بنەمای میراتگری بووە، لە دوای وتاربێژ (ابي طاهر محمد بن عبدالرحيم بن نباتة)، کوڕەکەی (أبو القاسم يحي بن طاهر بن نباتة) بووەتە وتارخوێنی شاری میافارقین لە ساڵی (٤٤٠ك/ ١٠٤٩ز)دا[7].**

**لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت بڵێین ڕەچاوی مەرجەکانی وتاربێژی کراوە لەو کەسانەدا، کە لەو پۆستەدا دانراون هاوشێوەی مەرجەکانی وتاربێژ لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، دەبێت کەسانی خاوەن زیرەکی و لێهاتوو بن لە وشەسازی، ڕستەسازی، ڕەوان بێژی، زمانەوانی و خاوەن دەنگێکی باش بێت، کە لە ڕێگەی دەنگییەوە وشە و ڕستە داڕێژراوە سادە و پوختەکانی دەردەبڕێت، بەپێی پێویستی گۆڕانکاری لە بەرزی و نزمی دەنگی بکات، بە شێوەیەك کاریگەر بێت لەسەر گوێگر و بینەرەکانی،**

---

(1) لێرەدا دەکرێت بڵێین کچی وتارزان (أبي طاهر محمد بن عبدالرحيم بن نباتة) نەبووە بەڵکو خوشکی بووە، ئەکرێت مێژوونوس الفارقي تێکەڵی کرد بێت یان هەڵەی چاپ بێت چونکە ئەو کارەی ئەو کچە کردوویەتی، هەمیشە ئافرەتێکی بە تەمەن دەیکات، کە بەپێی ساڵی لەدایك بوونی (عبدالرحيم بن محمد بن نباتة) ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە کچی (ابي طاهر محمد بن عبدالرحيم بن نباتة) نەبووە، (تأريخ ميافارقين، ص٤٥٩).

(2) الفارقي: ن.م، ص٤٨٨؛ ابن الجوزي: المنتظم،م.س، ص١٨٥؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەم توێژینەوەیە، ل٧٦.

(3) الفارقي: ن.م، ص٥٠٤.

(4) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٦، ص٤٧.

(5) ناسنامەی (عبدالرحيم بن محمد بن اسماعيل)، نازناوی (ابن نباتة الخطيب)، خاوەن وتاری مینبەر بووە (صاحب الخطب المنبرية)، پێشەوای زانست و ئەدەب بووە لە ساڵی (٣٣٥ك/ ٩٤٦ز)، بە ڕەچەڵەك دیاربکریە، لە حلب نیشتەجێ بووە، لە ساڵی (٣٧٤ك/ ٩٨٤ز) کۆچی دوایی کردووە، (الزركلي: الأعلام، ج١٦، ص٥٥٦).

(6) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٣، ص ص١٥٦-١٥٧؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص٢٠٢.

(7) عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص٢٠٢.

پەیامەکەی بگەیەنێت[1]. هەرچەندە ئەم مەرجانەی وتاربێژ بە شێوەیەکی فەرمی باسی لێوەنەکراوە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی، بەڵام وتاربێژ (عبدالرحیم ابن نباتة) بەناوبانگترین وتارخوێن بووە لە ئیسلامدا و شارەزای باشی هەبووە لە ڕەوان بێژی و ئەدەبدا[2]. بە وتارەکانیانەوە دیارە و لە گێڕانەوەی گوێگرەکانیان بەدیدەکرێت لەوانەش (ناصر خسرو) لەگەڵ ئەوەی گەڕۆکێکی فارسی بووە و بۆ گەشتکردن چووەتە شاری میافارقین لە ڕۆژی هەینی (٢٦ جمادی یەکەمی ساڵی ٤٣٨ك/ ٢٣ نۆڤەمبەری ساڵی ١٠٤٦ز) گوێی لە وتاری مزگەوت بووە لەو شارەدا، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دەنگ باشی وتاربێژەکە، کە وتارەکە بە ڕوونی گوێی لێبووە و دەیگێڕێتەوە، وتراوە: ((الأمیر الآعظم عن الأسلام سعدالدین نصر الدولة و شرف الملك أبو نصر احمد))[3]. هەروەها هاوکات داڕشتنی وشە، ڕەوان بێژ، پوختی و سادەیی دیارە بە وتارەکەیەوە و پەیامەکەی ئاشکرا گەیاندووە، کە میری ئەو شوێنە میر (احمد)ـە و گەورەیی و شکۆمەندی میرەکەی بەدەرخستووە لە ئیسلامدا[4].

بوونی ئەو مەرجانەش لە بوونی ئەو ئەرك و ڕۆڵەی وتاربێژ پێیهەڵدەستێت سەرچاوەی گرتووە و گرنگە بۆ وتاردان، وتار لە سەدەی (٤–٥ك/ ١٠–١١ز) بە شێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکهاتووە، کە لە ڕۆژانی هەینیدا لە مزگەوت بۆ نوێژخوێنان لە لایەن وتارخوێنەوە دراوە، لە بەشی یەکەمدا (وتار خوێن) لەسەر پێیەکانی وەستاوە و لە ڕێگەی وتارە ئاینییەکانەوە فەرمان بە چاکە و دوورکەوتنەوە و وازهێنان لە خراپە دەکەن لە نوێژخوێنان و ئەوانەی گوێیان لێدەبێت لە مینبەری مزگەوتەوە و خەڵکی بەئاگادێننەوە لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام و هۆشدارییان دەدەنێ لە پەرستشەکان[5]. وەك ناوی وتاربێژ (ابن عقیل)، کە وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی دیاربکر بووە لە ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) ناوبراوە بەو شێوەیە، کە هاتووە لە شاری میافارقین[6].

ئەمەش کاری سەرەکی وتاربێژ بووە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی کاری سەرەکی وتارخوێن لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا لە بەشی یەکەمی وتارەکەیدا بووە[7].

کارێکی تری وتاربێژ لە بەشی دووەمی وتاردانیاندا لە پۆستی وتارخوێنیدا، ناو هێنانی میری دەوڵەتی مەروانی لە وتارەکانیاندا و نزاکردنی خێر بۆیان، واتای ملکەچی بۆ میری وڵات و ڕێز و شکۆی دەردەخات لە لای هاوڵاتیان و گوێگرانی[8].

---

(1) حسین الحاج حسن: م.س، ص٣٤٦؛ ابراهیم السامرائي: م.س، ص١١٦؛ عبدالجبار حامد احمد: الحیاة الفکریة في موصل في قرنین (٤–٥هـ)، رسالة دکتورا، کلیة الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٢م، ص٢٤٨.

(2) ابن خلکان: وفیات الأعیان، ج٣، ص١٥٦.

(3) سفرنامە، ص٤.

(4) ناصر خسرو: م.پ، ص٤.

(5) محمد علي التهانوي: م.س، ج١، ص٧٥٠.

(6) الفارقي: م.س، ص٥٠٤.

(7) جرجي زیدان: تاریخ التمدن الاسلامي، ج٣، ص١١٤.

(8) عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص٢٠١؛ ئاراس فەریق زەینەڵ: س.پ، ل٢٠٧.

کارێکی تری وتارخوێنەکان ڕاگەیاندنی دامەزراندنی فەرمی کەسانی کارگێڕ بووە بۆ پۆستە کارگێڕییەکانی وڵات، کە هەڵبژێردراون و دانراون لە لایەن میرەوە بۆ ئەو پۆستە. وەك وتارخوێن (ابن عقیل) لە ساڵی (٤٤٩ك/ ١٠٥٧ز) لە ڕۆژی هەینیدا لە مزگەوتی شاری میافارقین، بەیاننامەی دامەزراندنی دادوەر (علي ابن علي ابن البغل) بۆ پۆستی دادوەری شاری میافارقین خوێندووەتەوە و ڕایگەیاندووە لە مینبەری مزگەوتەکەوە، سەرەڕای ئامادەبوونی لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردن و دانانی بە دادوەر و هاتنی لەگەڵیدا لە شاری ئامەدەوە[1].

پێگەی وتارخوێن لە دەوڵەتی مەروانیدا، پێگەیەکی بەرزبووە و جێگەی متمانەی کەسانی کارگێڕی باڵا و ناوەندی دەوڵەت بوون و زۆر نزیك بوون لێیانەوە، وەك وتارخوێن (أبا طاهر محمد بن عبدالرحیم بن نباتة)، کە جێگەی متمانەی وەزیر (أبو القاسم المغربي) بووەو زۆر نزیك بووە لێوەی، کە وەسیەت و نهێنی خۆی ڕاسپاردەی وتارخوێن (أبا طاهر محمد بن عبدالرحیم بن نباتة) کردووە لە ساڵی (٤٢٨ك/ ١٠٣٧ز). (أبا طاهر محمد بن عبدالرحیم بن نباتة)ی وتارخوێنیش ئەم وەسیەت و ڕاسپاردە نهێنییەی وەك خۆی، کە وەزیر پێی سپاردبوو، ئەنجامیداوە لە دوای مردنی وەزیر، تەرمەکەی شتووە و کفنی کردووە، کە ئەمەش کارێکی تری وتارخوێن بووە[2].

ئەم پێگە بەرزەی وتارخوێن هاوشێوەی پێگەی وتارخوێن بووە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، کە بە کارێکی شەرەفمەندانە ناوبراوە و بە پیرۆزەوە سەیری وتار و وتارخوێن کراوە، ئەوەش لە ڕوانگەی ئاینییەوە سەیرکراوە، کە لە وتارەکانیاندا ناوی خودا و پێغەمبەر (د.خ) براوە و سوپاس و ملکەچی تێدا دەربڕاوە بۆ خوا و سەلام بۆ پێغەمبەر (د.خ) نێردراوە و هاوشێوەی پێغەمبەر (د.خ) داریان بە دەستەوە بووە لەسەر مینبەر[3].

---

(1) الفارقي: م.س ، ص٥٠٤.

(2) الفارقي: ن.م، ص٤٨٨.

(3) محمد فرید وجدي: دائرة معارف الأسلام، ج٣، ص٧٠٧.

## باسی دووەم: سیستەمی کارگێڕی دەزگا گشتییەکانی دەوڵەتی مەروانی

١- دەزگای (الطِراز).
٢- کارگێڕی دراو (العملة).
٣- دیوان.
٤- ئەوقاف.
٥- پۆلیس (شرطة).
٦- بەڕێوەبەرایەتی شورە.

## ١- دەزگای (الطِراز)

وشەی (الطِراز) بە واتای نەخشاندن و پۆشاكێكی ناسراو یاخود بابەتی چنین لەسەر پۆشاك دەگەیەنێت لە ڕووی زماوانیەوە لە (طرز) سەرچاوەی گرتووە، كە بە واتای شێوە و دیمەنێك یاخود ڕێگە و ڕێبازێك دێت[١].

دەزگای (الطِراز) یەكێكە لە دەزگا كارگێڕییەكانی شارستانی دەوڵەتی مەروانی، بە كارگێڕی ئەم دەزگایە دەوترێت خاوەن (الطِراز)[٢].

ئەركی دەزگای (الطِراز) چنینی ئەو نیشانە و دروشمە تایبەتیانەی دەوڵەت و پۆستەكانی دەوڵەت لەسەر پۆشاكی (خەلیفە، میر، سوڵتان و گەورەپیاوانی كارگێڕی تایبەت)، بە شێوازێكی هونەری سەرنج ڕاكێش، سەربەخۆیی، بەهێزی دەوڵەت، ئاینی دەوڵەت و تایبەتمەندییەكانی دەكەن[٣].

بوونی دەزگای (الطِراز) دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی فارس و بیزەنتی، وەك دروشمی دەوڵەتی بیزەنتی كە (بسم الاب والابن والروح القدس) بووە. دەوڵەتی ئیسلامیش دروشمی (لااله الا هو) بووە. (الطِراز) بۆ یەكەمجار لە دەوڵەتی ئومەوی لە لایەن خەلیفەی موسڵمانان (عبدالملك بن مروان) كراوە بە عەرەبی[٤]. هەر دەوڵەتێكی ئیسلامیش دروشم و نیشانەی تایبەت بە خۆی هەبووە لەوانەش دەوڵەتی عەباسی و فاتمی بەتایبەتی لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)دا، كە لە دەوڵەتی عەباسیدا دەزگایەكی تایبەت سەرپەرشتیكردووە بە ناوی (دیوان الطِراز)، كە سەرپەرشتی كارگەی چنین و پۆشاك و (دروشم - الاعلام)ی كردووە و بەڕێوەبەری ئەم دیوانەش (خاوەن الطِراز - صاحب الطِراز) ناسێنراوە، پێگەی گرنگی هەبووە و جێی شانازی بوو، كە چاودێری و سەرپەرشتیاری كاروباری بۆیەكردن، ئامادەكردن، ئامێر، چنین و خواردنی كرێكارەكانی كردووە[٥]. لە دەوڵەتی فاتمیش جێگەی بایەخ بووە، كە (دار الكسوة)یان هەبووە واتە ماڵی لەبەركردن یان پۆشین، كە هەموو جۆرە پۆشاكێك و خوری بە نرخی ئامادە دەكرد بە خەرجی (٦٠٠,٠٠٠) دینار لە ساڵێكدا[٦].

هاوكاتی ئەمانەش دەزگای (الطِراز) بەشێك بووە لە سیستەمی كارگێڕی دەوڵەتی مەروانی لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەكی فەرمی باس نەكراوە و ناوی (خاوەن الطِراز - صاحب الطِراز) نەهێنراوە لەو دەوڵەتەدا، پۆشاكی چنراوی تایبەتمەند بە كارگێڕەكانی دەوڵەتی مەروانی هەبووە بەتایبەتی كارگێڕی باڵاكانی وەك میری وڵات[٧]. لەم جۆرە پۆشاكەدا (ناوی بەكارهێنەر) و (وێنەی بەكارهێنەر)یان تێدا

---

[١] ابن المنظور: م.س، ج٥، ص٣٦٨؛ فیروز ابادي: م.س، ص٥١٥؛ محمد فرید وجدي: م.س، ج٥، ص٧٠٥.

[٢] عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص٢٠٣.

[٣] احمد بن داود المزجاجي الاشعري: م.س، ص٥٥٥؛ عبدالرقیب یوسف: ن.م ، ج٢، ص٢٠٣.

[٤] جرجي زیدان: م.س، ج١، ص ص ١٤٠، ١٤؛ محمد عبدالرؤوف بن تاج العارفین بن علي المناوي: م.س، ص ص٦٢-٦٤.

[٥] القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣، ص٤٩٤؛ المقریزي: خطط، ج٢، ص ص١٣٨-١٤٤؛ حسن الحاج حسن: النظم الأسلامي، ص٢١٥؛ حسن علي حسن: الحضارة العربیة الأسلامیة، ص٩٦.

[٦] القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣، ص٤٩٤؛ عبدالرقیب یوسف: ن.م، ج٢، ص٢٠٣.

[٧] عبدالرقیب یوسف: ن.م، ج٢، ص٢٠٥.

چنیووە هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی هاوسەردەمیان، کە هەموو ساڵێك لە دەوڵەتی فاتمی لە کارگەکانی (تنیس و دمیاط) ئامادەکراون بە ڕەزامەندی خەلیفەی فاتمی[1]. بۆ نموونە لە سەردەمی میر (نصر الدولة) ئاماژەی پێکراوە، کە میر دەستخۆشی لە خەلیفەی فاتمی (حاکم بأمرالله) و کوڕەکەی (طاهر) دەکات، کە بە دیاری ئەو جۆرە پۆشاکە تایبەتمەندییان بۆ ناردووە[2].

ئەم جۆرە پۆشاکە تایبەتیانەی میری دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی خەلیفە، پاشاکان و میرەکانی تری دەوڵەتانی سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) لە حەریر دروستکراون و ئامادەکراون، کە نوسینەکانی سەریان چنراون بە (دەزوو – خیط)ی ئاڵتونی یان ڕەنگاوڕەنگ، کە بە شێوەیەکی گشتی (ناو یان وێنە یاخود نزایەك-الدعاء) بووە، کە جیاواز لە پادشای فارسەکان و بیزەنتییەکان بە زۆری (وێنە)یان لەسەر چنیووە و نرخی پۆشاکی میر بە پۆشاکی ئاڵتونی و عمامە، نرخی پێنج سەد دینار بووە[3].

## ٢- کارگێڕی دراو (العملة)

دەوڵەتی مەروانی دراوی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ مامەڵەکردنی کڕین و فرۆشتنی شتومەك و بازرگانی کردن، کە شوێن و دامەزراوەی تایبەتی هەبووە بۆ لێدانی دراو لە چەندین شوێن و شاری دەوڵەتی مەروانی هەر لە سەرەتایی دەوڵەتەکەوە، وەك: بوونی دراوێك لە ساڵی (٣٨٥ك/ ٩٩٥ز) لێدراوە لە شاری جەزیرەو ناوی میر (أبو علي حسن بن مروان) لەسەر ڕووەکەی نووسراوە یاخود هەڵکەندراوە، کە لە مۆزەخانەی لەندەن لە بەریتانیا پارێزراوە[4]. هەروەها دراوێکی تر لە هەمان مۆزەخانە پارێزراوە، کە مێژووی لێدانی ساڵی (٣٩٧ك/ ١٠٠٧ز) بووە و ناوی میر (ممهد الدولة أبو منصور)ی لەسەرە و لە شاری نوسەیبین لێدراوە[5]. بە هەمان شێوە چەندان دراوی تر، کە مۆزەخانەی لەندەن لە بەریتانیا و مۆزەخانەی (موزە همايون) لە ئەستەنبوڵ پارێزراون و ناویان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە و لێدراوە لە دەوڵەتی مەروانی لە سەردەمی میر (نصر الدولة) لە چەندین ساڵی جیاجیای فەرمانڕەواییدا ناوی لەسەر دراوەکانە و لە چەندین شاری جیاجیا لێدراوە وەك شارەکانی میافارقین و ئامەد و جەزیرە و نوسەیبین و خەلاَت و دنبر و انبر[6].

لێرەشەوە لێدانی دراو لە دەوڵەتی مەروانی ئاشکرایە هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی و فاتمی دراوی تایبەت بە خۆیان هەبووە و لە یەك شوێنی دراودا لێنەدراوە یاخود تەنها لە پایتەخت دراو

---

(1) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣، ص٤٩٤؛ ج١٠، ص ص٣٠، ٣٨٠؛ المقريزي: خطط، ج٣، ص٢٣.

(2) المؤيدالدين: سيرة المؤيدالدين، ص١١٢.

(3) القلقشندي: ن.م، ج١٠، ص ص٢٩-٣٠؛ المؤيدالدين: م.س، ص١١٢؛ جرجي زيدان، م.س، ج١، ص١٤٢.

(4) عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص٢١٧.

(5) عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص٢١٧.

(6) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣، ص٤٦٦؛ حسن باشا: م.س، ص١٧٩؛ عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص ص٢١٧-٢٢٧.

لێنەدراوە، بەڵكو لە چەندین شاری جیاجیادا لێدراوە، ئەمەش لە لایەن كارگێڕی دراو بەڕێوەبراوە،لە سەرەتادا بە شوێنی لێدانی دراو وتراوە سكەی پارە (السكة)، دواتریش بە خانەی پێداكێشان (دار الضرب) ناوبراوە لە دەوڵەتانی ئیسلامدا، كە لە لایەن چەندان فەرمانبەر و كرێكارەوە بەڕێوەبراوە، كە بەرپرس بوون بە (كێش و لێدانی)، بەو كەسەی بەرپرس بووە لە كێشی دراو بە (كێشەر – الوازن) ناوبراوە یاخود (خاوەنی پێوانە – صاحب العیار) ناسێنراوە[١].

دراو لە كانزای زێڕ و زیو دروستكراون بە شێوەیەكی گشتی لە دەوڵەتانی ئیسلام، وەك لە دەوڵەتی مەروانییشدا درهەم دۆزراوەتەوە، هی سەردەمی میر (أبو علي حسن) لە زیو دروستكراوە، دراوەكان جیاوازبوون لە كێش و مێژووی لێدانی ناوی دەوڵەتداران[٢].

ئەم دراوانە بە شێوەیەكی گشتی لە دوو ڕوو پێكهاتووە، كە شێوە بازنەییە و ڕووەكان لە چەق و پەڕاوێز پێكهاتوون، لە چەقی ڕووەكەی دروشمی ئیسلام (شعائر الاسلام) و لە سەرەتا و پاشان ناوی میری دەوڵەتی مەروانی نووسراوە و لە پەڕاوێزەكەشی ناوی ئەو شارەی، كە تیایدا لێدراوە لەگەڵ ساڵی لێدانەكەی، كە بە ناوی خوا دەستپێكراوە و نووسراوە و لە پشتەكەشی بە هەمان شێوە دروشمی ئیسلام و ناوی خەلیفەی موسڵمانان نووسراوە و هەندێكجاریش بەتایبەتی لە سەردەمی میر (أبو علي) و میر (ممهد الدولة) ناوی میری بووەیهی لە دوای ناوی خەلیفەی موسڵمانان نووسراوە لەگەڵیدا و لە پەڕاوێزەكەشیدا دروشمێكی ئیسلامی نوسراوە[٣]. هەروەها لە كۆتایی نووسراوی سەرووەكە یاخود پشتی دراوەكە پیتی عەرەبی (ر، د، ن، ص، ف، ج) یاخود (سم/ا) بەدیكراوە كە (ا) پیتێكی لاتینییە یاخود پیتی (D) لاتینی نووسراوە، كە ئەم پیتانە یان نیشانانە بەو شێوەیە لەسەر دراوەكانی دەوڵەتانی ئیسلامی هاوسەردەمی دەوڵەتی مەروانی لەوانە دەوڵەتی بووەیهی بەدیكراوە. لێدانی دراو لە دەوڵەتی مەروانییدا پەیوەست نەبووە بە كاتی تایبەتمەند یاخود بۆنە و سەركەوتنێكی تایبەتمەند بەڵكو وەك دراوێكی ئاسایی بەردەوام لێدراوە بۆ مامەڵەكردن لە دەوڵەتدا لەگەڵ ئەوەی بە دیناری ئەرمانوس مامەڵەی كڕین و فرۆشتن كراوە لە بازاڕەكانی دەوڵەتی مەروانی وەك لە بازاڕی قوماش لە شاری میافارقین، كە (ابن بهات)ی دەلاڵ لە كڕین و فرۆشتنی خامدا پێنج سەد دینار (ارمانوسی) قازانجی كردووە[٤].

---

[١] جرج الزیدان: تاریخ تمدن الاسلام، ج١، ص ص١٤١-١٤٣؛ محمد عبدالرؤوف بن تاج العارفین بن علي المناوي: م.س، ص٢٠.

[٢] عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص٢١٧.

[٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشكۆی ژ.١١، ل ل١٩١-١٩٢؛ پاشكۆی ژ.١٢ ، ل ل١٩٣-١٩٦.

[٤] الفارقي: م.س، ص٥٠٠؛ عبدالرقیب یوسف: ن.م ، ج٢،ص ص٢٢٨-٢٣٣.

## ٣- دیوان

دیوان یەکێکی تر بووە لە دامەزراوە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی مەروانی[١]. دیوان لە ڕوانگەی بنەڕەتی واتای زمانەوانییەکەیەوە ڕای جیاوازی هەیە، وەك: هەندێك پێیان وایە وشەی (دیوان) وشەیەکی عەرەبییە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەیگێڕنەوە، کە (ابن عباس) وتوویەتی: ((هۆنراوە دیوانی عەرەبییە، ئەگەر پرسیاری وشەیەکی نامۆتان لێکرا لە قورئاندا ئەوا لە هۆنراوەدا بۆ واتاکەی بگەڕێن))[٢]. کۆمەڵێکی تر پێیانوایە کە وشەی دیوان فارسییە، ئەمەش لەوەوە باسیان لێوەکردووە، کە ڕۆژێك کیسرا ڕێی کەوتووەتە لای نووسەرانی، بینی لەگەڵ خۆیاندا ژماردن دەکەن، پێی وتوون: ((دیوانە))[٣]، کە بە واتای شەیدابوونی کەسێك بۆ ئەو شتەی مەبەستیەتی دێت[٤]. هەروەها فارسەکان وەك ناوێکی شەیتان، یاخود شوێنی دانیشتنی هەیوان بەکاریانهێناوە[٥]. هەروەها یەکێکی تر لەو ڕایانە، کە پێیان وایە وشەی (دیوان) فارسییە بە واتای (تۆمار – سجل) یاخود (دەفتەر – دفتر) دێت[٦].

سەرەڕای جیاوازی ئەو بیر و ڕایانە بە شێوەیەکی گشتی دیوان ناسێنراوە بەوەی، کە شوێنی تۆمارکردنی ئەو شتانەیە، کە پەیوەستە بە ماف کار، خاوەن کار، سامان و دەسەڵات، کە کاربەدەستان و سوپای پێیهەڵدەستن[٧]. لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێت دیوان دامەزراوەیەکی کارگێڕییە، کە بەشدارە لە کارگێڕی دەوڵەت، (ابن خلدون) بە دامەزراوەیەکی کارگێڕی شارستانی بە شێوەیەکی گشتی ناساندوویەتی[٨].

مێژووی دیوان لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدەین، کە لە ساڵی (٢٠ك/ ٦٤١ز)دا لە لایەن خەلیفە (عمر بن خطاب) هێنراوەتە ناو ئەم سیستەمە کارگێڕییەوە و بەکارهاتووە، بۆتە بەشێك لە دامەزراوەکانی کارگێڕی دەوڵەتی ئیسلامی[٩].دەکرێت بوترێت خەلیفە (عمر بن خطاب) لە فارسەکانەوە وەریگرتووە. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم دامەزراوە کارگێڕییەش سەرچاوەی گرتووە لە فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلام و گەیشتنی هەواڵ و زانیاری لە وڵاتە ئازادکراوەکان و زۆری دەسکەوتەکانی شەڕ و ئاشنابوون بە سیستەمە کارگێڕییەکانی سەردەمیان، وەك

---

[١] کارزان محمد حسین: م.س، ص٨٢.

[٢] القلقشندي: صبح الأعشى، ج١، ص ص٨٩-٩٠.

[٣] الماوردي: م.س، ص٢٥٩.

[٤] التهانوي: م.س، ج١، ص٨١٥.

[٥] القلقشندي: ن.م، ج١، ص٩٠.

[٦] القلقشندي: ن.م، ج١، ص٩٠؛ حسن الحاج حسن: م.س، ص٢١٣.

[٧] ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ج١، ص٤٢٧؛ ماوردي: الأحكام السلطانية، ص٢٥٩.

[٨] ابن خلدون: ن.م، ج١، ص٤٢٧.

[٩] الجهشاري: الوزراء والكتاب، ص١٧؛ مصطفى فائد: تأسيس عمر بن الخطاب، د.مطا، الرياض، ١٩٩٧م، ص٦٥.

ساسانییەکان لە ئێران. ئەمانەش پاڵنەربوون بۆ بیرکردنەوە لە سیستەمێکی جێگر بۆ ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکان، کە ئەو سیستەمە گونجاوەش دیوان بووە[1].

بەو شێوەیەش دیوان بۆ مەبەستی خۆی بەکارهاتووە، یەکەم دیوانیش، دیوانی سەربازی بوو، کە (عمر بن خطاب) بەکاری هێنا، ئەمەش دوای فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامیش. دواتریش پەیڕەوکردنی دیوان بەردەوامبووە و گەشەیکردووە و جۆرایەتی لە دیوان پەیدا بووە لە سەردەمە جیاوازەکانی تری ئیسلام، وەك سەردەمی خیلافەتی ئومەوی و خیلافەتی عەباسی، گۆڕانکاری بەسەر دیواندا هاتووە و ژمارەی دیوانەکان و جۆری دیوانەکان کەم و زیادی کردووە[2].

دامەزراوەی دیوان بەشێك بووە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دەوڵەتانی سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)، بەتایبەتی دەوڵەتی عەباسی و دەوڵەتی فاتمی، هەرچەندە زانیاری تەواو نییە لەسەر دیوان لە دەوڵەتی مەروانی و بە شێوەیەکی تایبەتمەند و جیاکاری باسی لێوەنەکراوە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش، کە زانیاریمان نیە لەسەر دیوان لە سەرەتای دەوڵەتەکەدا[3]، بەڵام دیوانەکان لە پایتەخت و شارەکانی تری دەوڵەتی مەروانی هەبووە و لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی وەزیری دەوڵەتدا بووە[4]، وەك الفارقي لە چەند گێڕانەوەیەکی جیاجیادا ئاماژەی پێکردووە، یەکێك لەو گێڕاوانەی الفارقي، کە باس لە دیوان دەکات لە پایتەختی دەوڵەتی مەروانی، کە شاری میافارقین بووە لە ساڵی (٤٠٧ك/ ١٠١٧ یان ٤٠٨ك/ ١٠١٨ز)، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ دیوان، کە لەژێر سەرپەرشتی وەزیردا بووە، دەیگێڕێتەوە کە میر (نصر الدولة) وتوویەتی: ((.. هەر لە بەیانییەوە لە دیوان لە لای (خواجة ابي القاسم) دادەنیشت و..))[5]. هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تری الفارقي، کە باس لە دیوان دەکات، ئاماژەیە بە هەمان شێوە بۆ بوونی دیوان لە پایتەختی دەوڵەت و ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی وەزیری وڵاتدا بووە، لە ساڵی (٤١٠ك/ ١٠١٩ز) دایە دەڵێت: ((.. چاودێریکردنی دیوان لە ئەستۆی (ابن برکة)دا بووە، ئەمیش لەبەردەستی وەزیر، نوسەری هۆنین و نامەکاری لەژێردەستی (منازي شیخ أبو نصر) بوو، ..))[6].

چەند جۆرێکی دیوان هەبووە لە دەوڵەتی مەروانیدا، لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئەو چەمك و ئاماژانەی لە سەرچاوەکاندا ناوی دیوان و ناوی کەسانی کارگێڕی دیوانیان پێبراوە و بە بەراورد بە دیوان و جۆرەکانی دیوان و چەمکەکانی، ناوهێنانی کەسانی کارگێڕی دیوان لە دەوڵەتی عەباسی و فاتمی و

---

(1) الماوردي: ن.م، ص ص٢٥٩-٢٦١؛ اليوزبكي: م.س، ص١٣٤.

(2) لە سەرەتای ئیسلام تا سەردەمی ئومەوییەکانیش، دیوان لە عێراق بە زمانی فارسی بووە و دیوان لە شام بە زمانی ڕۆمی بووە، دواتر وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی. (البلاذري: فتوح بلدان، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠م، ص ص٥٠٤-٥٠٦؛ ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ج١، ص٤٢٧).

(3) عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص ص١٥٨، ٢٣٦؛ حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام، ج٣. ص ص٢٧٧-٢٧٩.

(4) كارزان محمد رشيد البامرني: م.س، ص ص٧٩-٨٠.

(5) تاريخ ميافارقين، ص٤٧٩.

(6) تاريخ ميافارقين، ص٤٨٦.

سەلجوقی لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ن)دا[(١)]، دەتوانین جۆری ئەو دیوانانە دەست نیشان بکەین، کە باس کراون لە دەوڵەتی مەروانیدا.

لێرەشدا دەتوانین بڵێین ئەو دیوانەی لە ساڵی (٤١٠ك/ ١٠١٩ن) بوونی هەبووە لە شاری میافارقینی پایتەختی دەوڵەتی مەروانی دیوانی (الجباية – دارایی) بووە، چونکە کارگێڕی دیوانەکە بە (ناظر دیوان – چاودێری دیوان) ناوبراوە، کە بە کارگێڕی هەمان دیوان لە دەوڵەتی عەباسی وتراوە[(٢)]. هەروەها بە کارگێڕی دیوانی (باج و دەرامەت – الجباية) لە دەوڵەتی فاتمیدا بە (رئيس ديوان النظر – سەرۆکی دیوانی چاودێریکردن) ناوبراوە[(٣)]. هەروەها ئەو خاڵەی زیاتر ئەمە دووپات دەکاتەوە، کە ئەو دیوانەی (ابن بركة) لە دوای مردنی وەزیری دەوڵەت وەزیر (أبو القاسم المغربي) لە ساڵی (٤١٨-٤٣٠ك/ ١٠٢٧-١٠٣٩ن)، وەك وەزیری دەوڵەت قبوڵ دەکرێت لە لایەن میری دەوڵەتی مەروانی میر (نصر الدولة)[(٤)].

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە (ابن بركة) چاودێری یاخود کارگێڕی دەزگایەکی گەورە و گرنگی دەوڵەت بووبێت کەوا شایستە بووبێت بە قبوڵکردنی بە وەزیری وڵات، کە ئەو دەزگا گرنگ و گەورەیەش دیوانی (الجباية) بووە، (ابن خلدون) بە بەشێکی گەورە و پێویست و گرنگ فەرمانداری دەوڵەت دایناوە و بە سێیەم (کار – وظيفة)ی دەوڵەت دایناوە[(٥)]، لەبەرئەوەی دیوانی ( دارایی – الجباية – المالية) ئەو دەزگایەیە، کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی داهاتەکانی دەوڵەت و سەندنی پارەی ساڵانە و خەرجکردنی بۆ مووچەی فەرمانبەران و مووچەی خۆراکی هێزی سەربازی و بەکارهێنانی بۆ خزمەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تر[(٦)]. هەروەها وەك ئاشکرایە دیوانی (دارایی – الجباية – المالية) تایبەت نیە بە لایەنێکی دیاریکراوی دەوڵەت وەك سوپا یان ماڵو دارایی تایبەتی موسڵمانان (بيت المال)[(٧)]، بەڵکو گشتگیری هاوشێوەی وەزیری داراییە. بۆیە ابن برکە چاودێری دیوانی (الجباية) لە دەوڵەتی مەروانییدا هاوشێوەی وەزیری دارایی ئەمڕۆ ناوبراوە[(٨)].

سەرپەرشتی کردنی دیوانی (الجباية) بە خەڵکی شارستانی سپێردراوە و بۆ خەڵکی دەشتەکی (بدوي) نەگونجاوە، تەنها پەیوەستیش نەبووە بە موسڵمان ،بەڵکو کەسانی ناموسڵمانیش

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣، ص٤٩٣؛ ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص ص٤٢٨-٤٢٩؛ شوقي ابو خليل: م.س، ص ص٣١٧-٣١٨.

(٢) الفارقي: م.س، ص ص٤٨٦، ٤٩٢؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص٢٣٦.

(٣) القلقشندي: صبح الاعشى، ج٣، ص٤٩٣.

(٤) الفارقي: ن.م، ص٤٩٢؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئەم توێژینەوەیە، ل٨٠.

(٥) مقدمة، ج١، ص٤٢٨.

(٦) ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص ص٤٢٨-٤٣٠؛ عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص٢٣٦.

(٧) ابن خلدون: ن.م، ج١، ص٤٢٨.

(٨) عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢ن ص٢٣٦.

سەرپەرشتیکردنی دیوانیان پێسپێردراوە[1]، لەگەڵ ڕەچاوکردنی چەند مەرجێکی تایبەتمەند، وەك: (متمانەبوون و پارێزگاری لە یاسای باج کۆکردنەوە و دادوەری لە وەرگرتنی باج و پارێزگاری لە مافی باج کۆکەرەوەکان یاخود (سەرکار – العمال)، ..)[2].

لێرەدا دەتوانین بڵێین لە دەوڵەتی مەروانیدا بۆ سەرپەرشتیکردنی دیوانی (الجبایة) ڕەچاوی هەمان ئەو مەرجانە کراوە، وەك ئاشکرایە لە دانانی (ابن الخمار)، کە کەسێکی مەسیحی بوو بۆ فەرمانڕەوایەتی دیوان (الجبایة) لە شاری ئامەد، کە دەتوانین بڵێین لە ساڵی (٤٢٩ك/ ١٠٣٨ز)دا بووە، چونکە الفارقي هاوکاتی دانانی (أبو علي البغل) بە دادوەری ئامەد باسی دەکات کە لەو ساڵەدا بووە، دەڵێت: ((... دادوەرێتی شارەکەش کەوتە دەست (أبو علي)، فەرمانڕەوایەتی دیوان کەوتە دەست (ابن الخمار)،...)). ئەم دیوانەش لقێك بووە سەر بە دیوانی (الجبایة)ی گشتی لە شاری میافارقینی پایتەختی دەوڵەتی مەروانی[3].ئەمەش دووبارە گرنگی دیوانی (الجبایة) دەردەخات کەوا پێویست بووە لقی هەبێت لە شارەکاندا هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی و فاتمی. بۆیە لقەکانی دیوانی (الجبایة) لە شارەکانی دەوڵەتی مەروانی بەردەوامیان هەبووە، وەك لە دوای (ابن الخمار) فەرمانڕەوای دیوان لە شاری ئامەد، والی شارەکە (أبو الحسن سعد الدولة محمد بن نصر الدولة) ئەو فەرمانڕەوایەتی دیوانی شارەکەی وەرگرتووە لەوێدا[4]، پاشان (ابن الاسد الفارقي) وەریگرتووە[5].

ئەو فەرمانبەرانەی کە سەر بە دیوانی (الجبایة) بوون لە شارەکانی دەوڵەتی مەروانیدا پێیان وتراوە (سەرکار – عمال)، یاخود (جێگرەوە – نواب). کاری ئەم فەرمانبەرانە وەرگرتنی یاخود هێنانی پارە بووە لە سەرچاوە جیاوازەکانی دەوڵەت، هەندێك کاتیش کاری تریان کردووە وەك سەرپەرشتیکردنی بیناکان، لەوانەش (أبو طاهر العلاء بني كاغد)، کە ناوی هەبووە لەسەر بینایەك لە تەنیشت ناوی میر (نصر الدولة)، هەروەها ناوی (کچی برجو)، کە لەسەر بەرزترین تاوەری شورەی دیاربکر لەتەنیشت ناوی میر (نصر الدولة) هەیە لە دوای ساڵی (٤٢٠ك/ ١٠٤٠ز) [6].

جۆرێکی تری دیوان لە دەوڵەتی مەروانیدا هەبووە، کە دیوانی (نامەکان و داڕشتن) بووە[7]، چونکە الفارقي هاوکاتی باسکردنی چاودێریکردنی دیوان ابن برکە لە ساڵی (٤١٠ك/ ١٠١٩ز) لە شاری میافارقین ئاماژە بە دیوانی نامەکاری و داڕشتن دەکات و دەڵێت: ((.. نووسەری هۆنین و نامەکاری لەژێردەستی (منازي شیخ أبو نصر) بوو))[8]. ناوبردنی ئەم جۆرە دیوانەش بە بەراورد بە دیوانی

---

(1) حسن باشا: القاب الاسلامية، ص١٠؛ ابن العديم: م.س، ج٥، ص١٢٨٠.

(2) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماوردي: الأحكام السلطانية، ص٢٨٠.

(3) الفارقي: م.س، ص٤٩٢.

(4) الفارقي: ن.م، ص٤٩٢؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص٢٣٨.

(5) الصفدي: م.س، ج١١، ص٣٠٨؛ الزركلي: م.س، ج٢، ص٢٣٨.

(6) عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص٢٣٨.

(7) عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص١٥٨.

(8) تأريخ ميافارقين، ص٤٨٦.

(الأنشاء – داڕشتن) و سەرپەرشتیکاری دیوانەکە بووە لە دەوڵەتی عەباسی، کە سەرپەرشتیاری دیوانەکە بە (خاوەنی دیوانی داڕشتن – صاحب دیوان انشاء) یان (نوسەری نهێنیەکان – کاتب السر) ناوبراوە. لە دەوڵەتی فاتمیشدا دیوانەکە بە ناوی دیوانی (الأنشاء) ناوبراوە و سەرپەرشتیکاری بە ناوی (کاتب دوست الشریف) ناوبراوە[1]. بە کارگێڕی دیوانی نامەکان و داڕشتن لە دەوڵەتی مەروانییدا بە نووسەری دیوانی نامەکان و داڕشتن ناوبراوە، وەك الفارقي ناوی (شیخ أبو نصر منازي) بردووە بە نووسەری (داڕشتنو نامەکان) کە ئەم دیوانەی لەژێر دەستدا بووە و دیوانەکە بە هەمان شێوەی دەوڵەتی عەباسی لەژێر سەرپەرشتی وەزیردا بووە[2]. وەك الفارقي ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: ((وەزیر لە پۆستەکەی مایەوە، چاودێریکردنی دیوان لە ئەستۆی (ابن برکة)دا بوو، ئەمیش لەبەردەستی وەزیر، نووسەری هۆنین و نامەکاری لەژێر دەستی (منازي شیخ أبو نصر) بوو))[3].

ئەم دیوانەش وەك دەردەکەوێت دیوانێکی گرنگە، کە بە پایەداری لەنێو دیوانەکاندا لە لای دەوڵەتی عەباسیش ناسێنراوە[4]. دەوڵەتی مەروانی کەسانی شارەزا، ئەدیب، ڕەوانبێژ و هونەرزانیان داناوە بۆ نووسەرێتی یاخود کارگێڕی دیوانی نامەکان و داڕشتن بە هەمان شێوەی دانانی نووسەر بۆ ئەم دیوانە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا[5]، وەك شێخ (أبو نصر منازي)، کە نووسەری ئەم دیوانە بووە، شاعیرێکی بەناوبانگی میافارقین بوو و لێهاتوو و بەتوانا بووە[6]. هەروەها مەرجێکی تری نووسەری دیوانی نامەکان و داڕشتن بریتییەلە متمانەبوون و پاراستنی نهێنیەکان و پابەندبوون پێوەی[7]، ئەمەش لە نووسەری ئەم دیوانە شێخ (أبو نصر منازي) بەدیدەکرێت، کە کەسێکی بەناوبانگ و ناسراوە و پابەندبووە بە بنەماکانی ئیسلام، کەوا کاری چاکەی ئەنجامداوە و نازناوی (شێخ) بەڵگەیە لەسەر ئاین پەروەری و چاکی و زانایی، وەك چەندەها کتێبی کۆکردووەتەوە و وەقفیکردووە[8].

نووسەری نامەکان تۆماری تایبەتی هەبووە بۆ ئەو نووسینەی کردوویەتی[9]، هەروەها هەندێك کاتیش سەرەڕای نووسینەوە و داڕشتنی وتەکان وەك باڵوێزی دەوڵەت دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات بۆ لای دەوڵەتانی تر، کە مەبەستیان بووە[10]، وەك ناردنی نوسەری دیوانی نامە و داڕشتن شێخ (أبو نصر

---

[1] القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣، ج٥، ص ص٤٩، ٤٦٤؛ المقريزي: الخطط، ج٢، ص١٤٩؛ حسن باشا: م.س، ص١١.

[2] دیوانی داڕشتن یەکەم وەزیر (ابو سلمه الجلال)ی عەباسی زیاد یکرد بۆ وەزیر، کەوا بڕیار و جێبەجێکارییەکانی کاروباری وڵات بە نووسین تۆمارکران لە وەزیریدا و دواتریش بەردەوامی هەبووە، (القلقشندي: م.س، ج١، ص٩٣؛ حسن باشا: م.س، ص١٧).

[3] تاريخ ميافارقين، ص٤٨٦.

[4] ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٢٩؛ القلقشندي: ن.م، ج١، ص ص١٠١-١٠٤.

[5] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: المقريزري: م.س، ج٢، ص١٥١.

[6] الفارقي: ن.م، ص٤٨٦؛ ابن الوردي: م.س، ج١، ص٣٣٩.

[7] القلقشندي: ن.م، ج١٣، ص٣٦٦؛ المقريزي: ن.م، ج٢، ص١٥١.

[8] الفارقي: ن.م، ص٤٨٦؛ حسن باشا: ن.م، ص١٨.

[9] القلقشندي: ن.م، ج١، ج١٣، ص١٤٨، ص٣٦٦؛ حسن باشا: ن.م ، ص٢٠.

[10] القلقشندي: ن.م، ج٦، ص١٥.

منازي) له لایەن میری دەوڵەتی مەروانی میر (نصر الدولة)، چەند جارێك نێردراوە بۆ قوستەنتین بۆ لای پادشای ڕۆم و بە کاری دیبلۆماسی نێردراوە بۆ شام و بەغدا، کە ئەم نووسەرە جێی سەرسوڕمانی ئەو پاشا و خەلیفانە بووە، کە چووەتە لایان و کارەکەی بە سەرکەوتووانە و بە بەرژەوەندی دەوڵەتی مەروانی تەواوکردووە و ئەنجامداوە. بە وشە و وتەی ئەدەبیانە و ڕۆشنبیرانە و سیاسییانە دەربڕیووە و گەیاندوویەتی[1].

بێگومان ئەم مەرجانەش لە کاری دیوانی نامە و داڕشتن و ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیەی دەکەوێتە ئەستۆی نووسەری دیوانەکە سەرچاوەی گرتووە، کە گرنگترین کاری نووسەری دیوانی نامەکان و داڕشتن لە دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی کاری نووسەری ئەم دیوانە بووە لە دەوڵەتی عەباسی و فاتمی، کە بریتی بووە لە نوسینەوەی نامەی سەرۆکی وڵات (خەلیفە، میر) بۆ پادشا، خەلیفە، میرەکان و گەورەپیاوانی دەوڵەتانی تر، هەروەها نوسینەوەی گرێبەستە دەوڵەتیەکان، کە لە کۆتاییدا ناوی خۆی دەنووسێت و مۆری میر یاخود سەرۆکی دەوڵەتی لێدەدات.

## ٤- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف بەشێکە لە سیستەمی کارگێڕی ئاینی و ئابوری دەوڵەتی مەروانی[2]. وەك ئاشکرایە (ئەوقاف – أوقاف) کۆی وشەی (وقف)ە، کە واتای وشەی (حبس) دەگەیەنێت، کە ڕاگرتن و سنووردارکردنی شتێکە لە پێناوی خودا و بۆ خودا[3]. بۆیە شتی وەقفکراو، کڕین و فرۆشتنی پێوەناکرێت و ناشێت لە ئاینی ئیسلامدا و نابێتە میراتگری.

وەقف ناسێنراوە بە جۆرێك لە جۆرەکانی خێرکردن و باشترین جۆری خێرکردنە، کە سیفەتی بەردەوامی هەیە واتە خێرێکی نەبڕاوەیە[4]، وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ((إذا مات الأنسان إنقطع عمله إلا من ثلاث أشياء: صدقة جارية، أو علم ينتفعُ بهِ، أو ولد صالحِ يَدعولَهُ ))[5]. وەقف بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەبووە[6] و گرنگی پێدراوە، بەڵام لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تری ئیسلام جیاواز بووە لە ڕووی گرنگی پێدان و بەکارهێنان و دامەزراوەیی جۆرییەوە. کە دەتوانین بڵێین وەقف لە دەوڵەتی

---

[1] ابن الوردي: م.س، ج١، ص٣٣٩؛ ابي الفداء: م.س، ج١، ص٥٢٢.

[2] عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٦٩.

[3] فيروزابادي: م.س، ص٨٦٠.

[4] أحمد الخطيب: الوقف والوصاية، بغداد، ١٩٦٨م، ص٣٥؛ محمد عبدالعظيم ابو النصر: الأوقاف في بغداد العصر العباسي الثاني، عين للدراسات والبحوث الأنسانية والأجتماعية، مصر، ٢٠٠٢م، ص٧؛ محمد بكر اسماعيل: م.س، ص٦٠٦.

[5] مسلم: كتاب الوصية، باب مايلحق الأنسان من الثوابت بعد وفاته، رقم/١٦٣١.

[6] یەکەم وەقف لە ئیسلامدا (بیری ڕۆمی) بوو لە شاری مەدینە، کە (عثمان بن عفان) (ر.خ) کڕیبووی و کردبووی بە وەقف، دواتر موسڵمانان ئەم کارە خێرەیان دووبارە کردووەتەوە، (محمد أحمد درنيقة: م.س، ص٨٨).

عەباسیدا گرنگی زۆری پێدراوە، بە سیستماتیکی کراوە و دامەزراوەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە و جۆری[1] دووەمی وەقف دەرکەوتووە، کە ناوبراوە بە وەقفی فەرمی، ئەمەش لە ساڵی (٣٠٣ك/ ٩١٤ز)دا بووە، کە دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە بە ناوی (دیوان البر) دواتر تایبەتمەند کراوە لە ساڵی (٣١٤ك/ ٩٢٦ز) گۆڕاوە بە (دیوان الصدقات)، کە سەر بە (دیوان القضاء) بووە، پاشان گرنگی زیاتری پێدراوە لە سەردەمی خەلیفە (الطائع ٣٦٣-٣٨١ك/ ٩٧٤-٩٩١ز)، بووەتە یەکێك لە کارەکانی ویلایەتی دادوەری گشتی، هەتا بە بەڵگەی ئەوەی ماڵی یاخود شوێنی نیشتەجێبوونی دادوەری دادوەران بە (دار الوقف) ناوبراوە[2].

وەقف لە دەوڵەتی مەروانییدا لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی گرنگی زۆری پێدراوە و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف[3]. هۆکاری گرنگی پێدانی وەقف لە دەوڵەتی مەروانیدا هەرچەندە بە شێوەیەکی فەرمی باسی لێوەنەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین هاوشێوەی هۆکاری پەرەسەندنی وەقف و گرنگی پێدانی وەقف بووە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، کە هۆکاری سەرەکی ئاینی و پاداشتی خێرکردن لە ئاینی ئیسلامدا، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر بوونی وەقف و گرنگی پێدانی لە دەوڵەتی مەروانیدا، کە زۆرینەی دانیشتووانی موسڵمان بوون، میرەکانی دەوڵەتیش کەسانی ئاین پەروەر و چاکەخواز بوون[4]، لەوانەش میر (نصر الدولة)، کە پەنجاو دوو ساڵ فەرمانڕەوا و میری دەوڵەتی مەروانی بووە، ئەوەندە ئاینپەروەر بوو، کە چەندان مێژوونووس باسی دەکەن و دەڵێن: ((بە درێژایی فەرمانڕەواییەکەی نوێژی بەیانی لەدەست نەچووە و کردوویەتی))[5].

هەروەها هۆکاری دەوڵەمەندی دەوڵەتەکە و کشتوکاڵ و بازرگانی لەو دەوڵەتەدا، کە بەتایبەتی دەرکەوتنی وەقف بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەردەمی میر (نصر الدولة) لە ساڵی (٤٠١-٤٥٣ك/ ١٠١٠-١٠٦١ز)، لە شاری میافارقینی پایتەختی دەوڵەت، کە الفارقي دەڵێت: ((میافارقین لە ڕۆژانی (نصر الدولة) بوژایەوە، بازرگان و خەڵك لە هەموو لایەکەوە هاتنە شارەکەوە، خەڵك لە ڕۆژانی ئەودا دەوڵەمەندبوون، ڕۆژانی ئەو چاکترین ڕۆژبوون و دەوڵەتەکەی وەك دەوڵەتان نەبوو))[6]. بازرگانی بە

---

(١) پێش جۆری دووەم، جۆری یەکەمی وەقف هەبووە، کە بە وەقفی تایبەتی ناوبراوە، کراوەتە دوو بەش، کە بەشێك وەقفی نزیکان (الوقف الأولی)، کە لە ترسی هەژاری وەقف لەسەر نەوەکانیان کردوون، بەشێکی تری (الوقف الخیري)، کە وەقفی (شوێنە ئاینییەکان وەك حرمین و مزگەوت و قەڵا و هۆزەکانی شوێنە سنوورییەکان (الثغور) بۆ جیهادکردن و قوتابخانە و مەکتەبە و نەخۆشخانە و پرد و.....)، کە ئەمە هاوکاتی وەقفی فەرمی هەبووە، (محمد أحمد درنیقة: الموجز في الحضارة الأسلامیة، ص٨٨).

(٢) محمد عبدالعظیم ابو النصر: م.س، ص ص١٠-١١.

(٣) عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص١٦٩.

(٤) ارشاك بولادیان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسیة في القرنین (١٠-١١م)، ص١٨٥؛ محمد عبدالعظیم ابو النصر، م.س، ص١٠.

(٥) الفارقي: م.س، ص٥٠٢؛ ابن خلكان: وفیات الأعیان، ج١، ص١٧٧.

(٦) تأریخ میافارقین، ص٥٠٠.

ڕادەیەك پێشكەوتووە، كە جێگەی بڕوای میری وڵات نەبووە، بیستوویەتی بە شێوەیەكی خەیاڵی بازرگانێك بە ناوی (ابن بهات) قازانجی دەسكەوتووە بە بڕی پێنج سەد دیناری ئەرمانۆسی لە بازاڕی میافارقین بە هۆی مامەڵەی كڕین و فرۆشتنی خام لە یەك ڕۆژدا، بۆیە بانگی بازرگانەكەی كردووە و لێی دڵنیابووەتەوە، سەرەنجام ئەو بازرگانە ئەو بڕە پارەی وەقف كردووە[1].

ئەمەش كاریگەری ڕاستەوخۆی پێشكەوتنی بازرگانی لەسەر وەقف دەردەخات، هەروەها داهاتی زەویوزارە كشتوكاڵییەكان زۆربوون لەو دەوڵەتەدا، بەتایبەتی بەروبوومی دانەوێڵەیی لەوانەش گەنم، كە پارچەی زەوی كشتوكاڵی وا لەو دەوڵەتەدا هەبووە، كە داهاتی سێ سەد و شەست جرەب[2] بێت، كە ڕۆژانە جرەبێكی لێكراوە بە وەقف بەسەر هەژاراندا، كە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە تا ئەو داهاتە بەفیڕۆنەچێت، وەك چۆن هۆكارێك بووە بۆ بە دامەزراوەیكردنی وەقف لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا[3].

یەكێكی تر لەو هۆكارانە ترسانی میرەكان هاوشێوەی خەلیفەكانی عەباسی، ترسانیان لە دووركەوتنەوەی دەوڵەت و زۆرداری و دەسەڵاتداریێتی نەوەكانیان بەسەریانداو نەمانی هەست و دڵسۆزی بۆیان، هەڵدەستان بە دروست كردنی مزگەوت و پرد و چەندەها پرۆژەی خێرخوازی تر، كە لە هەمان كاتدا دەتوانین بڵێین سەروەت و سامانیان بەو شێوەیە بە دوور دەبوو لەناوچوون و دروست وونی كێشە لەسەری و پارێزراو بووە[4]. ئەم ترسە بە شێوازێكی تر پاڵنەر بووە بۆ وەقف لە دەوڵەتی مەروانی بەتایبەتی لای میر (نصر الدولة)، كە دەست بەكاربووە، نەزری كردووە هەموو ڕۆژێك جرەبێك گەنم دابەش بكات بەسەر هەژاراندا لە مزگەوتدا، كە ماوەی حەوت ساڵ بەردەوام بووە، بەڵام دواتر ترساوە نەتوانێت ڕۆژێك ئەنجامی بدات لەبەر هەر هۆكارێك بێت یاخود بێزار بێت، بۆیە ئەم وەقفە تایبەتییەی كردووەتە وەقفی فەرمی و فەرمانی كردووە بە بەڕێوەبەری ئەوقاف لە ساڵی (٤٠٧ك/ ١٠١٧ز) یان (٤٠٨ك/ ١٠١٨ز) ئەو كارە ئەنجام بدات بە هاوكاری وەزیر (خواجە أبو القاسم)[5].

هەروەها پاڵنەری تری وەقف، بوونی كەسانی زانستخواز و زۆربوونی لە دەوڵەتدا، كە سەرقاڵی خوێندن و خوێندنەوەی زانستەكان بوون بەگشتی و زانستی شەرعی ئاینی بەتایبەتی و پێشكەوتنی زانست و ڕۆشنبیری لەو دەوڵەتەدا، كە میری وڵات گرنگی پێداوە و ڕۆڵی هەبووە، لەگەڵ نووسەر و شاعیرانی وڵاتدا، وەك میر (نصر الدولة) هەمیشە لە پێشوازی شاعیراندا بووە و لە كۆڕی دانیشتنەكانی

---

(1) ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص ص٣٦٢-٣٦٣.

(2) جرەب پێوەرێكی ڕووبەری زەوی كشتوكاڵییە، كە بە نزیكەی بەرهەمی زەوییەكەی پێی دیاری دەكرێت، كە جرەبێك یەكسانە بە ٧٢م[2]، (مالترهنتس: المكاييل والأوزان الأسلامية، عمان، ١٩٧٠م، ص١٦).

(3) الفارقي: ن.م، ص٤٧٨.

(4) محمد عبدالعظيم ابونصر: م.س، ص٨.

(5) الفارقي: م.س ، ص٤٧٨؛ ابن شداد: م.س ، ج٣، ق١، ص٣٥٣.

شاعیران دانیشتووه و لەوێ بووە[1]. هەروەها لە نووسەران و شاعیرانیش شاعیر (منازي)، کە کەسێکی زانستخواز بووە، کە چەندەها کتێبی کۆکردووەتەوە و وەقفی کتێبخانەکانی ئامەد و میافارقین کردووە[2].

بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی وەقف لە دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی وەقف بووە لە دەوڵەتی عەباسی لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)، کە وەقفی فەرمی بووە و ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتیکردنی دەوڵەتدا بووە، هەروەها ئەوقاف سەرچاوەیەکی باشی دارایی دەوڵەتی مەروانی بووە و سنووری مزگەوت و مەلا و شێخ و پیاوانی ئاینی تێپەڕاندووە، بۆ دامودەزگا فەرمییە خزمەتگوزارییەکانی تری خەڵك و کۆمەڵگا و لایەنی کارگێڕی تری دەوڵەت خراوەتە کار و بەکارهاتووە[3].

لێرەشەوە دەتوانین بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بناسێنین، کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بووە، لە شاری میافارقینی پایتەختی دەوڵەتی مەروانی بووە، کە هەموو کەلوپەلە ماددییە وەقفیەکانی لەخۆگرتووە و بەکاریخستووە بۆ مەبەستی تەرخانکراوی خۆی سەرپەرشتی کردووە. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف هەر لە سەرەتای دەوڵەتی مەروانی هەبووە، ئەو کەسەی بەڕێوەی بردووە پێی وتراوە بەڕێوەبەری ئەوقاف.

بۆ بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف لەم دەوڵەتەدا کەسانی دەستپاك و شارەزا و لێهاتوو و ڕاستگۆ دانراون هاوشێوەی سیستەمی دامەزراندنی فەرمانبەر و بەڕێوەبەری دەوڵەت لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا[4]، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کەسانی ناموسڵمانیش دانراون بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایە لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی دەوڵەت موسڵمان بوون، کە لەم خاڵەدا یەکناگرێتەوە لەگەڵ سیستەمی کارگێڕی ئیسلامیدا چونکە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا یەکێك لە مەرجەکانی ئەو کەسەی پۆستی بەڕێوەبردنی دەزگای ئەوقاف دەگرێتە دەست، دەبێت موسڵمان بێت، شارەزای بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بێت، چونکە (وەقف) کارێکی تایبەتمەندی موسڵمانانە، پێویستی بە زانینی بنەماو یاسا و پەیڕەوی ئیسلامییە و تایبەتمەندی وەقف هەیە[5].

دەوڵەتی مەروانی ڕەچاوی ئەم مەرجەی موسڵمان بوونەی بەڕێوەبەری ئەوقافیان نەکردووە، ئەمەش ئاشکرایە لە سەردەمی میر (أبو علي) و میر (ممهد الدولة) لەساڵی (٣٨٠-٤٠١ك/ ٩٩٠-١٠١٠ز)، کە (ابن شليطا) پیاوێکی مەسیحی بووە لە ساڵی (٤٢٥ك/ ١٠٣٣ز) بووەتە بەڕێوەبەری ئەوقاف، کە کەسێکی ڕاستگۆ و شارەزا و دەستپاکیش بووە، چونکە بڕی پارەی وەقفکراو دیاربووە، کە زۆر بووە و جێگەی متمانەی خەڵکیش بووە، کە ئەو پارە زۆرەیان کردووە بە وەقف، کە الفارقي دەڵێت: ((پارەیەکی

---

(1) راغب المرجاني: روائع الأوقاف في الحضارة الأسلامية، نهضة مصر، مصر، ٢٠١٠م، ص ص٩١-١٠١؛ اكو برهان محمد: الحياة العلمية في دياربكر وجزيرة ابن عمر (من القرن ٥-٧هـ/ ١-١٣م)، رسالة ماجستر غير منشورة، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠م، ص٦٥؛ كارزان محمد حسين رشيد البامرني: م.س، ص ص٨٩-٩٥.

(2) الفارقي: ن.م، ص٤٨٦؛ ابراهيم بن محمد الحمد المزيفي: الحياة العلمية في العهد الزنكي، الرياض، ٢٠٠٣م، ص٧١.

(3) حسن حاج حسن: النظم الأسلامية، ص٢٧٦؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٦٩.

(4) احمد بن داود المزجاجي الأشعري: م.س، ص٢٢٥.

(5) عبدالرحمن بن ابراهيم الضحيان: الأوقاف الأسلامية ودورها الحضاري، دار الماثر، المدينة النبوية، ٢٠٠١م، ص٣٧.

زۆری وەقفی بۆ هاتووە))[1]. هەروەها جێگەی دەستی دیاربووە، کە کەناڵی سێیەمی بۆ شاری میافارقین هێناوە بەو پارەی وەقف کراوە، کە لە شاری (رأس عین)ـەوە هێناویەتی[2].

کەسانی ناسراو، پێشەوا، گەورە، دەستپاك و موسڵمان کراوەتە بەڕێوەبەری ئەوقاف، کە لە سەردەمی میر (نصر الدولة) دیارە لە ساڵی (٤٠٧ك/١٠١٧ز) یان (٤٠٨ك/ ١٠١٨ز) بەڕێوەبەری ئەوقاف شێخ (أبو محمد حسن بن محمد بن مجور) بووە، بەردەوامیش بووە لە بەڕێوەبەرایەتییەکە، کە لە ساڵی (٤٠٩ك/ ١٠١٩ز) باس دەکرێت دووبارە کە بەڕێوەبەری ئەوقاف بووە[3]. بە هەمان شێوە لە ساڵی (٤٣٥ك/ ١٠٤٤ز) یان (٤٣٦ك/ ١٠٤٥ز) کەسانی شارەزا، زانا، دەستپاك و دادپەروەر کراوەتە بەڕێوەبەری ئەوقاف لە شاری میافارقین. وەك فیقهزان و زانا و دادوەری میافارقین، دادوەر (أبو منصور بن شاذان طوسي) هاوکات دادوەرییەکەی چاودێری ئەوقافیشی پێسپێردراوە و کراوەتە بەڕێوەبەری[4]، هەروەها لە ساڵی (٤٦٨ك/ ١٠٧٦ز) دادوەر (أبو حسن بن بغل) کراوە بە بەڕێوەبەری ئەوقاف[5].

داهاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف جۆراوجۆر بووە بۆ مەبەستی جۆراوجۆریش بەکارهاتووە، جێگیر نەبووە، کە جۆرێك داهاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف پارە بووە، کە چەندین پڕۆژەی جیاجیای پێدروستکراوە، وەك ئەو پارە زۆرەی داهاتی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف بووە لە ساڵی (٣٨٠-٤٠١ك/ ٩٩٠-١٠١٠ز)، کە بۆ دروستکردنی کەناڵی ئاو و ڕاکێشانی لە شاری (رأس عین) بۆ شاری میافارقین بووە، کە پارەیەکی زۆری تێچووە و بە باشترین شێوە ئەنجامدراوە[6].

جۆرێکی تری وەقف بووە لەسەر کاری بیناسازی وەك دروستکردنی مزگەوت، نەخۆشخانە، حەمام، پرد و چاککردنی شورە، کە وا میری وڵات دەستێکی باڵای تێدا هەبووە[7]، لەوانەش میر (نصر الدولة) کەسێکی چاکەخواز و دادپەروەر بووە، لە ساڵی (٤١٤ك/ ١٠٢٤ز) بە پارەی خۆی نەخۆشخانەی دروستکردووە و مزگەوتی نوێکردووەتەوە، کە نووسەر و بیرمەند (ابن بختيشيوع الخازن) کاری نۆژەنکردنەوەی خستووەتە ئەستۆی خۆی[8]. هەروەها میر (نصر الدولة) لە ساڵی (٤٢٣ك/ ١٠٣٢ز) مزگەوتی (المحدسي) ئاوەدانکردووەتەوە و پارەی جێی نوێژکردنی مزگەوتەکەی لە ماڵی خۆی خەرجکردووە، کە الفارقي دەڵێت: ((بە شێوازێکی جوان بینایکرد، وەقفی بۆ دیاریکرد))[9].

---

(1) الفارقي: م.س، ص٤٩٩؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة الأسلامية في قرنين (١٠-١١م)، ص١٩١.

(2) الفارقي: ن.م، ص٤٩٩.

(3) الفارقي: ن.م ، ص ص٤٧٨-٤٧٩؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٧٠.

(4) الفارقي: ن.م، ص٤٩٨.

(5) الفارقي: ن.م، ص٥١٥.

(6) الفارقي: م.س، ص٤٩٩.

(7) عبدالرقيب يوسف: م.س، ص١٦٩.

(8) الفارقي: ن.م، ص٤٨٢؛ الذهبي: سيرة الأعلام النبلاء، ج١٨، ص١١٧.

(9) الفارقي: ن.م، ص٤٨٨.

وەقف لەسەر شورەش بە هەمان شێوە کراوە میر (نصر الدولة) ڕۆڵی تێدابووە وەك چەندان شوێنی ڕماوی شورەی میافارقینی بیناکردووەتەوە و لادێ و شتی دیکەی وەقفی شورەکەی کردووە. هەردوو گەرماوی عەقەبەی بیناکردووە و کردوویەتیە وەقف لەسەر شورەکە، گەرماوی (الجدیدي) لە بیابانی شورجان لە لاکانیەوە بیناکردووە و ئەویشی کردووەتە وەقف لەسەر شورەکە[1].

وەقفیش لەسەر پردەکان ئاشکرایە، وەك میر (نصر الدولة) وەقفی بۆ پردەکانی (حوسەینییە، حەمیدییە، گردی بەنان، قەتینیتا، بابوزین، ئیبراهیمیە و بەرسەدی) داناوە، پارەیەکی زۆری خەرجکردووە[2].

وەقف بۆ لایەنی بەرگری وڵات دانراوە، لەوانەش بۆ پێدانی مووچەی پاسەوانانی قەڵا تایبەتمەند کراوە، وەك کڕینی دێی (بەنو نوح) لە لایەن دادکار (ابن بهات)، کە هاوکات پیاوێکی بازرگان بووە، ئەم لادێیەی وەقفکردووە لەسەر پاسەوانانی قەڵاکانی (ئاکل، یەمانی، جاترە و قەڵاکانی ئامەد)[3]. (ابن شداد) ئاماژەی بەم باسە کردووە، ئەو پیاوە بازرگانەی بە (ابن الشهاب) ناوبردووە، کە ئەویش ناوی (ابي بکر محمد بن جري) لە گەورە بازرگانان و پێشەواکان بووە[4].

هەروەها وەقف لەسەر هەژاران کراوە بە پێدانی بەروبوومی دانەوێڵەی هەموو ڕۆژێك، کە ئەمەش کاری میر (نصر الدولة) بووە، کە پێشتر خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرد لە ساڵی (٤٠١-٤٠٧ك/ ١٠١٠-١٠١٧ز) هەموو ڕۆژێك جرەبێك گەنمی لە مزگەوت دەبەخشیە هەژاران، کە نەزری سەرشانی کردبوو، بەڵام ترساوە کە ڕۆژێك پێینەکرێت، بۆیە لە ساڵی (٤٠٧ك/ ١٠١٧ز) یان (٤٠٨ك/ ١٠١٨ز) فەرمانی بە بەڕێوەبەری ئەوقاف شێخ (أبو محمد حسن بن محمد بن محور) کردووە، کە بەیانی بچێتە دیوەخان لای وەزیر (خواجە أبو القاسم) پارچەیەك زەوی دەستنیشان بکەن، کە داهاتی سێ سەد و شەست جرەب بێت و وەقفی سەر هەژاران و کەم دەرامەتانی بکرێت، کە گەنمەکەی لە مزگەوت دەکرێتە سەدەقە[5]. بۆ ئەمەش بەڕێوەبەری ئەوقاف و وەزیر هەستاون بە جێبەجێکردنی داواکەی میر و دێی (العطشان) لە ڕۆژئاوای میافارقینیان دیاریکرد بۆ وەقفەکە، کە ساڵانە گەنمەکەیان بردووەتە مزگەوت و بە سەر هەژاران دابەشیانکردووە، کە بەردەوامیش تا سەدەی (٦ك/ ١٢ز)، لێرەدا دەکرێت بڵێین وەزیری وڵات ڕۆڵی هەبووە و هاوکار بووە لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەوقاف لە بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی زەویوزاری وەقفکراو[6].

---

[1] الفارقي: ن.م، ص ص٤٩٨-٤٩٩؛ ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص٣٦١؛ محمود یاسین التکریتي: م.س، ص١٧٨.

[2] عبدالرقیب یوسف: ن.م، ج٢، ص ص١٧٠-١٧١؛ محمود یاسین التکریتي: ن.م، ص ص١٨١-١٨٢.

[3] الفارقي: ن.م، ص٥٠٠؛ عبدالرقیب یوسف: ن.م، ج٢، ص١٧١.

[4] الأعلاق الخطیرة: ج٣، ق١، ص ص٣٦٢-٣٦٣؛ ابن شداد: ن.م، ج٣، ق١، ص٣٥٨.

[5] الفارقي: م.س، ص٤٧٨؛ ابن شداد: م.س، ج٣، ق١، ص ص٣٥٣-٣٥٤؛ کارزان محمد حسین رشید البامرني: م.س، ص٣٩.

[6] الفارقي: ن.م، ص٤٧٩.

شێوازێکی تری وەقف لە دەوڵەتی مەروانیدا وەقف بووە لە بواری زانست و ڕۆشنبیریدا، کە لەسەر کتێبخانەکان بەخشینی کتێب تەرخانکراوە، یاخود کتێب وەقفکراوە، وەك شێخ (أبو نصر) کتێبێکی زۆر کۆکردۆتەوە و دابەشیکردووە بەسەر ئامەد و میافارقین کردوویەتی بە وەقف لە خەزێنەی کتێبی مزگەوتی ئامەد[1].

هەروەها دەتوانین بڵێین وەقف لە بواری پیشەسازی میکانیکیش خراوەتەکار، وەك میر (نصر الدولة) بە پارەی خۆی کاتژمێری بەنگامی[2] بۆ مزگەوتی میافارقین دروستکردووە[3].

## ٥- دەزگای پۆلیس (الشرطة)

دەزگای پۆلیس یەکێکە لە دەزگا کارگێڕییە شارستانییەکانی سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی. ئەو کەسەی کارگێڕی ئەم دەزگایەی لە ئەستۆدایە بە خاوەن پۆلیس (صاحب شروطة) ناوبراوەو ناسراوە[4]. کە وشەی (شرطة) لە (شرط)ـەوە سەرچاوەی گرتووە لە ڕووی زمەوانییەوە بە واتای هێما و ئاماژە دێت، وە لەبەر ئەوەش (شروطي)یان پێوتراوە یاخود هەڵگری ئەم ناوە بووە، کە هێمایەکیان بۆ خۆیان داناوە تا پێیبناسرێتەوە، کە پاراستنی ئاسایش و هێمنی وڵاتیان لە ئەستۆدا بووە بە شەو و ڕۆژ[5].

بنەمای پێکهاتەی سیستەمی پۆلیس (سیستەمی عەس عەس) بووە، کە هەر لە سەرەتای دەوڵەتی ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و دواتریش لە سەردەمی خەلیفەی ڕاشیدەین، (أبوبکر صدیق) و خەلیفەکانی تر هەبووە بە جۆرێك گەشەی سەندووە[6] و تا دواتر دەزگای پۆلیس لە ئەنجامی

---

(1) الحنبلي: شذرات الذهب، ج٥، ص١٧٣.

(2) بنگام: وشەیەکی فارسییە کراوە بە عەرەبی بە واتای تاسێکی یاخود سینێکی گەورە دێت، وەك کێشانەیەك یاخود پێوەرێك بەکارهاتووە هەر لە کۆنەوە لە لای (هیندییەکان) کە بە تاسێکی مسیان وتووە بنکەکەی کون بووە، کە لە نێوان جوتیارەکاندا ئاویان پێ پێوانەکردووە، کە کردوویانەتە ناو ئاو تا تاسەکە پڕ ئاو بووە. ئەم کارە لە ماوەی سەعاتێك یان کەمتر ئەنجامدراوە، هەرکەس نۆرەی هاتووە، ئاوەکەی بردووەتە ناو کێڵگەکەی، کە هەندێکیان تاسەیەك یان دوو تاسە یان سێ تاسە ئاوی بەرکەوتووە، ئەوان دواتر هەستاون بە دابەشکردنی کاتەکانی شەو و ڕۆژ، کە بریتی بووە لە بیست و دوو کاتژمێر بە دە هەزار تاسە، ناوی بنگامیان لە کیلۆ و کێش ناوناوە، کە ئەمەش وەك ئامێرێکی دیاریکردنی کاتی نوێژ و وەخت و جوڵانەوەی ئەستێرەکان، کە بەپێی یاسایەکی میکانیکی وەك کاتژمێر بەکارهاتووە، کە دەگمەن بووە لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)دا لە (میافارقین) بەدیکراوە، (حاجي خلیفة: کشف الظنون عن اسامي الکتب والفنون، بیروت، ١٩٩٤م، ج١، ص٢٤٤؛ ادّی شیر: الألفاظ الفارسیة المصریة، الکاثولیکیة للاباع الیسوعین، بیروت، ١٩٠٨م، ص٢٨).

(3) الفارقي: ن.م، ص٤٩١؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژ.١٦، ل٢٠٠.

(4) عبدالرقیب یوسف: م.س، ج٢، ص٢٥١.

(5) القلقشندي: صبح الاعشی، ج٥، ص٤٥٠؛ ابن منظور: م.س، مجلد٧، ص٣٣٠؛ محمد فرید وجدي: م.س، ج٥، ص٣٧٨.

(6) ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٣٥؛ محمد ابراهیم الاصبیعي: الشرطة في النظم الأسلامیة، المکتب العربي الحدیث، الأسکندریة، د.ت، ص ص(١٣، ٦٠).

گەشەسەندنی شار و بازاڕەکان و فراوانبوونیان‌و زۆربوونی خراپەکاری بە شەو و ڕۆژ لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدەیندا، خەلیفە (علي بن ابي طالب) بۆ یەکەمین جار وەك دەزگایەکی ڕێکخراوی ئاسایش تا کاروباری شارەکان ڕێکبخات و سەقامگیری دەستەبەربکات و دامەزرێنرا[1]. پاشان ئەم دەزگایە بەردەوامی هەبووە بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکانی دەوڵەتانی ئیسلام، کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و تایبەتمەندی سەردەمی هەبووە و گرنگی زیاتری پێدراوە و جێگەی بایەخی دەوڵەتان بووە. وەك ئاشکرایە لە دەوڵەتی عەباسیدا دەزگای پۆلیس بووەتە دامەزراوەیەکی شارستانی گرنگی دەوڵەت بەتایبەتی لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز)دا. دیوانی تایبەتی هەبووە بە ناوی (دیوان شرطة) هەروەها (خاوەن پۆلیس – صاحب الشرطة) بە پیاوی دووەم لە وڵاتدا لە دوای خەلیفە و سوڵتان و میر و والییەوە هاتووە، لە نەبوونی ئەوان کاروباری دەوڵەتی گرتووەتە دەست، کە بە ڕادەیەك پاڵێوراوبووە بۆ وەزیر و پەردەدار[2]، وەك (ابن خلدون) دەڵێت: (( (پۆلیس – شرطة) ئەو پلەیەیە، کە پاکێتی بۆ کراوە و دراوەتە گەورە سەرکردەکان و گەورە تایبەتییەکانی مەوالییەکانیان... وەرگرتنی ئەو پۆستە دەدرا بە پیاوەگەورانی دەوڵەت وەك پاڵێوراوێك بووە بۆ وەزیری و پەردەداری))[3]. لە دەوڵەتی فاتمیش دەزگای پۆلیس جێی بایەخ بووە، دوو جۆر پۆلیس هەبووە کە ئەویش (پۆلیسی باڵا – شرطة العليا) و (پۆلیسی خواروو – شرطة السفلى)، کە پۆستی (خاوەن پۆلیسی باڵا – صاحب شرطة عليا) خەلیفە یان وەزیر یان میر گرتووەتییە دەست. هەروەها (پۆلیسی نهێنی – شرطة السرية) هەبووە لە دەوڵەتی فاتمی کە پۆلیسی خەلیفە بوون، وەك پۆلیسی نهێنی سەردەمی (حاكم بأمر الله) (٣٨٦-٤١١ك/ ٩٩٦-١٠٢١ز)[4].

دەزگای پۆلیس هەر لە سەرەتای دەوڵەتی مەروانی، وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی ئەو سەردەمە هەبووەو بەشێك بووە لە کارگێڕی ئاسایشی دەوڵەت، وەك الفارقي باس لە (ابن فليوس)[5] دەکات کە کراوەتە (سەر پۆلیس – صاحب شروطة) لە سەردەمی میر (ممهد الدولة) (٣٨٧-٤٠١ك/ ٩٩٧-١٠١٠ز) لە لایەن پەردەدار (شروة)ـەوە[6].

دەزگای پۆلیس لە سەردەمی میرەکانی دواتری دەوڵەتی مەروانیدا هەبووە و بەردەوامبووە، وەك بەشێك لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتەکە. وەك لە سەردەمی میر (نصر الدولة) (٤٠١-٤٥٣ك/ ١٠١٠-١٠٦١ز) هەبووە، چونکە (ابن نباتة المصر) لە گێڕانەوەی وتەکانی میر (نصر الدولة)، کە ئاڕاستەی

---

(1) حسن حاج حسن: م.س، ص٢٤٤؛ رحییم کاظم محمد الهاشمي: م.س، ص١٠٧.

(2) ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٣٥؛ اليوزبكي: نظم الأسلامي، ص١٨١.

(3) مقدمة، ج١، ص٤٣٥.

(4) محمد ابراهيم الأصبيعي: م.س، ص ص٧٤-٧٥.

(5) زانیاری نییە لەسەر ڕەچەڵەك و ساڵی لەدایکبوونی (ابن فليوس)، کە تەنها ئەوە نەبێت کەسێکی شەڕانگێز، ئاژاوەچی، دەروون نادروست و ویستخواز بووە، سەرەنجام بەهۆی ئەم ڕەفتارانەی لە ساڵی (٤٠١ك/ ١٠١٠ز) لە هێرشی خەڵکی میافارقین بۆ سەر پەردەدار (شروة) و لایەنگرانی (ابن فليوس) کوژراوە، منداڵان تەرمەکەیان بە نێو شاردا ڕاکێشاوە و شێواندوویانە، (الفارقي: م.س، ص٤٧٣؛ ابن شداد: الأعلاق الخطيرة: ج٣، ق١، ص٣٦٦).

(6) تاريخ ميافارقين، ص٤٦٦.

وەزیری دەوڵەتەکەی کردووە لە ساڵی (٤١٩ك/ ١٠٢٨ز)[1] باسی لە (خاوەن پۆلیس – صاحب شرطة) کردووە و دەیخاتەڕوو، کە وتوویەتی: ((ئەگەر پارە و سامانی خەڵکم بوویت، ئەوە پشتم دەبەست بە (صاحب الشرطة)، نەك بە تۆ))[2]. هەروەها (ابن العديم) لە باسی میر (نصر الدولة) ئاماژە بە (خاوەن پۆلیس – صاحب الشرطة) دەکاتو دەڵێت: ((.. ماڵی لە خەڵکی وەردەگرت لە لایەن (خاوەن پۆلیس– صاحب الشرطة)، کە لە بازرگانان هەزار دینار وەرگیراوە..))[3].

هەرچەندە زانیاری تەواو نییە و ناوی (خاوەن پۆلیس – صاحب الشرطة) نەهێنراوە و نەناسراوە، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە، کە دەزگای پۆلیس هەبووە وەك هێزێکی ئاسایشی مەدەنی پشتی پێبەستراوە و فەرمانی پێکراوە بۆ ئەو کارانەی تایبەت بووە پێی ئەنجامی بدات، وەك دەردەکەوێت لەو باسانەدا، کە کارێکی وەرگرتنی پارە بووە لە خەڵکانی دەوڵەمەند لە کاتی شەڕدا یاخود پێویستییدا[4].

لێرەشدا دەتوانین بڵێین دەزگای پۆلیس و خاوەن پۆلیس لە دەوڵەتی مەروانییدا بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئەو کارانەی ئەنجامداوە و جێبەجێی کردوو،ە کە دەزگای پۆلیس و خاوەن پۆلیس کردوویەتی لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتانی ئیسلام لە سەدەی (٤–٥ك/ ١٠–١١ز)دا وەك دەوڵەتی عەباسی.

گرنگترین ئەو کارانەی تریش کە (صاحب الشرطة) لەسەر شانی بووە لەو سەردەمەدا بریتی بووە لە جێبەجێکردنی بڕیاری سزادانی دادوەر، کە دەریکردووە بەرامبەر هەندێك لە تاوانباران و سەرپێچیکەران لە کۆمەڵگەدا وەك ڕێیباخۆران و زیناکەران بە لێدانی حەددی شەرعی لێیان، کۆتایی هاتووە.

هەروەها لە هەندێك بەڵگەی مێژووی دادوەریکردندا هاتووە، کە ڕێکخەری دانیشتنەکانی دادگاییکردن بووە و هاوکاری دادوەر بووە لە بەڕێکردنی ئەو دانیشتنە دادوەریکردنەدا، کە هەندێکجار ئەو پۆلیسە بە (خاوەن دانیشتن – صاحب المجلس) ناسراوە یاخود لە بەڵگەی مێژووی کارگێڕی و دادوەریدا هاتووە، کە ئەو پۆلیسە بە هەمان مانای پۆلیسی وشە (الجلواز و الأتروبيان التؤرور) هاتووە[5].

یاخود کارێکی تری (صاحب الشرطة) ڕوانین لە تاوانە مەدەنییەکان و سیاسیەکان و هاوشانی دادوەر سزای بۆیان داناوە و ئاسایشی پاراستووە. هەروەها کارێکی تری (صاحب الشرطة)

---

[1] لەم کاتەدا میر (نصر الدولة) چووەتە شەڕ لە دژی (بدران بن المقلد العقيلي) لە نوسەیبین و گەمارۆیدا، کە (ابن نباتة المصر) باسی دەکات، کە میر (نصر الدولة) داوای لە وەزیر کردووە، کە دە هەزار دینار ئامادە بکات بۆ خەرجی شەڕەکە، کە پێدەچێت لە گەورە دەوڵەمەندانی شاری ئامەد وەریانگرتبێت، چونکە هەر لە گێڕانەوەی دواتردا میر (نصر الدولة) نکۆڵی دەکات، کە ئەو داوای کردبێت لە خەڵکی وەریبگرێت، (كتاب المختار من كتاب تدبير الدول، ص ص٢٤٢–٢٤٤؛ ابن الأثير: م.س، ج٨، ص ص١٧٩–١٨٧).

[2] كتاب المختار من كتاب تدبير الدول، ص٢٤٥.

[3] بغية الطلب، ج٥، ص١١٣٠.

[4] ابن العديم: م.س، ج٥، ص١١٣٠؛ ابن نباتة المصري: م.س، ج٨، ص ص١٧٩–١٨٧.

[5] ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٣٥؛ ابن المنظور: م.س، مجلد٧، ص٣٣١؛ محمد ابراهيم الأصبيعي: م.س، ص١٤.

هاوكاريكردنى چاودێرى بازاڕ (حسبة) بووە و يارمەتى ئەو كرێكارانەشى (عمال) داوە، كە باجيان وەرگرتووە و زيندانەكانيشى بەڕێوەبردووە[1].

بێگومان لە ڕوانگەی ئەو كارانەش (صاحب الشرطة)، ئەم كەسە كارگێڕییە تايبەتمەندی خۆی هەبووە، لەسەر بنەمای ئەو تايبەتمەندييانە كەسانێك هەڵبژێردراون بۆ ئەم پۆستە، هەرچەندە بە شێوەيەكى فەرمى باسى لێوەنەكراوە لە سيستەمى كارگێڕى دەوڵەتى مەروانى، بەڵام دەتوانين بڵێين ئەو تايبەتمەندييانە ڕەچاو نەكراون تا ڕادەيەك لە دەوڵەتى عەباسى هاوسەردەمى گرنگى پێدراوە، چونكە لە دەوڵەتى مەروانييدا، كە (ابن فليوس) كراوە بە (بەرپرسى پۆليس) لە لايەن (شروة) پەردەدارى دەوڵەتى مەروانى، كە (ابن فليوس) پێشتر نۆكەرى پەردەدار (شروة) بوو[2]. لە كاتێكدا لە دەوڵەتى عەباسى هاوسەردەميدا بەتايبەتى پياوانى گەورە و ديارى دەوڵەت كراون بە (صاحب الشرطة) و لە سيستەمى كارگێڕى دەوڵەتانى ئيسلاميش بەگشتى دەبوو پياوى ناسراوى خاوەن ڕەچەڵەك و هێز بووايە، جێگەی متمانەی خەليفە بووايە[3]. (ابن فليوس) جێى ڕەزامەندى مير (ممهد الدولة) نەبووە، چونكە الفارقي دەڵێت: ((ممهد الدولة زۆر ڕقى لە (ابن فليوس) دەبووەوە، بە هيچ شێوەيەك حەزى لە چارە و بينينى نەدەكرد، چەند جارێك هەوڵيدا بيكوژێت، بەڵام دڵى (شروة)ى ڕادەگرت))[4]. لە لايەكى تر (ابن فليوس) جێى متمانەی پەردەدارى دەوڵەتى مەروانى (شروة) بووە و زۆرى خۆشويستووە، بۆيە كردوويەتى بە (سەرپۆليس)، لە كاتێكدا (ابن فليوس) كەسێكى باش نەبووە، ئاژاوەگێڕ، خاوەن دەروونێكى نادروست بووە و هەوڵى بەدەستهێنانى بەرژەوەندى و ويستى خۆيداوە، چونكە بير و ڕاى پەردەدار (شروة)ى گۆڕى بەرامبەر بە مير (ممهد الدولة)، ئەو خۆشەويستى و هاوڕێيەتى لە نێوان پەردەدار (شروة) و مير (ممهد الدولة) بوو، گۆڕى بۆ دوژمنايەتى و مير (ممهد الدولة)ى بە كوشتدا بە دەستى (شروة)ى پەردەدارى دەوڵەت لە ساڵى (٤٠١ك/ ١٠١٠ز)دا، هۆكارى داگيركردنى دەوڵەتى مەروانى بوو لە لايەن (شروة)وە[5]. هەروەها خەڵكيش بە شێوەيەكى گشتى ڕقيان لێبووە و سەرەنجام بە ئاژاوەگێڕ لە قەڵەمياندواە. وەك الفارقي دەگێڕێتەوە و خەڵكى ميافارقين وتوويانە بە پەردەدار (شروة): ((ابن فليوس بەدەستەوە بدە، چونكە سەرى خراپەكارييە، ئەو واى لە تۆ كرد، ئەو كارە بكەيت))[6].

هاوكات تايبەتمەندى كەسێتى باش، نەرمونيانى، پاكدەروونى و لە هەمان كاتدا توندى بەرامبەر بە كەسى تاوانبار بە پێوەرى ئەوەی لە شەريعەتى ئيسلامدا دانراوە و گرنگى پێدراوە لە سيستەمى كارگێڕى دەوڵەتى عەباسيدا لە هەڵبژاردنى (صاحب الشرطة) و دەوڵەتانى ترى ئيسلامى

---

[1] ابن خلدون: م.س، ج١، ص٤٣٥؛ حسن ابراهيم حسن: تاريخ الأسلام، ج٤، ص٣٣٠؛ اليوزبكي: م.س، ص١٨٣.

[2] الفارقي: م.س، ص٤٦٦.

[3] اليوزبكي: ن.م ، ص١٨٣؛ رحيم كاظم محمد الهاشمي واخرون: م.س، ١٠٧.

[4] تاريخ ميافارقين: ص٤٦٦.

[5] الفارقي: م.س، ص ص٤٦٦-٤٤٦٨؛ ابن شداد: الأعلاق الخطيرة، ج٣، ق١، ص٣٦٦.

[6] تاريخ ميافارقين: ص٤٧١.

هاوسەردەمی[1]. هەرچەندە زانیاری تەواومان نییە لەسەر (صاحب الشرطة)کانی تری دەوڵەتی مەروانی، نەناسراون و ئاماژەیەك نییە بۆ هەڵبژاردنیان. هەروەها زانیارییەکیش نییە سەبارەت بە هاوکارەکانی (صاحب الشرطة) لە دەزگای (شرطة) لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی، کە هاوکار و یارمەتیدەرەکانی لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی ئیسلام بە (العسعس) یان (صاحب النوبة) یان (الخضراء) ناسراون، یارمەتی بەرپرسی پۆلیسیان داوە و چەند هێمایەکی جیاکەرەوەی جلی تایبەتیان هەبووە و چەقۆی درێژیان پێبووە، کە پێی وتراوە (الطبرزین)[2].

لەگەڵ ئەوەی پاسەوانی قەڵا هەبووە لە دەوڵەتی مەروانیدا، وەك الفارقي دەڵێت: ((وا ڕێکەوت دێیەك لە دێکانی ناحیەی قەڵای فەتراتا هێنرا بۆ فرۆشتن، (ابن بهات) کڕی و وەقفیکرد لەسەر پاسەوانانی قەڵاکانی ئاکل، یەمانی، جاترە و قەڵاکانی ئامەد))[3]. بەڵام نەزانراوە، کە سەر بە دەزگای پۆلیسن وەك هێزی ئاسایشی مەدەنی دەوڵەت یاخود سەر بە سوپای نیزامی سەربازی دەوڵەتی مەروانین[4].

دەزگای پۆلیس لە پایتەختی دەوڵەتی مەروانی بووە، کە (صاحب الشرطة) لەوێ بووە وەك سەرپۆلیس (ابن فليوس) لە شاری میافارقین هاوشێوەی سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی عەباسی هاوسەرەمی، لەگەڵ ئەوەی باس لە (صاحب الشرطة) نەکراوە لە شارەکانی تری دەوڵەتی مەروانی، کە لە دەوڵەتی عەباسی لە ویلایەت و هەرێمەکاندا هەبووە، کە لە هەرێمەکاندا پارێزەری ئاسایشی ناوچەکە و کارەکانی تری پۆلیس لە ئەستۆی کەسانێکدا بوون کە بە (یارمەتیدەر – المعونة) و (پارێزەری هەرێم – الشحنة – حامية الأقاليم) ناسرا بوون، کە ناوی (الشحنة) لە دەوڵەتی سەلجوقی بەدەرکەوتووە لە ناوچەکانی دەرەوەی پایتەخت و هەرێمەکاندا[5].

(صاحب الشرطة) لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی خاوەن پێگە و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بووە، وەك لەو وتەیەی میر (نصر الدولة) دەردەکەوێت لە ساڵی (٤١٩ك/ ١٠٢٨ز) ئاڕاستەی وەزیرەکەی کرد، کە ئەو پارەی بوویت لە خەڵك، ئەم کارە بە (صاحب الشرطة) جێبەجێ دەکات نەك بە وەزیر[6].

هەروەها وەك لە ناوەکەی ئاشکرایە (صاحب الشرطة) لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی و فاتمی هاوسەردەمی، سەرۆکی ئەو هێزانە بوو، کە یارمەتی دەسەڵاتیان

---

(١) اليوزبكي: م.س، ص١٨٣؛ رحيم كاظم محمد الهاشمي واخرون: م.س، ص ص١٠٧-١٠٩.

(٢) ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٣٦؛ القلقشندي: صبح الأعشى، ج٥، ص٤٥٠.

(٣) الفارقي: ن.م، ص٥٠٠.

(٤) عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص ص٢٥١-٢٥٢.

(٥) ابن خلدون: مقدمة، ج١، ص٤٣٨؛ الصابي: الوزراء، ص١٨.

(٦) الفارقي: م.س، ص٤٦٦؛ ابن نباتة مصري: م.س، ص٢٤٥.

دەدا لە جێبەجێکردنی ئاسایش و جێبەجێکردنی لێپرسینەوەکانی دادگا و پارێزەری ڕەوشت لە کۆمەڵگەدا[1].

## ٦- بەڕێوەبەرایەتی شورە

بەڕێوەبەرایەتی شورە یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە شارستانییەکانی (مدني) سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی[2]. کە لە ناوی (شورە)وە سەرچاوەی گرتووە، کە شورە بریتییە لەو دیوارەی بە چواردەوری شارەکاندا دروستکراون[3]، کە ئەمەش کارێکی بیناسازی گرنگە، کە بە شێوازی جۆراوجۆر دروستکراون و تەکنیکی تەلارسازی تێدا بەکارهاتووە. مەبەست لە دروستکردنی شورە بۆ زیاتر پاراستنی ئاسایشی شار و بەهێزکردنی هێزی بەرگریکارییە لە هەر نەیارێکی دژی فەرمانڕەوای سەردەم، بەمەش شورە بەشێك بووە لە لایەنی بەرگریکاری دەوڵەت[4]. بۆیە شورە بە شێوەیەکی گشتی جێگەی بایەخی دەوڵەتانی سەردەمە جیاجیاکان بووە، وەك دەوڵەتی ساسانی و دەوڵەتی بیزەنتی و بەتایبەتیش دەوڵەتانی ئیسلامی، کە هونەر کاری بیناسازی شورەیان لە ساسانیەکان و بیزەنتییەکان وەرگرتووە. دەستبەکاربوون هەر لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدەین و ئومەوییەکان، کە چەندەها شورەی دیاریان دروستکردووە لە ناوچە سنوورییەکاندا بەتایبەتی[5]، لە سەردەمەکانی دواتردا بەتایبەتی لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی لە سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) هەستاون بە نۆژەنکردنەوەی شورەکان یاخود دروستکردنی شورەی زیاتر یان بەرزکردنەوەی شورەکان.

هەر چۆنێك بێت شورە وەك کارێکی بیناسازی بەرگریکاری وڵات لەپاڵ کارە بیناسازییەکانی تری وڵاتدا بوونەتە بەشێك لە شارستانیەتی ئیسلامی، کە جوان و شێوازی دروستکردنی هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی شارستانییەتی ئیسلام یاخود شارستانییەتی هەر نەتەوەیەکە لەو سەردەمەی، کە دروستی کردووە[6]، ئەمەش یاسایەکی مێژووییە، کە (ابن خلدون) ووتویەتی: ((دەوڵەت و موڵکداری وەك وێنەیەك وایە لە کانزا، کە ئەویش پارێزەری شێوەکەیەتی، دابڕانی یەکێکیان لەوەی تر نابێت تێکبچێت، دەوڵەت بەبێ بینا و تەلار شێوە ناکرێت، ئەویش بەبێ دەوڵەت نامێنێت، تێکچوونی یەکێکیان دەبێتەهۆی تێکچوونی ئەویتر، نەبوونی ئەویتر دەبێتەهۆی نەبوونی ئەویتر))[7].

---

(1) ابن خلدون: ن.م، ج١، ص٤٣٥؛ ابن المنظور: م.س، ج٧، ص٣٢٩؛ حسن باشا: م.س، ص٣٦٧؛ اليوزبكي: م.س، ص١٨٣.

(2) عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٧٩.

(3) محمد فريد وجدي: م.س، ج٥، ص٣٢٠.

(4) محمد احمد درنيقة: الموجز في الحضارة الأسلامية، ص ص٢٢١-٢٢٢.

(5) زكي محمد حسن: في الفنون الأسلامية، قاهرة، ٢٠٠٥م، ص ص١٣-١٤.

(6) ول وايريل ديورانت: قصة الحضارة، ج٢، مجلد٤، ص ص٢٤٦-٢٥٢؛ عبدالله عطية عبدالحافظ: الأثار والفنون الأسلامية، د.مط، د.م.ط، ٢٠٠٥م، ص ص٦٥-٦٦.

(7) مقدمة، ج١، ص٢٨٤.

دەوڵەتی مەروانی وەك دەوڵەتێكی سەدەی (٤-٥ك/ ١٠-١١ز) گرنگی زۆری بە شورە داوە هاوكاتی گرنگیدان بە كاری بیناسازی بە شێوەیەكی گشتی، كە زیاتر بە مەبەستی بەهێزكردنی لایەنی بەرگری شارستانی و بەرگری وڵات بووە بەگشتی، بە هۆی ناوچەی جوگرافی دەوڵەتەكە، كە ناوچەیەكی سنووری بووە و پێگەكەی، كە پێگەیەكی ستراتیژی گرنگ بووە، مەترسی زیاتری هێرشی دەرەكی و نەیاری لەسەر بووە[1]. بۆیە لە سیستەمی كارگێڕی دەوڵەتی مەروانیدا، بەڕێوەبەرایەتییەكی تایبەت بە شورە دانراوە لە شاری میافارقینی پایتەختی دەوڵەتی مەروانی[2].

هەرچەندە زانیاری تەواو نییە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی شورە بەگشتی لە دەوڵەتی مەروانی بەتایبەتی لە سەرەتای دەوڵەتەكەدا و بە شێوەیەكی فەرمی باسی لێوەنەكراوە، بەڵام هاوكاتی ئەمە گرنگی بە شورە دراوە و نۆژەنكردنەوە و چاكسازی تیایدا ئەنجامدراوە لە سەرەتای دەوڵەتی مەروانی و لە سەردەمی میر (أبو علي) و میر (ممهد الدولة)، وەك الفارقي دەڵێت: ((وا ڕێكەوت شورەی میافارقین، كە لە هەموو دەوڵەتەكاندا خۆیگرتبوو و نزیكترین شوێنی لێڕمێنرابوو، تا ویلایەتی كوڕانی مەروان هەروا مایەوە و دواتر زۆر شوێنی لێڕووخێنرا،..، میر (أبو منصور محمد) شوێنێكی زۆری بیناكردەوە و ناوی خۆی بە دیوی دەرەوە و ناوەوەی نا، میر (أبو علي) چەند شوێنێكی لێبیناكردەوە و ناوی خۆی لەسەر نوسیووە))[3].

لە سەردەمەكانی دواتری دەوڵەتی مەروانی بە هەمان شێواز چاكسازی و نۆژەنكردنەوە لە شورەكاندا ئەنجامدراوە، كە دەتوانین بڵێین كاری تەواوكاری ئەنجامدراوە لە لایەن میرەكانی تری دەوڵەتەكە، بە هەمان شێوە ناویان نووسراوە لەو بەشانەی، كە لە سەردەمیاندا نۆژەنكراونەتەوە و زیادكراون، كە الفارقي لە درێژەی باسەكەدا ووتویەتی: ((نصر الدولة و نظام الدين شوێنێكی زۆر لە تاوەرەكان و جێگای دیاریان لێبیناكردەوە، بە چاكترین شێواز نۆژەنكراوە، لە دیوی ژووری شورەكە ناوی خۆی پێوە ناوە و ژماردومن، نۆ شوێنە..))[4].

سەرەڕای ئەمانەش بە یەك شێواز تا ڕادەیەك نزیك ناوەكان لەسەر ئەو بەشانەی شورەكە، كە نۆژەنكراونەتەوە لە لایەن میری سەردەمەكەوە نووسراوە، وەك نوسینی ناوی میر (ممهد الدولة) كە بەم شێوەیە بووە: ((لاإله إلا الله محمد روسل الله صلى الله عليه وسلم مما أمر يجعله الأمير محمد الدولة أبو منصور مولي أمير المؤمنين اطال الله بقاء سنة ٣٩١هـ وانفق ماله ابغاء وجه الله وعزوجل))[5]. هەروەها نووسینی ناوی میر (نصر الدولة) بەم شێوەیە بووە: ((بسمله لاإله إلا الله الملك الحق المبين وصلى الله على محمد واله وسلم تسليما مما أمر يجعله الأمير السيد الأجل نصر الدولة أبو نصر أمير المؤمنين أدام

---

[1] محمود ياسين التكريتي: م.س، ص ص١٧٩-١٨٤؛ شيلان ثامر عبدالله النهيلي: م.س، ص١١٥؛ كارزان محمد حسين رشيد البامرني: م.س، ص ص٩٨-١٠٠.

[2] عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٨٠.

[3] الفارقي: تاريخ ميافارقين، ص٤٩٨.

[4] الفارقي: ن.م، ص٤٩٨.

[5] محمود ياسين التكريتي: ن.م، ص١٨٤.

الله بقاءة واعز نصر، في سنة خمس وأربعمائة حسبي الله))[1]. لێرەشدا دەردەکەوێت، کە کارەکانی بیناسازی شورە ڕاستەوخۆ لە لایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتیکراوە و کارگێڕی باڵای دەوڵەت، کە میر بووە هەستاوە بەو کارە و سپاردوویەتی بە بەڕێوەبەری شورە، کە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی شورە کارەکانی بیناسازی شورەی بەڕێوەبردووە و ئەنجامیداوە.

بۆ بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی شورەش کەسانی شارەزا، دەستپاك، ڕاستگۆ و جێی متمانە دانراون، وەك لە ساڵی (٤٦٨ك/ ١٠٧٦ز) بۆ بەڕێوەبەرایەتی شورە دادوەر (أبو حسن بن بغل) دانراوە[2]. هەروەها دادوەر (ابا حسن احمد بن قاضي ابي علي بن الحسن بن علي بن البغل) یەکێك بوو لە پاڵێوراوان بۆ دادوەریکردنی شاری میافارقین. هەروەها هاوکاتی بەڕێوەبردنی شورە، بەڕێوەبردنی ئەوقافیشی پێدراوە. بێگومان ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کە بەڕێوەبەری شورە دەبێت مەرجی متمانەبوون و ڕاستگۆیی و شارەزایی تیایاندا هەبێت، کە بەشێکن لە مەرجەکانی هەر یەك لە بوون بە دادوەری و بەڕێوەبردنی ئەوقافدا[3].

هەروەها دەکرێت بڵێین دواتریش لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە بەڕێوەبەری شورە دانراوە، دادوەر (أبو نصر محمد بن عبدالواحد) کراوە بە بەڕێوەبەری شورە، وەك لە شوێنەوارەکانی سەر شورەی دیاربکر دەرکەوتووە، کە ناوی نووسراوە لە ساڵی (٤٧٦ك/ ١٠٨٤ز)دا ئەو بیناسازیە کراوە لە شورەکەدا لە سەردەمی میر (منصور بن نظام الدين) کراوە[4].

ناوی ئەم بەڕێوەبەرانەی شورە هاوکاتی نووسینی ناوی میر لەسەر ئەو بەشەی شورە کە کاری بیناسازییان تێدا ئەنجامداوە، نووسراوە و نەخشێنراوە لەسەری، وەك نوسینی ناوی دادوەر (ابي علي حسن بن علي بن احمد بن البغل) لە دوو شوێنی شورەی دیاربکر، کە سەرپەرشتی دروستکردنیانی کردووە لە ساڵی (٤٣٧ك/ ١٠٤٦ز)و (٤٤٤ك/ ١٠٥٢ز)، کە ئەم نوسینانە بە نەخشی کوفی نەخشێنراون[5]. هەروەها ناوی دادوەر (ابي الحسن احمد) لە سەردەمی میر (نظام الدين) لەسەر دوو تاوەری بچوکی سەر دەرگای چوونە ژوورەوەی ڕۆژهەڵات لە میافارقین کە ناوی دەرگای (قلوفع) بووە نووسراوە[6]. هەروەها ناوی بەڕێوەبەری شورە دادوەر (ابي الحسن عبدالواحد بن محمد بن علي) لە شوێنێکی شورەی دیاربکر نووسراوە[7]. نووسینی ناوی ئەم بەڕێوەبەرانەی شورە هاوکاتی نووسینی ناوی میرەکان، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بەڕێوەبەرایەتی شورە، بەڕێوەبەرایەتیەکی شارستانیەتیە (سیڤیل)[8].

---

(1) ن.م، ص١٨٤.

(2) الفارقي: م.س ، ص٥١٥؛ عبدالرقيب يوسف: م.س، ج٢، ص١٨١.

(3) الفارقي: ن.م، ص٥١٥.

(4) عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص١٨٢.

(5) عبدالرقيب يوسف: ن.م ، ج٢، ص١٨١.

(6) الفارقي: م.س، ص٥١٥؛ عبدالرقيب يوسف: ن.م، ج٢، ص ص١٨١-١٨٢.

(7) عبدالرقيب يوسف: ن.م ، ج٢، ص١٨٢.

(8) عبدالرقيب يوسف: ن.م ، ج٢، ص١٨١.

گرنگترین کاری بەڕێوەبەرایەتی شورەش وەك دەردەکەوێت نۆژەنکردنەوە و چاککردنی شورە کۆنەکانی دەوری شارەکان بووە، کە لێپڕووخاوە و داڕماوە وەك کاری بیناسازی نۆژەنکردنەوە لە سەردەمی میر (نصر الدولة) لە هەموو بەشەکانی شورەی میافارقین لە نووسراوێکدا دەبینرێت لەسەر شورەی میافارقین بە ناوی میر (نصر الدولة) لە سالّی (٤١٦ك/ ١٠٢٥ن)دا[1]. کارێکی تری بەڕێوەبەرایەتی شورە، دروست کردتی تاوەر (برج) بووە لەسەر شورەکان و فراوانکردنی شورەکان و کاری تەواوکاری شورەکان بووە. وەك (ناصر خسروي) باس تەواوبوونی شورەی میافارقین دەکات لە سەردەمی میر (نصر الدولة) لە سالّی (٤٣٨ك/ ١٠٤٦ن)دا، باس لە گەورەیی و فراوانی شورەی میافارقین دەکات، کە بەردی سپی زۆری تیایدا بەکارهاتووە، کە نزیکەی پێنج سەد بەرد بووە و بە دوای پەنجا بەرد بورجێکی گەورە دروستکراوە لە هەمان بەرد[2]. هەروەها کارێکی تریان دروستکردنەوەی دووبارە بەشێك لە شورەکان بووە، وەك بەڕێوەبەری شورە دادوەر (ابي حسن عبدالواحد بن محمد بن علي) لە سالّی (٤٧٦ك/ ١٠٨٤ن) دووبارە بەشێك لە شورەی شاری دیاربکری دروستکردووەتەوە، کە لە لایەن میر (منصور بن نظام الدين) ڕاپێسپێردرابوو[3].

دەکرێت بڵێین کارێکی تری بەڕێوەبەرایەتی شورە، نووسینی ناوی میری وڵات، کە داوای چاکسازی بیناسازی شورەی کردووە و چاودێریکردووە، لەگەڵ ناوی بەڕێوەبەری شورە، کە بەڕێوەبەری بردووە و سەرپەرشتی کاروبارەکانی پێشتری کردووە. هاوشێوەی نووسینی ناو لە سەردەمی عەباسیدا، کە بە خەتی کوفی نووسراوە و ناوی سەرۆکی وڵات بە شێوەی ڕازاوە و ناوی کەسانی تری سەرپەرشتیار نووسراون[4].

لێرە پێویستە ئەوە بڵێین بەشێکی سەرچاوەی دارایی بەڕێوەبەرایەتی شورە، وەقف بووە و لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف پێیبەخشراوە و کارپێکردووە، وەك لە سەردەمی میر (نصر الدولة)دا ئاشکرایە کە زیاتر لە سی جێگا ناوی میر (نصر الدولة) لەسەر شورەی میافارقین هەیە، کە بە چاکترین شێواز نۆژەنکراونەتەوە، کە لادێ و گەرماو شتی دیکەی وەقفی لەسەر شورەکە کردووە، وەك الفارقي دەڵێت: ((نصر الدولة.. لە ناوەوەی شورەکەشەوە لەناو شاردا، ئەو شوێنانەی بینای کردەوە ناویان لەسەرە، کە ژماردومن لە سی شوێن زیاترە و لادێ و شتی دیکەی وقفی شورەکە کرد، هەردوو گەرماوی (عقبة)ی بیناکرد و کردیە وەقف لەسەر شورە، گەرماوی (الحديد)ی لە بیابانی شورجان لە لای کانییەکە بیناکرد و کردییە وەقف لەسەر شورەکە))[5].

---

(1) حسن باشا: الفنون الأسلامية، القاهرة، ١٩٨٠م، ج١، ص١٢٥.

(2) سفرنامە، ص٤.

(3) عبدالرقيب يوسف: م.س ، ج٢، ص١٨٢.

(4) زكي محمد حسن: م.س، ص٤٠.

(5) تاريخ ميافارقين، ص٤٩٨.

## ليستى سەرچاوە و ژێدەر

### یەکەم: سەرچاوە کۆنەکان:


● الأبشهي: أبي الفتح شهاب الدين محمد بن أحمد، (ت ٨٥٠هـ/ ١٤٤٦م).

١- المستطرق من كل فن مستظرف، د.ط، دار الجمهورية العربية، مصر، د.ت.

● ابن الأثير: عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن الشيباني الجزري، (ت ٦٣٠ك/ ١٢٣٢م).

٢- الكامل في التأريخ، راجعه وصححه: محمد يوسف الدقاق، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧م.

● الأنطاكي: يحي بن سعيد بن يحي (ت٤٥٨هـ/ ١٠٦٧م).

٣- تأريخ الأنطاكي المعروف بصلة تأريخ أوتيغا، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، دار جروس برس، طرابلس، لبنان، ١٩٩٠م.

● برشينايا: ايليا (ت٤٣٨هـ/ ١٠٤٦م).

٤- تأريخ ايليا برشينايا، ترجمة وتعليق: يوسف حبي، مطبعة الأديب، بغداد، ١٩٧٥م.

● البغدادي: صفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق (ت٧٣٩هـ/ ١٣٣٨م).

٥- مراصد الأطلاع على اسماء الأمكنة والبقاع، تحقيق: علي محمد البجاوي، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٥٤م.

● البلاذري: أحمد بن يحي بن جابر (ت ٢٧٩هـ/ ٨٩٢م).

٦- فتوح بلدان، وضع حواشية، وعلق عليه: عبدالقادر محمد علي، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٠م.

● التهانوي: محمد بن علي ابن القاضي محمد الفاروقي (ت١١٥٨هـ/ ١٧٤٥م).

٧- كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، تحقيق: علي دحروج، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٩٦م.

● الجهشاري: أبو عبدالله محمد بن عبدوس بن عبدالله (ت٣٣١هـ/ ٩٤٢م).

٨- كتاب الوزراء والكتاب، دار الفكر الحديث، بيروت، ١٩٨٨م.

● إبن الجوزي: أبو الفتح عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م).

٩- المنتظم في تأريخ الملوك والأمم، تحقيق: محمد عبدالقار عطا ومصطفى عبدالقادر عطا، راجعه وصححه: نعيم زرزور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م.

● حاجي خليفة: مصطفى بن عبدالله القسطنطيني (ت١٠٦٧هـ/ ١٦٥٦م).

١٠- كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، دار احياء التراث العربي، بيروت، د.ت.

● الحنبلي: الأمام شهاب الين أبي الفلاح عبدالحي بن أحمد بن محمد ابن العماد، (ت١٠٨٩هـ/ ١٦٧٨م).

١١- شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقيق: عبدالقادر الأرناؤوط ومحمود الأرناؤوط، دار ابن كثير، دمشق، ١٩٨٩م.

• ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد (ت٨٠٨هـ/ ١٤٠٦م).
١٢- تأريخ ابن خلدون المسمى (ديوان المبتدأ والخبر في تأريخ العرب والبربر ومن عاصرهم ذوي الشأن الأكبر)، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠٠م.
١٣- مقدمة ابن خلدون، تحقيق: عبدالله محمد الدرويش، دار يعرب، دمشق، ٢٠٠٤م.
• ابن خلكان: أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد (ت٦٨١هـ/ ١٢٨٢م).
١٤- وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٧٧م.
• الذهبي: شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (ت٧٤٨هـ/ ١٣٤٧م).
١٥- تأريخ الأسلام ووفيات المشاهر والأعلام، حوادث (٤٢١-٤٤٠هـ)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدميري، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٩٣م.
١٦- سير أعلام النبلاء: تحقيق: شعيب الأرنؤوط ومحمد نعيم العرقسوي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٦٦م.
• سبط ابن الجوزي: شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قز أوغلي التركي (ت٦٥٤هـ/ ١٢٥٦م).
١٧- مرآة الزمان في تأريخ الأعيان السنوات (٣٩٥-٤١١هـ/ ١٠٠٤-١٠٢١م)، تحقيق وتقديم ودراسة بالفرنسية: جوليات الراسي، مط/ المعهد الفرنسي للشرق الأدنى قسم الدراسات العربية، دمشق، ٢٠٠٥م.
١٨- مرآة الزمان في تأريخ الأعيان للحوادث خاصة بتأريخ السلجوقي بين السنوات (٤٤٨-٤٧٧هـ/ ١٠٥٦-١٠٨٦م)، انقرة، ١٩٦٨م.
• السيوطي: جلال الدين عبدالرحمن السيوطي (ت٩١١هـ/ ١٥٠٥م).
١٩- تأريخ الخلافاء، دار ابن حزم، بيروت، ٢٠٠٣م.
• ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت٦٨٤هـ/ ١٢٨٥م).
٢٠- الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، تحقيق: يحي عبارة، منشورات وزارة الثقافية والأرشاد القومي، دمشق، ١٩٧٨م.
• الشيرازي: هبة الله المؤيد في الدين (ت٤٧٠هـ/ ١٠٧٧م).
٢١- سيرة المؤيد في الدين داعي الدعاة، تحقيق: محمد كامل حسين، دار الكاتب المصري، القاهرة، ١٩٤٩م.
• الصابئ: ابي الحسين هلال بن المحسن بن ابراهيم (ت٤٤٨هـ/ ١٠٥٦م).
٢٢- رسوم دار الخلافة، ط٢، تحقيق: ميخائيل عواد، دار الرائد العربي، بيروت، ١٩٨٦م.
٢٣- الوزراء أو التحفة الأمراء في تأريخ الوزراء، تحقيق: عبدالستار أحمد فراج، الناشر مكتبة الأعيان، د.ت.

• الصفدي: صلاح الدين خليل بن ابيك (ت٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م).
٢٤- الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار أحياء التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٠م.
• الطرطوشي: أبوبكر محمد بن وليد بن خلف الأندلوسي (ت٥٢٠هـ/ ١١٢٦م).
٢٥- سراج الملوك، تحقيق: نعمان صالح الصالح، دار العاذرية، الرياض، د.ت.
• ابن عبد ربه: أحمد بن محمد (ت٣٢٨هـ/ ٩٤٠م).
٢٦- العقد الفريد، تحقيق: مفيد محمد قميمة، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٣م.
• الفارقي: أحمد بن يوسف بن علي بن الأزرق (ت بعد ٥٧٢هـ/ ١١٧٦م)
٢٧- تأريخ ميافارقين، تحقيق: كريم فاروق الخولي ويوسف بالركن، مطبعة نوبهار، استانبول، ٢٠١٤م.
• أبو الفداء: المؤيدالدين اسماعيل بن علي بن محمد بن عمر بن شاهشاه بن أيوب (ت٧٣٢هـ/ ١٣٣١م).
٢٨- المختصر في أخبار البشر، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧م.
• الفيروز آبادي: مجدالدين محمد بن يعقوب (ت٨١٧هـ/ ١٤١٤م).
٢٩- القاموس المحيط، ط٨، بأشراف: محمد نعيم العرقوسي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠٥م.
• القزويني: زكريا بن محمد بن محمود (ت٦٢٢هـ/١٢٢٥م).
٣٠- اثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، بيروت، د.ت.
• القلقشندي: أبو العباس أحمد بن علي (ت٨٢١هـ/ ١٤١٨م).
٣١- صبح الأعشى في صناعة الأنشاء، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩١٤م.
٣٢- مأثر الأناقة في معالم الخلافة، تحقيق: عبدالستار أحمد خراج، بيروت، د.ت.
• الماوردي: أبي الحسن علي بن محمد بن حبيب (ت٤٥٠هـ/ ١٠٥٨م).
٣٣- الأحكام السلطانية والولايات الدينية، تحقيق: أحمد مبارك البغدادي، دار بن قتيبة، الكويت، ١٩٨٩م.
٣٤- قوانين الوزراة وسياسة الملك، تحقيق: رضوان السيد، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٩م.
• مسلم: أبو حسين مسلم بن الحجاج النيسابوري (ت ٢٦١هـ/ ٨٧٥م).
٣٥- كتاب الوصية، باب يلحق الأنسان من الثوابت بعد وفاته.
• المقريزي: تقي الدين أبي العباس أحمد بن علي بن عبدالقادر (ت٨٤٥هـ/ ١٤٤١م).
٣٦- المواعظ والأعتبار بذكر الخطط والأثار المعروف (بالخطط المقريزية)، تحقيق: محمد زينهم ومديحة الشرقاوي، مكتبة مدبلولي، الجزء الثاني، ١٩٩٧م، الجزء الثالث، ١٩٩٨م.

● ابن منظور: أبو الفضل جمال الدين محمد بن كرم (ت٧١١هـ/ ١٣١١م).

٣٧- لسان العرب: دار صادر، بيروت، د.ت.

● المناوي: محمد بن عبدارؤوف بن تاج العارفين بن علي (م ١٠٣١هـ/ ١٦٢١م).

٣٨- النقود والمكاييل والموازين، تحقيق: رجاء محمود السامرائي، دار الحرية للطباعة، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١م.

● ابن نباته: جمال الدين أبي بكر محمد بن محمد بن محمد بن الحسن (ت٧٦٨هـ/ ١٣٦٦م).

٣٩- كتاب المختار من كتاب تدبير الدول، تحقيق: ابراهيم عبد صابل الفهداوي، ديوان الوقف السني، مركز البحوث والدراسات الأسلامية، بغداد، ٢٠١٠م.

● ابن الوردي: زين الدين عمر بن مظفر بن عمر (ت٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م).

٤٠-تأريخ ابن الوردي، دار الكتب العلمية، د.ت.

● ياقوت الحموي: شهاب الدين بن عبدالله الرومي البغدادي، (ت٦٢٦هـ/ ١٢٢٨م).

٤١- كتاب المشترك وضعا المفترق صنقعا، ط/ الثانية، عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٦م.

٤٢- معجم الأدباء، تحقيق: احسان عباس، دار الغرب الأسلامي، بيروت، ١٩٩٣م.

٤٣- معجم البلدان، دار صادر، بيروت، ١٩٩٧م.

## دووەم: سەرچاوە کۆنەکان بە زمانی فارسی:

● ناصر خسرو قادیانی: ت (٤٨١ھ/ ١٠٨٨ع)

٤٤- سفرنامه ناصر خسرو، تاريخ نشر: ارديبهشت ١٣٨٣ش، كتابخانه، تاريخ ما. http://pdf.tarikhema.ir

## سێیەم: سەرچاوە نوێیەکان:

● اسماعيل، فرست مرعی:

٤٥- الأمارات الكردية في العصر العباسي الثاني (٣٥٠-٥١١هـ/ ٩٦٠-١١١٧م)، مط/ وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٥م.

● اسماعيل، محمد بكر:

٤٦- الفقه الواضح من الكتاب والسنة على مذاهب الأريعة، ط٢، دار المنار، القاهرة، ٢٠١٠م.

● الأشعري، أحمد بن داودا المزجاجي:

٤٧- مقدمة في الأدارة الأسلامية، جدة، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٠م.

● الأصبيعي، محمد إبراهيم:

٤٨- الشرطة في النظم الأسلامية، المكتب العربي الحديث، الأسكندرية، د.ت.

● الباشا، حسن:
٤٩- الألقاب الأسلامية في التأريخ والوثائق والآثار، الدار الفنية النشر والتوزيع، قاهرة، ١٩٨٩م.
٥٠- الفنون الأسلامية، القاهرة، ١٩٨٠م.
● بولاديان، أرشاك:
٥١- الأكراد في الحقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠-١١م، ترجمة، ألسكندر كشيشيان، الدار الوطنية الجديدة، دمشق، ٢٠٠٩م.
● الجويبري، عبدالرحمان:
٥٢- النظم الأسلامية وحاجة البشرية إليها، دار المأثر النشر والتوزيع، المدينة المنورة، السعودية، ٢٠٠٤م.
● حسن، حسن إبراهيم:
٥٣- تأريخ الأسلام،ط/ الرابع عشر، دار الجبل، القاهرة، ١٩٩٦م.
● حسن، حسين الحاج:
٥٤- النظم الأسلامية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٧م.
● حسن ومحمد، علي حسن والتوم الطاليب:
٥٥- تأريخ الحضارة العربية الأسلامية، مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٨٦م.
● حسن، ن. عمران:
٥٦- الدينار الذهبي والدرهم الفضي الأسلام ومستقبل النقود، ترجمة: تمام عدي، www.imranhasein.org .
● الخطيب، أحمد:
٥٧- الوقف والوصاية، بغداد، ١٩٦٨م.
● أبو خليل، شوقي:
٥٨- الحضارة العربية الأسلامية وموجز عن الحضارات السابقة، دار الفكر، دمشق، ١٩٩٦م.
● ديورانت، ول وايريل:
٥٩- قصة الحضارة (نشأة والحضارة)، دار الجبل، بيروت، ١٩٨٨م.
● الزبيدي: محب الدين ابي القبض السيد محمد مرتضى الحسين (ت ١٠٢٥هـ/١٧٩٠م).
٦٠- تاج العروس، مط/ الخيرية المنشأة بجمالية مصر، القاهرة، ١٨٩٧م.
● الزركلي، خيرالدين:
٦١- الأعلام، ط١٥، دار العلم الملايين، بيروت، ٢٠٠٢م.
● أبو زهرة، محمد:
٦٢- تأريخ المذهب الأسلامية، دار الفكر العربي، د.ت.

• زيدان، جرجي:

٦٣- تأريخ التمدن الأسلامي، طبعة جديدة راجعها وعلق عليها: حسين مؤنس، دار الهلال، ١٩٧٣م.

• زيدان، عبدالكريم:

٦٤- نظام القضاء في الشريعة الأسلامية، ط/ الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٩م.

• السامرائي، ابراهيم:

٦٥- السيد محمد شكري الألوسي وبلوغ الأرب، المؤسسة الجامعة الدراسات والنشر، مصر، ١٩٩٢م.

• شير، أدّى:

٦٦- الألفاظ الفارسية المصرية، الكاثوليكية للأباع اليسوعين، بيروت، ١٩٠٨م.

• الضحيان، عبدالرحمن بن ابراهيم:

٦٧- الأدارة والحكم في الأسلام، ط/ الثالثة، د.مط، السعودية، ١٩٩١م.

٦٨- الأوقاف الأسلامية ودورها الحضاري، دار المأثر، المدينة النبوية، ٢٠٠١م.

• عبدالحافظ، عبدالله عطية:

٦٩- الأثار والفنون الأسلامية، د.مط، د.م، ٢٠٠٥م.

• العربي والهاشمي، عواطف محمد ورحيم كاظم محمد:

٧٠- الحضارة العربية الأسلامية، دراسة في تأريخ والنظم، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٢م.

• عزت، فائزة محمد:

٧١- الحياة الأجتماعية الكورد بين القرنين (٤-٩هـ/ ١٠-١٥م)، مط/ الحاج هاشم، أربيل، ٢٠٠٩م.

• فابد، مصطفى:

٧٢- تأسيس عمر بن الخطاب للديوان، ترجمة: مسعود بن سويلم الشامان، د.مط، الرياض، ١٩٩٧م.

• لسترنج، كي:

٧٣- بلدان الخلافة الشرقية، ط/ الثانية، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٥م.

• المباركفوري: صفى الرحمان.

٧٤- سيرة رسول الله، ط٢، دار الخير، بيروت، ١٩٩٠م.

• المرجاني، راغب:

٧٥- روائع الأوقاف في الحضارة الأسلامية، نهضة مصر، ٢٠١٠م.

• منصور، أحمد حجي:

٧٦- الحسبة دراسة أصولية تأريخية، المركز العربي المصري، قاهرة، ١٩٩٥م.

• أبو النصر، محمد عبدالعظيم:
٧٧- السلاجقة- تأريخ السياسي والعسكرين، عين الدراسات والبحوث الأنسانية والأجتماعية، د.م، ٢٠٠١م.
٧٨- الأوقاف في بغداد العصر العباسي الثاني، عين الدراسات، د.م، د.ت.
• هنتس، مالتر:
٧٩- المكاييل والأوزان الأسلامية، عمان، ١٩٧٠م.
• وجدي، محمد فريد:
٨٠- دائرة معارف القرن العشرين، ط/ الثالثة، دار المعرفة، لبنان، ١٩٧١م.
• اليوزبكي، توفيق وهبي:
٨١- دراسات في النظم العربية الأسلامية، ط/ الثانية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٧٩م.
• يوسف، عبدالرقيب:
٨٢- الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى (دراسة تأريخية وأقتصادية، أجتماعية وحضارية)، مط/ اللواء، بغداد، ١٩٧٢م.
٨٣- الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى – القسم الحضاري، ط/ الثالثة، مؤسسة (دلير) للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠١٤م.


## چوارەم: سەرچاوە نوێیەکان بە زمانی کوردی:


• بەدلیسی، شەرەف خانی:
٨٤- شەرەفنامە، چ٦، پەخشانگای پایز، سنە، ٢٠١٣ز.
• توفیق، زرار صدیق:
٨٥- کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، (١٦-٦٥٦ك/ ٦٣٧-١٢٥٨ز)، چ/سێیەم، چخ/ ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢ز.
• خەزنەدار، علی:
٨٦- کورد و فەرمانڕەوایەتی، چخ/ کارۆخ، سلێمانی، ٢٠١٥ز.
• روحانی، بابەشێخ مەردۆخ:
٨٧- مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، چخ/ ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١ز.

● زەینەڵ، ئاراس فەریق:
٨٨- پەیوەندییە دیبلۆماسی و بازرگانیەکانی کورد لە سەردەمی بووەیهیەکاندا (٣٣٤-٤٤٨ك/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)، چخ/ کمال، سلێمانی، ٢٠١٢ز.
● عەبدوڵڵا، کامران عەزیز:
٨٩- هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردیەکان لە سەردەمی عەباسیدا، چخ/ حاجی هشام، هەولێر، ٢٠١٢ز.
● موکریانی، حوسێن حوزنی:
٩٠- سەرجەم بەرهەمەکانی حوسێن حزنی، چ/ دووەم، چخ/ ئاراس، هەولێر، ٢٠١١ز.
● النقشبندی، حسام الدین:
٩١- شارەزوور و لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چخ/ حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

## پێنجەم: تێزە زانکۆییە بڵاونەکراوەکان:

### أ- بە زمانی عەرەبی:

● أحمد، عبدالجبار حامد:
٩٢- الحياة الفكرية في موصل في قرنين (٤-٥هـ)، رسالة دكتورا، كلية الأداب، جامعة الموصل، ١٩٩٢م.
● البامرني، كارزان محمد حسين رشيد:
٩٣- الأمير نصر الدولة المرواني (٤٠١-٤٥٣هـ/ ١٠١٠-١٠٦١م)، رسالة ماجستير، فاكلتي العلوم الأنسانية، جامعة دهوك، ٢٠١٣م.
● التكريتي، محمود ياسين:
٩٤- الأمارة المروانية (في دياربكر والجزيرة)، رسالة. جامعة بغداد، كلية الآداب، ١٩٧٠م.
● حمد، الصحاح حمد محمد:
٩٥- الحسبة في الدولة الفاطمية (٢٩٧-٥٦٧هـ/ ٩٠٩-١١٧١م)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، قسم تأريخ، جامعة النيل، مصر، ٢٠٠٠م.
● عبادات، محمد أحمد:
٩٦- الرقابة في سوق العمل في الفكر الأقتصادي الأسلامي، رسالة دكتورا، كلية الأقتصاد، جامعة أم درمان الأسلامية، خرطوم، ١٩٩٦م.
● محمد، اكو برهان:
٩٧- الحياة العلمية في دياربكر وجزيرة ابن عمر من القرن (٥-٧هـ/ ١١-١٣م)، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٠م.

• النهيلي، شيلان ثامر عبدالله:
٩٨- النظم الأدارية والعسكرية في الأمارات الكردية (٣٤٠-٤٧٨هـ/ ٩٥١-١٠٨٥م)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، ، جامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٠م.

## ب- به زمانی فارسی:

• سركار سرهنگ غلامحسين وفا:
٩٩- سازمان ادارى حكومت اسلام، نشريه داشنكده ادبيات تبريز، شماره ١، ٢، ٣، ٤، چخ/ اختر شمال، ١٣٢٩ش.

## ج- به زمانی کوردی:

• هەورامی، خالید عەلی ڕەسول:
١٠٠- سبط ابن الجوزي و كورد لە كتێبەكەی (مرآة الزمان في تأريخ الأعيان)، نامەی ماستەر، كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی مێژوو، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠ز.

# شەشەم: گۆڤارو بڵاوكراوەكان:

## أ- به زمانی عەرەبی:

• الجبوري، أحمد اسماعيل عبدالله:
١٠١- نبذة عن تراجم قضاة الموصل وأطرافها في العصر العباسي (١٣٢-٦٥٦هـ/ ٧٤٩-١٢٥٨م)، دراسات الموصلية، العدد الثاني عشر، نيسان، ٢٠٠٦م.

## ب- به زمانی کوردی:

• لازاریف، ن:
١٠٢- چەند كێشەیەكی دیموگرافی و مێژووی و سیاسی و پەیوەندی كۆمەڵایەتی ئابوری، گۆڤاری كۆڕی زانیای عێراق، دەستەی كورد، بەغدا، ١٩٨٧ز.

# حەوتەم: پێگەی ئەلیكترۆنی:

• مرعي، فرست:
١٠٣- القبائل الكردية في العصر العباسي... انتشارها وتوزيعها جغرافياً، ٢٠١٦/١١/٧م، الساعة ١١:٤٠ مساء http:// www.bahzani.net/services/porum/showthread.php.

• عيسى، كفاح:
١٠٤- مالدينار ومالدرهم، مقولة ٢٠١٧/١/٢٣م، الساعة ١١:٠٠ صباح maqo/a.org.

## ئەنجام

١- دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دەوڵەتانی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەتی سەدەی( ٤-٥ك|١٠-١١ز ) بە باشترو ئاسانتر بەڕێوەبراوە بەهۆی سیستەمی کارگێری جێبەجێکار کە تەواوکاری ئاستی کارگێری باڵاو ناوەندی دەوڵەتەکەیە .

٢-شارەکانی دەوڵەتی مەروانی لەلایەن فەرمانرەوای شار بەڕێوەبراون ,ئەم فەرمانرەوایانە بەشێوەیەکی گشتی کوروبراوئامۆزای میری وڵات بوونە , واتەمیر لەسەر بنەمای هاوخوێنی دایناون ,ئەمەش کاریگەری باشی لەسەر بەڕێوەبردنی وولات هەبووە لە روانگەی باشتر بەڕێوەبردنی شوێنەکان و ئاوەدانی شارەکان و پاراستنی ئارامی وئاسایشیان و ڕێگرتن لەناکۆکی نێوبنەماڵەی و خیانەت نەکردن و پارێزگاری تەواوی دەوڵەت دژی داگیرکەران . ٣-لە دەوڵەتی مەروانیدا گرنگی بەدادو دادپەروەری دراوە بەشێوەیەکی گشتی دادوەر بۆ شارەکان دانراوە بە سیستەمی جۆراوجۆر دانراون .

٤-بازار جێگەی بایەخی دەوڵەتی مەروانی بووە بەسیستەمی جێبەجێکاری بەڕێوەبراو,کەبە سەرپەرشتیاری بازار ووتراوە شێخی بازار, لەلاینی هاوڵاتیەکانیشی بە چاوی ڕێزو پیرۆزییەوە تەماشا کراوە.

٥-دەوڵەتی مەروانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە , کە دراوی تایبەتی بەخۆی لێداوە ناوی میرەکانی لەسەربووە شوێن و کارگێری تایبەت بەخۆی هەبووە.

٦-لایەنی بەرگریکاری مەدەنی بەرچاوە لە دەوڵەتەکەدا بەشێکە لە سیستەمی کارگێری جێبەجێکاری وەك شورەو بەڕێوەبەرایەتی شورەو پۆلیس .

٧- کاری وەقف بە فەرمی کراوە لە دەوڵەتیی مەروانی و دەزگای تایبەتی بۆدانراوەو رەنگدانەوەی هەبووە لە بواری بیناسازی و تەندروستی و رۆشنبیری و بەرگری کاری وئاوەدانی وولات .